١٣٦٣


بنکەی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی

سروە

ئەدەبی ـ فەرهەنگی

٧

گۆڤاری ئەدەبی ـ فەرهەنگی سروە ـ ساڵی دووەم ، ژمارە٧ ، پاییزی ١٣٦٥ ،نرخ ١٥ تمەن .





مناجات

مەلاکەریمی فیدایی

ئەوەی شایانی باسە هەر خودایە
هەرئەو دەرمانی دەردانە ودەوایە

خودا چون کارسازی کاری خەڵکە
لەسەر هەرچی شتە ئەمری رەوایە

کری ئەو پاکی شاکار و جوانن
کەم و کەسری لەکاری ئێمە دایە

نموونەی قودرەتی ئەو، تۆدەبینی
کە تێفکری لە ئەو ئەرز وسەمایە

بەهێزی دەستیئەودێتوو دەسوڕێ
کورەی رۆژێ بەباشی لەوحەوایە

بەفەرمانی خودا لەودەشتە پانە
وەکۆ بوو ئەو هەموو کێو وچیایە

دەڕەنگێنێ زەوی کاتی بەهاران
بەهەور وبەفروباران و بە بایە

کەدەستووری بە گۆڕانی زەویدا
سەری دێنێتەدەر هەرچی گیایە

هەموو سەرگەرمی زیکریئەوخودایەن
گوڵووک و سەوزە و دار و گەڵایە

بەرۆژ وشەو دەهێنێ نێوی باری
دڵی بەو زاتە گەورە ئاشنایە

لەدەرگاکەی دەبەن کڕنۆش ودەگرین
ئەوەی مەزن وسەرۆک وپێشەوایە

کەریمێکە بژیوی هەر دەداتێ
بە ئینسانێ کە سپڵەوبێ وەفایە

لەبەزمی عیشقی ئەودا بادەنۆشن
تەواوی ئەنبیا و ئەولیایە

هەرئەونەخشەی غەموشادی دەکێشێ
هەرئەو رەنگ رێژی بەزم وماجەرایە

خوداوەندا ئەتۆبووی وئەتۆ هەی
کەسێکی تۆ نەناسێ رووسیایە

ئەتۆ پشت وپەناهی بێ کەسانی
لەتۆ ئەوهەی کە دوورە بێ پەنایە

پەنا دێنم لەبۆ دەرگاهی بەرزت
دەناڵێنم لە قاپی ئەوسەرایە

دەڵێم یاڕەب ئەتۆ گەورەوبەرەحمی
بکە رەحمی بەحاڵی ئەو گەدایە

فیدایی چون هومێدی هەربە تۆیە
نیەترسی کەچوو عومری بەزایە

ئەگەر بێتو لەوی روو وەربگێڕی
لەدنیا وقیامەت بەر بەڵایە

نێوەرۆک

...وێنەی رووبەرگ
...دیاری وێنەگری تیشک

...وێنەی پشت بەرگ
...دەستکردی کوردی خۆراسان
...دیاری :کەلیمولڵا تەوەحودی







گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی

سروە

ناونیشان: ارومیه- چهارراه دانش- جنب ژاندارمری - مرکز نشر فرهنگ وادبیات کردی : انتشارات صلاح الدین ایوبی .
تلفن ٢٥٨٠٠

چاپ: از شرکت ایرانچاپ
تلفن: ٣٢٨١

سەروتار

. ویڕای سڵاو لە خوێنەرانی بەڕێزی سروە ، یەکەمین کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە هەموو خوشک و برایانی بەڕێز ،پیرۆزبایی دەکەین بەتایبەتی لە خاوەنرایان و هۆگران و لێزانانی فەرهەنگ وئەدەبی کورد. شوکرانەی خودا بۆ ئەم سەرکەوتنە بەجێ بێنین.

بێگومان ئەم کۆنگرە خاوەن شکۆیە مەیدانێکی بەرفرەوانی بۆ باس و لێکۆڵینەوە لە هەموو بارێکەوە کردۆتەوە. ئێمەبە باشمان زانی دەروێکی روون بەناوی" روانینێک لە کۆنگرە" بکەینەوە و لە خاوەنرا دڵسۆزەکانیش بگێڕینەوە و داوایان لێ بکەین ئەم دەروە ئاواڵە رابگرن .

پێکهاتنی ئەم کۆنگرە لە مێژووی فەرهەنگ وئەدەبی ئێمەدا رووداوێکی گرینگە و هێزی بازوبردی لایەنگرانی ئەدەبی رەسەنی کوردی کرژتر کرد .

بێ شک ئەم هەڵسوورانە

گەورە، لە مێژووی تێکۆشانی فەرهەنگیدا وەک گۆی زێڕ دەدرەوشێتەوە و بۆ دەست پێکردنی جووڵانەوەیەکی زانستی و ئەدەبی نوێ بناخەیەکی پتەوە کە دەتوانین ژیانێکی گەشە ـ داری پێ داڕێژین.

پێک هاتنی یەکەمین کۆنگرەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی لە مەهاباد مایەی شانازی هەموانە،بەتایبەتی کۆڕە فەرهەنگی و ئەدەبیەـ کان بە سەرەتای جووڵانەوەیەکی هەراوی فەرهەنگی و ئەدەبی دەزانن. هەروەک لە بڕیارەکانی کۆنگرە دا هاتووە جێگای لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی بەربڵاو بۆ هەموو دڵسۆزانی زانا و هێژا لە هەموو بارێکەوە پێک دێنێ.

بەم جۆرە ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی زانایان کە بە وردی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی کار بکەن و پوخت و پاراوی و ناسکی زمانی کوردی و بارە جوانەـ کانی لە حاڵ و رابردوودا بخەنە بەرچاو.هەروەها زمانی کوردی بکەنە ئامرازی پێشاندانی هەر چەشنە رووداو و دیاردە و بابەتێک کە باسی جوانی تەبیعەت، دەرد و پەژارە،خەم و شادی و هەوراز و نشێوی ژیانی پڕ تەنگ و چەڵەمەی ئێمە و بەرەی ئادەمیزاد دەکا.

مامۆستایان و دین ناسان دەبێ بە دەلیل و بەڵگەی زۆر پەیوەندی قووڵ و لەمێژینەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی لەگەڵ دەریای زانستی ئیسلامی ـ دیاری بکەن و جوانی عارفانە لە ئەدەبی کوردیدا نیشان بدەن و بناخەی ئایینی پیرۆزی




ئیسلام و شەریعەتی محەممەدی (دخ) لە ئەم فەرهەنگەدا باس بکەن و بۆ گەشەونەشەی زمان و ئەدەبی کوردی حەول بدەن.هەروەها پێویستە لە گەنجینەی ئاسەواری زانایان و مێرخاسانی رابردوو، لە کتێب و دیوانی پڕبایەخ کەلک وەربگرن و پاک و خاوێنی و رەسەنی بیروبڕوای ئیسلامی کە لەنێو دڵی خەڵکدا ریشەی داکوتاوە وەبەر چاو بخەن و ئازایەتی وجوامێری سەردارانی رەشید و موسڵمانی کورد بناسێنن.

ئەوانەی لە دنیایجوان و شاراوە و شەرمێونی"فۆلکۆر"دا دەخولێنەوە دەبێ رابردنی زمان بە وردی لەسیلە چاوی ئەوهەست وبیرەزوڵاڵەی لە سینگی ژن وپیاوی ئەم وڵاتەدا بەندی یە چاولێ بکەن وسارد وگەرمی زەمانە کەجاروبار وەک لافاوی ماڵ ویرانکەربووە وهێندێک جار وەک شنەی بلاوێن هاورازی ژیانیان بووە بە هەموو کەس بناسێنن،تابەم جۆرە دەرسی کۆڵنەدان وخۆشەـ ویستی وپیاوەتی و ورەی راوەستان ونەوەستان و وەدەرەوەستی رۆژ لە رۆژ زیاتر لە بەرەی ئادەمیزاددا گەشە پێ بدەن.

هەروەها بۆهەموو زانا و خاوەنڕایەک فەرزە لەم دەرفەتە کەلک وەربگرێ وبە دەکار هێنانی ئەم کەرەستە و ئامرازانەی بەدەستەوەن لە هیچ کۆششێک خۆنەبوێرێ و دڵنیابێ کەچارەنووسی داهاتووی ئەم جووڵانەوە فەرهەنگی یە بەدەستومستی

هەمووان جێ بەجێ دەبێ .
باسی "دەبێ و"نابێ"ی بارەکانی تری ئەم جوولّانەوە فەرهەنگی یە لەم وتارەدا ناگونجێ ،بەلام ئەوەی بەرهەمی بەجێی ئەم کورتە باسە ئەوەیە کەبەڕێبوونی کاروانی فەزیلەت وزانست و ئاگاداری وسەرکەوتن لە خەباتی دژی نەزانین و سەرلێ شێواوی هاوکاری هەمووانی دەوێ ..
پێک هاتنی کۆنگرەی فەرهەنگی وئەدەبی نەک هەر ئێمە بەلّکوو هەموو کۆڕە ئەدەبی وفەرهەنگی یەکانی غەیرەکوردیشی لەسەرانسەری ولآت شاگەشکە کرد .
بێ شک بووژانەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی شوێن دادەنێتە سەردەولّەمەند بوونی نێوەرۆکی فەرهەنگ وئەدەبی ئێران وهەنگاوی بەرەوپێش چوونی خۆشتر دەکا . هەروەها پێک هاتنی ئەم کۆنگرە لەوەها هەل ومەرجێکدا دیاردەیەکی روون وئاشکرایە بۆساغی وپتەوەی رووحی بەرزی ئامانج وهەستی بەشەر ویستی کۆماری ئیسلامی ئێران. هەروەها دژایەتی یە لەگەلّ جیاوازی دانان لەنێو بەرەی ئادەمیزاددا .
ئەم کاربەدەستە بەرێزانە



بەپێک هێنانی ئەم کۆنگرە بەرزە نیشانیان دا کە چاوڕاوی ژاراوی رەگەزپەر- ستان وپێ شێل کەرانی سەربە ستی ومافی رەوای گەلی کورد تەنیا پەردەیەکە لە شانۆی درۆزنانەی دوژمنانی ئینسانەتی کەدەیانەوێ لە دنیای راپەڕیوی ئەمرۆدا درێژە بەگزیکاری و خوێنمژی وچەوساندنەوە بدەن .
لەدواییدا دەبێ بلێین کەخاوەنرایان وزانایان قەدری ئەم رووداوە مێژووییە دەزانن وپێی شوکرانەبژێرن و بەسەرەتایەکی جوان وپڕلە هیوا بۆپێکهێنانی ئالّ و گۆڕێکی هەراوی بنەڕەتی دادەنێن وبۆگەیشتن بەم ئامانجەپیرۆزە بڕیارەکانی کۆنگرە بەرێوە دەبەن و هەنگاوی پێویستلەم رێبازەدا هەلّدێننەوە . سەرکەوتووبن

دەستەی نووسەران

"بسم الله الرحمن الرحیم"

سرمقاله


بسم الله الرحمن الرحیم
باسلامی گرم بەخوانندگان عزیز"سروه" ، قبل از هر چیز لازم میداند تا صمیمانەترین تبریکات خود را بمناسبت برگزاری اولین کنگرهء فرهنگی ـ ادبی کردی به همه برادران و خواهران شریف و بویژه صاحبنظران و علاقمندان و دستاندرکاران فرهنگ و ادب کردی و کلیهء خوانندگان محترم تقدیم دارد و بپاس این نعمت بزرگ خداوند مهربان را سپاس گوید. بی‌شک برگزاری این کنگرهء عظیم جای بحث فراوانی را

در ابعاد گوناگون آن باز کرده که مناسب دیدم ضمن طرح بحثی تحت عنوان چشم اندازی به کنگره از صاحبنظران علاقمند نیز دعوت نمائیم تا باب سخن در این خصوص را گشوده نگاه دارند.

باری برگزاری اولین کنگرهٔ فرهنگی ـ ادبی کردی بعنوان نقطهٔ عطفی در تاریخ فرهنگ و ادبیات ما جهش تازه‌ای به محافل ذیربط بخشیده و مشتاقان ادب اصیل کردی را بسی خشنود ساخت، بی‌شک این حرکت بزرگ، در تاریخ تلاشهای فرهنگی بعنوان نقطه‌ای زرین برای همیشه درخشیده و بعنوان پایه‌ای اساسی برای آغاز یک جنبش نوین علمی و ادبی و یک نهضت فراگیر فرهنگی که همهٔ ابعاد زندگی ما را دستخوش یک سلسله تحولات ضروری و لازم قرار دهد، ثبت خواهد شد.

برگزاری اولین کنگرهٔ فرهنگی ـ ادبی کردی در مهاباد مایهٔ افتخار همهٔ مردم ما بویژه محافل فرهنگی ـ ادبی کردی است. زیرا بعنوان پیش درآمد یک حرکت گستردهٔ فرهنگی و ادبی (چنانکه در قطعنامه کنگره و مصوبات آن مشهود است) زمینهٔ تحقق و تفحص گسترده را برای همه

صاحبنظران و علاقمندان در تمامی ابعاد فراهم می‌آورد و بدین ترتیب بر ادیب و سخندان ماست تا با مطالعه‌ای ژرف و عمیق، بلاغت و فصاحت کلام کردی و لطافت و ظرافت



پرداختهای ادبی گذشته وعصر حاضر را یکجا عرضه داشته و توان ادبی ما را در بتصویر کشاندن همهٔ واقعیتها و حقایق ملموس و یا پیچیده، بالهای خیال پاک و بی‌آلایش زیبا، زاویه‌هایی از جمال و صفای طبیعت، دردها، رنجها خوشیها و غمها و فراز و نشیبهای زندگی پرعوغای مردم ما و بشریت امروز و... را بنمایش بگذارد.

بر علماء و دین شناسان است تا با استناد به مدارک و شواهد فراوان و بی‌نیاز از شمار، پیوند عمیق و قدیم فرهنگ و ادب کردی را با دریای بیکران معارف اسلامی در ابعاد زیبایی‌های عارفانه شعر و ادب، خدمات متقابل آندو در گسترش حوزهٔ نفوذ و تحکیم مبانی ایمان به

دین مبین اسلام و شریعت محمدی (ص) و نیز گسترش و تقویت زبان و ادب کردی را مورد بحث قرار دهند وبا استفاده از آثار علماء و شخصیتهای گذشته و ذخائر گرانبها و گنجینه‌های ارزشمند بجامانده از آنان در قالب دیوانها و کتب نفیس، اصالت و قداست ایمان اسلامی در مردم ما و پایمردی و رشادت سرداران رشید و مسلمان کرد را

تشریح نمایند.

بر سیاحان دنیای زیبا اما محجوب ادبیات عامیانه (فولکلور) است تا با دقتی تمام، گذر زمان را از زاویه اندیشه‌های خالص و ناب محبوس در سینه‌های مردان و زنان این دیار، تصویر کرده و سردی و گرمی روزگار را که گاه چون سیلی محکم و گاه چونان نسیمی روح افزا، آشنای روی آنان و همراز زندگیشان بوده، برای تقدیر از میراثهای بجامانده، محسوس عام کنند و بدین ترتیب با تدریس ماجرای سختکوشیها و پایمردیها، انسها والفتها، احترام به ارزشهای والای انسانی و معتقدات روحانی و معنوی، روح استقامت و ایثار، دوستی و صمیمیت، پایبندی و تعهد به اصول انسانی و دینی و... را بیش از پیش در نسل حاضر بدمند. و بهمین صورت بر صاحبان ذوق و نظر در هر زمینه فرض است تا از فرصت بدست آمده سودجسته و با استفاده از ابزار موجود در انجام رسالت و تعهدی که نسبت به مردم و میهن و آئین خود احساس میکنند از هیچ تلاشی دریغ نورزند و مطمئن باشند که سرنوشت آتی این نهضت فرهنگی و همهٔ آنچه که می‌باید و می‌شاید بسیار است و دراین مقال نگنجد. لکن آنچه که در این کوتاه سخن بعنوان نتیجه‌ای قطعی تلقی میگردد، واجب بودن همیاری همهٔ توانمندان این میدان برای براه انداختن کاروان عظیم راهیان کسب فضیلت و آگاهی سیل خروشان جهاد برعلیه جهل و تباهی است.

برگزاری کنگرهٔ فرهنگی ـ ادبی کردی علاوه بر آنکه محافل خودی را سخت ذوق زده کرد، موجبات سرور دیگر محافل فرهنگی ـ ادبی (غیر کردی) درسایر نقاط میهنمانرا نیز فراهم ساخت. چه تبعیض امکان بهره‌گیری از تمامی نقطه‌نظرات در جریان یک تبادل فرهنگی و ادبی برای آرایش و پیرایش ماده و صور غنا بخشیدن به محتوی، تسریع در سیرحرکت و تحکیم مبانی این جنبش عظیم و اصیل فرهنگی بسیار موثر خواهد بود. همچنین تشکیل این کنگره در عصر حاضر ودرمیهن ما نشانه‌ای روشن و دلیلی محکم بر سلامت روح، سعه‌صدر، صفای باطن، تعالی هدف و اوج اندیشه‌های بشردوستانه و ضد تبعیض نژادی مسئولین امر است که با عزمی راسخ و بینشی صحیح با فراهم‌ساختن زمینهٔ تشکیل این مجمع گرانقدر نشان دادند که تبلیغات مسموم نژادپرستان متجاوز به حریم و حقوق و مخالفان حریت کرد دراحیاء فرهنگ و ادب اصیل اسلامی خود، جز پرده‌ای از نمایش دروغین دشمنان انسانیت، برای فریب، دربندکردن و بهره‌کشی زالوصفتانه و ستمگرانه از مظلومین و مستضعفین در جهان رو به بیدار کنونی نیست.


جان کلام آنکه صاحبنظران و علاقمندان، شکر این نعمت بزرگ و تاریخی را سپاس گفته و کنگره را مسئله‌ای پایان یافته تلقی نکرده و آنرا بدید آغازی زیبا و گامی جدی. برای تحول فرهنگی و ادبی بزرگ نگریسته و برای تحقق این مهم مصوبات آن مجمع را پی‌گرفته و برای تحقق این دایره ارزشمند تمهیدات لازم را فراهم آورند.

توفیقتان آرزوی ماست.

هیئت تحریریه

سروه خزمه‌تکاری فه‌رهه‌نگ و ئه‌ده‌بی کورده


پاییز



سەیدجەلالێ نیزامی

پاییزێ لێدا گول چلمساندن
خەزەل ڤەراندن دار کورساندن
خەملا بۆستانا دار و کوستانا
تێکدا شەلاندن،تێک هلڤە شاندن
دارا بەرگەهاند ، بنازو زەحمەت
پاییزێ لێدا تەڤدا ڤەراندن
جۆخین گە هیشتن بەکۆلەواری
پاییزێ باران سەردا باراندن
کۆلک و کوختێ فەقیر و ژارا
لێمشتێ لێدا تەڤ هەرفاندن
هێلوونا تەیرو و توالان ڤێکرا
شلۆپێ لێدا تەڤ کمچاندن
ئەمانە هندە پاییز خرابە
قازانجێ گەلەک ژێ خولقاندن
دانێ پاییزێ دانگێ خێرێیە
ئەوا خوسار بووی تێت جەبراندن
دڤێ پاییزا پڕ لۆمە کاری
تۆڤێ ژیانێ تێتەرەشاندن
دەستێ مەدایە ئەم چ بچینن
ئەم دێ وێ راکەین یاتێتە چاندن
تو دبێ گرانە خەوا پاییزێ
ئەگەر تو رازێی دێ بیێ خاپاندن
شڤانۆ رابە سبەک درەنگە
پەزێ نەیاران پاڤان چەراندن
پاییز کوتا بوو زستان سەرداهات
روحبەر و بێ روح تێک قەرساندن
شیناتی ناڤچوو عەرد رووسپی بوو
بەفر و بۆرانێ خو داسەلماندن
گشت رەزو پاوان مانە بێ خودان
شڤانا خوەژ پەزا قەتاندن
رەزڤانا رەزێ خو هێلانە جی
جوتیارا جوتێ خو راوەستاندن
بەفرێ داگیر کر نەوال و بانی
سەرمایێ ئاڤا چەما چکاندن
گەرماتی لاچوو هات سڕ و سەقەم

لیڤ جۆک و کانی گشت قەرماندن
بەفر و بۆرانێ گرتن شار و گوند
سێڤی یێد بێ جل تێک رەجفاندن
گەلەک بەلەنگاز مان بێسۆتەنی
بێ نان و بێ جیئو بێ حەواندن
مێر و ژنێد کال بێدەم و بێحال
ب زارڕ و خیزان گشت زە براندن
هەم بێ زمهێری هەم ژی نەداری
دل و هنا ڤێد خەلکێ کەلاندن
ئەو خەلکێ نەدار کۆلێ کۆلەدار
ڤێ چەرخا غەددار پشت لێ چەماندن
لڤێ پاییز و لڤێ زستانێ
رحبەران عومرێ خو بهۆراندن
سەرما تەوا و بوو گەرما لێرا بوو
بایێ بهارێ بەفر حەلاندن
دەست پێ بوو بهاربووجێژن وشایی
چیا و چۆلان خو خەملاندن
شالوول و بولبول ژ خۆشییا دل
مزگینی دان و گول پێ حەساندن
شڤان و گاڤان ب پەز و حەیوان
ب شەوق و گەڕیان مالات چەراندن
ژۆردا هاتەخار رۆندکێد عەوران
زەڤییێد دێم وئاڤ حاسل گەهاندن
ل گوند و بازێر جڤیان ژن و مێر
بۆ پاشەرۆژێ خو جەڕباندن
خەبات و شیان ب عیشق و ڤیان
لازمە داکو بێتە قەتاندن
بهار و پاییز همبەری یێکن
بهارە ساخی پاییز مراندن
دەوران دگهۆریت عومر د بهۆریت
وەک دانێ سالێ تێتە ز ڤراندن
وەک ڤێ پاییز و وەک ڤێ بهارێ
هێڤینێ ژینێ تێتە مەهاندن
بهارا ژینێ ئەم دێ پارێزن
داچرا مرنێ بێتە وەمراندن
(هەوار) بەسبکە گلە و گازندان
تەواو بوو ئێدی رۆندک رژاندن



انما المومنون اخوه

«ماموستا مەلا ساحەبی یووسفی»

ڕێزوسپاس بۆزاتی پاکی خودای گەورە ،ئەو خودایە کە بە هۆی (**انما المومنون اخوه**) تەواوی موسوڵمانانی کردوونە برای یەکتر وعیززەت وسەرفیرازی پێ داون .

دروودی بێ پایان بۆسەر رووحی پاکی حەزرەتی محەممەدەلمستەفا (د خ) ئەو پێغەمبەرە وئەو پێشەوایە کە فەرمانی داوە کۆمەڵانی موسڵمان یەک بن ولە هەموو کاتێکدا لە جودایی وناکۆکی و چەندبەرەکی ترساندوون.سەلامی خودا لە سەر ئال و ئەسحاب ویارانی بەدڵ وگیانی بێ کە مانای برایەتی ویەکێتی یان زانی ،بۆیە خودا عیززەت وسەرفیرازی دانێ و دروشمی ئازادی ودێموکراسی یان لە بڵیندایی یەکانی جیهانی مرۆڤایەتی هەڵدا و قەڵا و کۆشکی زۆرداران وملهوڕەکانیان شکاند و سەرە ژێریان کرد و ناوی ئەوملهوڕوزۆرداراتە- یان خستە تاریکایی تاریخ و مەحویان کردەوە .

موسوڵمانان لە هەر وڵات وهەرێمێکدا بژین وهەر جۆرە زمان ولەهجەیەکیان بێ و لە هەر رەگەزو میللەتێک بن، یاخۆ هەرجۆرە رەسم وعادەت ولیباس وئادابێکیان هەبێ ، هەموو هەر برای یەکن .

کەوابێ حەققی موسوڵمان وخاوەنی ئیمان ئەوەیە موسوڵمانان لە دەست و زمانی سەلامەت بن ،قازانج و زەرەری یەکتر بە ئی خۆ بزانن .

حەزرەتی "محەممەد" (د خ)ی لە سەربێ فەرموویەتی : (**لایومن احدکم حتی یحب لاخیه ما یحب لنفسه**) واتە کاتێک مومین وموسوڵمان ئیمانی تەواوە کە بۆخۆی چی پێ خوشە بۆ برای ئایینی خۆی ئەوشتەی پێ خۆش بێ ، و هەروەها چی بۆخوی پێ ناخۆشە وحەزیلێ ناکا بۆ برای دینیشی پێی ناخۆش بێ ونەیەوێ .

کۆمەڵانی ئیسلامی هەموو دەبێ وەک لەشێک وابن ،ئەگەر ئەندامێکی ئێشا و کەوتە ناڕەحەتی باقی ئەندامەکانیش پێ ناڕەحەت بن ، خەو وسانەوەیان نەمێنێ ،هەموو دەبێ وەک عیمارەتێک بن،بەرد وگرانایی وقورسایی یان لەسەر یەک بێ ،یاریدەی یەکتر بدەن ، خەمی یەکتریان لە بەربێ بۆسەربڵیندی یەکتر تێ بکۆشن وهەوڵ بدەن.

جاکە وابوون بەو هۆیەوە بە مرادی دنیا وقیامەت دەگەن ،بە خۆشی ژیان رادەبوێرن خۆشی لە ژیانی خۆیان دەبینن ،خودایان لێ رازی دەبێ ،کاری گرانیان لەبەر هاسان دەبێ ودوژمن لێیان دەترسێ .

کاتێک حەزرەتی"محەممەد" (د.خ)تەشریفی بردە مەدینە ،"ئەنسار" واتە خەڵکی مەدینە لە نێو خۆیاندا دوو هۆز ودوو تایفە بوون موددەعی ودوژمنی یەکتر ، زۆریان لە یەکتر کوشتبوو ، رەسووڵی خودا نێوبژی کردن و نیزاعیان دەفع بوو ودوژمنایەتی یان لاچوو ،

محیبەت وئولفەت وبرایەتی یان کەوتە بەین حەزرەت ئەمری کرد ئەنسار هەریەکەی لە گەڵ مهاجرێک عەهدو پەیمانی برایەتی بەستن ،جا بەو هۆیەوە خوای مەزن عیززەت وسەربەرزی دانێ،رۆژهەلات ورۆژئاوایان گرت، ناوی مرۆڤایەتی وشەرافەت وغیرەتیان بە هەموو لایەکدا بڵاو بۆوە.

ئالای ئازادی یان لەهەموو بەرزایی یەک ولە هەموو شوێنێکی جیهانی زیندووی ئەو کاتە شەکایەوە بە تایبەت "فارس" و "رۆم" ئەو دوو دەولەتەبەهێزەیان داگیرکردو خستیانە ژێردەستی خۆیان و خەزێنەی فارس و رۆم لە مەدینەی منەووەرە بەش بەش کرا.

ئەو ئایەتە پیرۆزە ئیشارەیە بەوە کە دەفەرموێ :

(واعتصموبحبل اللەجمیعا "ولاتفرقوا واذکر ونعمەاللەعلیکم اذکنتم اعلا"فالف بین قلوبکم فاصبحتم بنعمةاخوانا) " سورتی آل عمران- ١٠٣)

جارێک جوولەکەیەکی غەلیز بەلای ئەهلی مەدینەدا رادەبرد،کەدیتی پێکەوە بەخۆشی و بە سەفاو بەلەززەت دانیشتوون، ئێرەیی پێ بردن بیری کردەوە کە چۆن وەزعیان بشێوێنێ ،هەستا ئیختیلافات وکێشە و شەڕی پێشووی وەبیر خستنەوە،هەر چەشنە کێشە و دووبەرەکی یەکی هۆزی کە لە بەینیاندا بوو وەبیری هێنانەوە ، جائەو کاتە شەڕ و نیواعیان پەیدا بوو .

دەستیان دایە چەک وشاڵاو وهێرشیان بۆ یەک برد، خودای تەعالا ئەو ئایەتە پیرۆزەی نارد:

(یایها الذین آمنوا ان تطیعوفریقا من الذین اوتواالکتاب یردوکم بعدایمانکم کافرین وکیفاتکفرون وانتم تتلی علیکم آیات اللەوفیکم رسولە) " آل عمران ٩٧و ٩٦ " .

واتە: ئەی ساحیبانی ئیمان ، ئەی ئیماندارینە ئەگەرئیتاعە وپەیرەوی ئەهلی کیتاب بکەن "یەهوود ونەسارا" دەوگێڕنەوە بۆلای کفرو کافری ،پاش ئەوەی کە ئیمانتان هەیە وئەهلی ئیمانن چۆن دەبێ گاوربن و بگەڕێنەوە بۆلای کفرلە حاڵێکدا کەئیمانتان هێناوە وئایاتی خوداتان بۆدەخویندرێتەوەو رەسوولی خوداشتان لەنێو دایە ....پێغەمبەری خودا (د.خ) تەشریفی چوو وفەرمووی :

ئەی جەماعەتی موسوڵمان تازە دەعوای جاهیلیەتدەکەن لە حاڵێکدا منتان لەنێو دام وخودای گەورە بەقەدری کردوونە بە ئیسلامەتی .


ئەمجار وشیار بوونەوە کە ئەوە مەکری شەیتانە وفێڵی دوژمنان . شەرمەزار و پەشیمان چەکیان فڕێدا وبە گریانەوە دەستیان دەستۆی یەکتر کرد و وێڕای حەزرەتی رەسوولْ گەڕانەوە .

"جابر" خودای لێ رازی بێ کە یەکێکە لە "ئەسحاب" فەرموویە:

نەمدیوە هیچ رۆژێک وەک ئەو رۆژە ، ئەووەڵ وانا شیرین ونالەبار وئاخروا شیرین وجوان ولەبار. ئەو ئایەتە پیرۆزە و ئەو واقیعە مێژوویی یە پەند و ئامۆژگاری یەکی زۆر بە نرخ وزۆر بەکەلکە بۆ تەواوی موسوڵمانانی جیهان .

ئەوئایەتە پیرۆزە چرایەکی رووناکە کە موسوڵمانان لە شەوێکی تار بەرەودنیایەکی روون لە دووبەرەکی بەرەو یەکەتی، لە نەناسی بەرەو ناسینی دوژمنان رێنوێنی دەکا وپێیان دەڵێ کە دوژمنانی خودا لە چ رێ یەکەوە دێنە ژوور ،وبە چ فێڵ و تەڵەکەیەک نیزاع ودوژمنایەتی بەدی دێنن .

دوێنێ دوژمنانی قەستەسەری موسوڵمانان جوولەکەی غەنزیل بوون وەکوو: "بنی قریظە و"بنی قینقاع" ونەسرانی یەکانی "نەجران"و دوژمنانی ئەورۆکەش هەر پاشەرۆک و ریشەی بۆگەنیوی ئەوانن .



ئەو ئایەتە پیرۆزە ئیعلانێکی جیهانی شۆڕشگێڕانەیە بۆ سەرانی وڵاتەکانی ئیسلامی کە ئەوان ومیللەتەکەیان بانگ دەکا بەرەو یەکێتی وئیمان بە خوداو رەسووڵ ئاگاداریان دەکا بۆوشیاری لەپیلانەکانی بەربلاوی دوژمنانی ئیسلام . یانی دەڵێ :

ئیتاعە وپەیڕەوی لە یەهوود و نەسارا مەکەن . ئیتاعە وپەیڕەوی لە یەهوودونەسارا کفرە بە خودا ، کفرە بە قورعان وپێغەمبەری "عظیم الشان"ی ئیسلام .

بۆچی ؟ چۆن دەفەرموی : **(ان تطیعوا فریقا من الذین اوتوا الکتاب یردوکم بعد ایمانکم کافرین وکیف تکفرون وانتم تتلی علیکم آیات الله وفیکم رسوله)(سوره آل عمران ٩٧ و ٩٦)**

سەهیۆنیستی جیهانی نایەوێ موسوڵمانان لە خۆشی وسەفادا بژین ،نایانەوێ بەهرە و سەمەر ومنافیعی وڵاتەکانیان بۆ خۆشبەختی رۆڵەکان ونەتەوەکانیان خەرج بکرێ، نایەوێ وڵاتیان پێش بکەوێ .

حەز ناکەن فەرهەنگێکی پێشکەوتوو و زانستێکی بەرز لەبەر چاویان بێ . جا بۆ پێک هێنانی ئەو مەبەستە نالەبارەی خۆیان بە هەموو جۆرێک تێدەکۆشن بۆ ئەوەی کە دووبەرەکی وشەڕی ئایینی ومەزهەبی قەبیلەتی ورەگەزی ،بخەنە نێو گەلانی موسوڵمان و رۆڵە بەشەرەفەکانی ئیسلامەوە وبۆبەدی هێنانی ئەو پیلانە شەیتانی یە بە هەموو هێزو توانا دێنە مەیدانی خەباتەوە

کەوابێ پێویستە رۆڵە دڵسۆزەکانی قورعان وئیسلام لەهەر وڵاتێک ، لە هەر رەگەز وقەومێک ولە هەر لەهجەو زمانێک بن ئەو پیلانانە بناسن وبەربەرەکانی لە گەڵ بکەن ودوژمنی قەستەسەر بناسن .

ئەوەش بەچی دەکرێ وچۆن وەدەست دەکەوێ، بە دەستگرتنی هەموو موسوڵمانانی دنیا بە دەستوورەکانی قورعانی پیرۆز و عەمەل کردنیان بەو فەرمانانە وهەر وەها عەمەل کردنیان بە سوننەت و وتارە بەرزەکانی حەزرەتی رەسووڵی مەزن درووودی خودای لێ بێ وبە قایم کردن وموحکەم کردنی ئیمان و بیرو باوەڕیان .

ساغ کردنەوەی ئەو ئیمانە راستەقینە و نیشانەی ئەو ئیمانەخەونی یەچیە ؟

نیشانەکەی محیببەت وبرایەتی یە ، بەو جۆرە کە دەوڵەمەند دەستی هەژار بگرێ، بە قووەت یاریدەی موستەزعەف بدا ،ساغ بۆ لای نەخۆش بچێ ولێی بپرسێ ،برابۆ برا پێی خۆش بێ کە منداڵی لە زیادی بێ ،ژن وئەولادی ساڵح بن ،قەدر وحورمەتی ببێ .

نابێ برا زوڵم لە برای دینی بکا ،نابێ درۆی لەگەڵ بکا ،نارەوایە فریوی بداوچاڵی بۆ هەڵقەنێ ،نابێ شاهیدی بە درۆی لەسەر بدا ، رەوانیە لە سەودا ومعامەلەدا گزەی لێ بکا ، دروست نیە وەسەر سەودای بپەڕێ .

نابێ حەسوودی پێ ببا ،ناڕەوایە بە چاوی سووک تەماشای بکا ، گاڵتەی پێ بکا ، تانەوتەشەری لێ بداونا وونرتکەی لێ هەڵبدا

موسوڵمانی راستەقینەومرۆڤی باش بە هیچ جۆرێک نابێ خەیانەت بە بەندەگانی خودا بکا .

نە لە شەخسی ئەوان ونەفسی ئەوان و نە لە عیرزو ناموسیان ونە لەماڵ ودەوڵەتیان

بە تایبەت حەققی موسوڵمان ئەوەیە لە ئامۆژگاری وچاکەی برای دینی خۆی کۆتایی نەکا .

لەسەر خێر یاریدەیدا ،لەشەڕی بگێڕێتەوە وبە قەدری ئیمکانی تێ بکۆشێ بۆرێک خستنەوە ودەفعی نیزاعی موسوڵمانان .

ئیسلاح کردنی بەین خێری زۆرە ، خودا ی گەورە دەفەرموێ :

(انما المومنون اخوەفاصلحوا بین اخوبکم واتقوااللەلعلکمترحمون) "حجراتآیە ١١)

نێوان ناخۆشی ژیان دەکاتە جەهەننەم ونیزاع دڵی ئینسان دەپرووکێنێ ،سەبەبە بۆ هەم وغەم ،دوژمنی یادی خودا و قەبر و قیامەتە ،ئینسان عومری بە خۆڕایی دەچێ ، هەروا ماڵی لە مەحکەمە وشاهیدو هات و چۆدا دەفەوتێ ،ئینسان تووشی هەموو بێ دینی یەک دەبێ ،ریشوەتدەدا ، ریشوەت دەخوا ،داوای ناحەق دەکا ، ئینکاری حەقدەکا تووشی سوێندوشاهیدی بە درۆ دەبێ ،وادەبێ تەڵاقیشی نامێنێ ،عاقیبەتی کار دەگاتە دزی ،سووتمان کوشتنی حەیوانان ، تەنانەت کوشتنی ئینسانێکی بێ تاوان وبێ گوناە .

جا خەراپی وشەقاوەتی ئینسانی جانی دەگاتە ئەو پلەورادەیە ، ئەگەر کەسێک نسیحەت وئامۆژگاری کرد ، خەراپەوقەساوە ـ تەکەی زیاد دەکا ،دەبێتە دۆستی زەرەروفەساد جەهەننەدەم بۆخۆی دەکا بە مەسکەن ومەئوا .

لە زەمانی حەزرەتی محەممەد درورودی خودای لێ بێ،دوودینێک چوو زراعەت وکشت و کاڵی پیاوێکی سووتاند ،ئاژەڵ وماڵاتەکەی لێ کوشت خودای مەزن ئەو ئایەتە پیرۆزەی دەرحەق بەو دوودینە نارد کە دەفەرموێ :

(ومن الناس من یعجبک قولەفی الحیاەالدنیا ویشهداللەعلی مافی قلبەوهواللەالخصام واذاتولی سعی فی الارضلیفەفیها ویهلک الحرشاوالنمل واللەلایحب الفسادواذاقیل لە اتق اللەاخذتەالغرەبالاثمفحسبەجهنمولبئس المهاد) ." سورە بقرە ٢٠٤"

واتە : لە مرۆڤان هەن کەسانێک کە وتاری وان لە باری ژیانی دنیاوە ،بۆ تۆ سەرنج ، راکێشە . خودای گەورە بە شاهید دەگرن لە سەر ئەو شتەی کە لە دڵ ودەروونیاندا هەیە. لە گەڵ ئەوەش ئەوانە سەختترین دوژمن وکاتێک لە لای تۆ رۆیشتن وروویان وەرگێڕا هەڵدەسوورێن بۆ ئەوەی خەراپە و فەساد لە زەویدا بکەن ،کشتوکاڵ لە ناو دەبەن ، پیاو وئاژەڵان دەکووژن ولە بەین دەبەن ، کاری وادەکەن کە هەموو خەراپە وفەسادن و خوداش خەراپە وفەسادی خۆش ناوێ ،وهەرکات پێیان بگوترێ لە خودا بترسن و تەقوا بکەن نەزانی وشەیتانی ،هەڵیاندەنێ بۆ گوناە ،جا بۆ ئەوان جەهەندەم بەسە کە جێگایەکی گەلێک خەراپە .

بەو ئایەتە پیرۆزەش چەند مەبەستێکی گرینگ وبە نرخ بۆ ئێمە روون دەبنەوە و دەردەکەون :

بەو دروشمە کە دوژمنانی ئێمە بە قسەی چەور وبەووتاری سەیر وسەرنج راکێش دێنە لامان وعەهد وپەیمانمان لە گەڵ دەبەستن ، پێمان دەڵێن :

ئامانجی ئێمە لەم چەشنە عەهدوپەیمانا ـ نە ولەو نەوعە معامەلانە خزمەتە بە وڵاتی ئێوە ،خزمەتە بە گەلەکەتان،مەبەستمان سەربەخۆیی وئازادی ئێوەیە بۆ بووژانەوەو لابردنی فەقرونەداری .

ئامانجمان لە نێوبردنی نەزانـــی و بێسەوادی یە ، لابردنی سستی وبێکاری یە .

دەڵێین : هەوڵ وتەقەلامان ئەوەیە گەلەـ کانمان پێکەوە بە خۆشی وبرایەتی سولـح و سەفـا بژین وفەرهەنگ وزانستمان تێکەڵاوو بە کەلک بێ و ... ولە سەر ئەو وتـــارە سوێند بە موقەددەسات دەخۆن ،خودای گەورە ، دەکەنە شاهید لە سەر مەرام ومەبەستـــە زاهیری یەکەیان .

دەگەڵ ئەوەش خودا دەزانێ کە درۆ دەکەن وزمان ودڵیان یەک نیە ،قسە وکردەوەیـــان لێک دوورە .

هەوڵ وتەقەلایان بۆ ئەوەیە کۆمەڵانـــی موسوڵمان وگەلانی بێ هێزوبێ دەسەڵات هیـچ کات یەک نەگرن ودوژمنی گیان ومالّی یەکتـر بن ، تا بتوانن ئێمە تالان بکەن وسەروەتـی وڵاتەکەمان بە هاسانی هەڵلووشن .

لە نەتیجە وسەمەری ئەو کارە وڵاتەکەی خۆیان بە نیعمەتەکانی ئێمە خەنی بکـەن ، هەرکە پێیان گوترا ، کوا وایە؟ لە کـوێ قازانجی ئێمەتان دەوێ ؟دەس بەجێ غـرووری شەیتانی هەڵیان دەنێ بۆ خەراپە ،ئاژاوە و دووبەرەکی نانەوە وکوشتارو سووتمان .

جاکەوابوو پێویستە لە بەرامبەری ئـەو هەمووملهوڕیوزۆرداری‌یەی‌ئیستیکباری دزێـو ونالەباری جیهانی یەوە ،ئێمە موسوڵمانـان لە گەڵ تەواوی گەلانی هەژار وبەش خوراوی دونیا یەک گرین وئاوا کۆشک وقەڵای مـــل هوڕان بڕووخێنین تاکوو خۆمان وگەلانـــی بێ دەسەڵات وزۆرلێکراو لە زنجیـــری ئیستبداد وئیستیعمار وکۆتی ئەوان رزگـار بکەین وتەنانەت بەوەشەوە رانەوەستیـــن ، بەڵکوو بە یەکـەتی دنیای سەرانسەر فێـڵ و تەڵەکەی ئەوان بکەینە ئاگر ودووزەخ و بـە ئیمان وبڕوا بە مستی پۆلای یەکـەتی قەڵایـان بڕمێنین.



ئەی رۆڵە بە شەرەفەکانی ئیسلام وقورعان! ئەی گەلانی وەپاش کەوتوو ،تاکەی ژێرچەپۆکە بوون وبێ هێزی ،تاکەی ئاژاوەو دووبەرەکی تاکەی ئیستیزعاف .

هەمووتان وەرن یەک دەنگ ویەک رەنـــگ سولح وسەفا وئاشتی پەیدا بکەن ، ئــەو ئایەتە پیرۆزە بکەنە سەرمەشقی خۆتان کــە دەفەرموێ :

(فاتقوالله واصلحوا ذات بینکم ،وان طائفه تان من المومنین اقتلوا فاصلحوا بینهما)

پێغەمبەری خودا درووودی لەسەر بـــێ فەرموویەتی :

(افضل الصدقەذات البیق)

واتە : گەورەترین سەدەقە ئیسلاح وئاشتی بەینی خەڵکە .

حەزرەتی موحەممەد (د.خ) رۆژێک بـــە ئەسحابی کیرامی فەرموو : مزگێنیتان بدەمێ بە شتێکی کە خێروبەرەکەتی لە نوێـــژ و رۆژووی سوننەت وسەدەقەی سوننەت گەورەترە . عەرزیان کرد ئاگادارمان بکە یارسول الله ، فەرمووی : نێوان خۆش کردن خێری لە نـوێژو رۆژوو و سەدەقەی سوننەت پترە .

هەروەها تێک دانی نێوانی خەڵک ،فەسادی دینی ئینسان ناهێڵێ و لە بەینی دەبا .

خودایە بە رەحمەتی خۆت وبە فـــەزڵ و لوتفی بی پایانت بمانپارێزی وبمانخەیـــە سەر رێگەی چاکە و برایەتی وئیسلاح وئیمان. آمیـــن .

(وآخردعوانا ان الحمدلله رب العالمین)

رێبازی رۆمانتیک



زۆرجاران لەگۆوارانددا بەرچاومان دەکەوێ کەرۆژنامەنووسێک لە نەقاشێک دەپرسێ : (جەنابتان لە چ سەبکێکدا کار دەکەن) ئەویش وەلام دەداتەوە : (من کارەکانم لە سەبکی ئیمپرسیۆنیسمدایە) یالە سەبکی کلاسیسم یا لەریالیسم یا لە رومانتیسمدایە . هەروەها بەش بەحالی شاعیرێک یا چیرۆک نووسێکیشەوە هەرهەمان وەلاممان ـ یەکێک لەم ئیستیلاحانە ـ گوێ لێ دەبێ ...فلان شاعیر سەبکی کلاسیکی گرتۆتەبەر... فیسار چیرۆک ـ نووس سەربە سەبکی ریالیزمە ...

ئەم سەبکانە چین ؟ دەلێی هەر سەبکەی لەگەل ئەوەی دیکە جیاوازی هەیە! هەموو سەبک ورێبازەکان تایبەت ونیشانەی خۆیان هەن !

ئەلبەتە خوێنەر بۆئەوەی باشتر لە هونەر وئەدەب بگا وچێژی لێ وەرگرێ ،پێویستە لە هەموو لقێکی ئەدەب وهونەر وهەموو سەبک و رێبازێک تا رادەیەکی باش شارەزابێ و زەمینەیەکی پتەوی رۆشنبیری هەبێ ، بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەری بوەستێ وسوود وتام و چێژ لەوکارە هونەری یە وەربگرێ .

لێرەدا هەول دەدەین زۆربە کورتی رێبازی رۆمانتیک ،بۆخوێنەرانی خۆشەویستی (سروە) روون بکەینەوە ....بە ئومێدی ئەوەی کە خوێنەران خۆشیان لە رێگای سەرچاوەوکتێبەوە زیاتر ئاشنایەتی لەگەل نیشانەوخاسیەتەکانی ئەم رێبازە ورێبازەکانی دیکەش پەیدا بکەن ولە رێگای لێ دوانەوە زیاتر بیناسن و سوودی لێ ببینن .

رۆمانتیک کە لە بنچینەدا وشەیەکی فەرەنسی یە ،مانای "چیرۆک ئاسا" ،"پالەوانەتی" "شاعیرانە" دەدا .لە ئینگلیسی شدا رۆمان هەربە مانای "چیرۆک"دێ و ، رۆمانتیک بە مانای "خەیالی"و"ناسک هەستی" بەکاردێ .

رۆمانتیسم ورۆمانسیەت ورۆمانتیک ورۆمانتیکیەت ـ یش سەربە هەمان زاراوەن ،ناو و زاراوەی ئەو رێبازە هونەری وئەدەبی یە کەلە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا ، دژ بە رێبازی کلاسیک ،لە ئورووپا هاتەگورێ وبلاو بۆوە ،پاشان لە رێگای تەرجەمەکردنی کتێبان ولەرێگای ئەوپێوەندی یە شارستانی یەی کەئێمەی کورد بە ئورووپاوە دەبەستێتەوە کەوتە نێو ئێمەشەوە .

لەسەرەتادا بابزانین ئاخۆئەم رێبازە لە ئورووپادا بۆچی ولە چ حال ووەزعێکدا سەری هەلداوتەنەوەی کرد؟ ونیشانە وسفەت و تایبەتی یە هونەری یەکانی چ بوون وچین ؟

پێشەکی دەبێ بزانین کەبە درێژایی سەدەکانی رابردوو ، رێبازی کلاسیک بالی

بەسەر هونەر وئەدەبی‌میللەتانی ئورووپادا کێشابوو، واتە هونەر وئەدەب بە پێی چەند قانوون وبنەمایەکی کۆنی هونەری دەخولقان . ئەم هونەر وئەدەبە، هەمیشە لە کۆشک و دیوەخانی بەگ وبەگزادان ،پێشکەش دەکرا و دەخوێندرایەوە .واتە پاوانی تاکەچینێکی کومەڵ بوو: چینی دەوڵەمەند ودەسەڵاتدار و "خانەدان"!وهەر بەتەنیا ئەوان مافی ئەوەیان هەبوو دەو هونەر وئەدەبە ، دەو جوانی یە ،بگەن وچێژی لێ ببینن .

لەسەردەمی کلاسیکدا ،خەڵک پەیوەندێکی پتەویان بە هونەر وئەدەبەوە نەبوو،چونکە شاعیروهونەرمەندی کلاسیک پابەندی داب و رەسم وقانوون وزەوقی چینی دەربەگ بوون .

شاعیر وهونەرمەندی کلاسیک تەنیا باسی "جوانی" و"چاکی" یان دەکرد، خۆیان لە باسی "خەراپە" و"شتی دزێو وناشیرینی نێو کۆمەڵ "دەبوارد ورەخنەیان لێ نەدەگرت . هەمیشە لایەنی باوی سەپاو (قەراردادی) یان دەگرت .شیعرونووسین وتابلۆکانیان بەکەیفی بەگ وبەگزادان ،بەئارەزووی هاوچینەکانی خۆیان دەڕازاندەوە . نەدەبوایە لە سنووری بۆچوون وزەوقی ئەوان بچنە دەر وپێ لە بەرەی خۆیان زیاتر راکێشن! .شاعیروهونەرمە ـ ندی کلاسیک ، کاتێکی کە شیعرێک یا چیرۆکێک یاشانۆنامەیەکی دەنووسی یا تابلۆیەکی دەنەخشاند ،هەمیشە هێزی ئەقڵ و شتەباوەکانی دەردەبڕی وتەنێ شتە سەپاو و زانراوەکانی پێش چاو دەخست! هیچ نەهێنی و رازێکی دەروونی وهەست ونەستێکی فەردی دەرنەدەبڕی ،واتە لە هیچ ئازارو مەینەت و دەردێکی فەرد (تاکەکەس) نەدەدوا وەک لەو سەردەمەدا هیچ کەس بەکوێرەوەری نەژیابێ و گیروگرفتی نەبووبێ! ،کۆمەڵی خەڵک تەنیا وەک بابەتی نووسین دەهاتە بەرچاوی نووسەر!

بەم جۆرە وەک رەخنەگرێکی ئێرانی دەڵێ : هونەرمەندی سەربە رێبازی کلاسیک ،هەمیشە چاوپۆشی لەفەرد دەکا ،بۆئەوەی گرۆیەک لە خەڵک یا چینێک پێشان بدا...،تەنانەت ئەگەر لەخۆشی بدوێ ،لە کەسێک دواوە کە "خۆی" نیە، بەڵکوو کۆمەڵێک لە خەڵکە ،یاچینێکە یا "هەر ئینسانێکە!".


نیشانەی هونەری کلاسیک ئەوە بوو کە عیبارەت وتەعبیری بەگرێ وگۆڵ وئاڵۆزیان بەکار دەهێنا وشێوەودەستوورێکی هونەری وایان رەچاو دەکرد کە تەنیا بەگزادە و ئەندامانی "رووناکبیر"ی خاوەن دەسەڵات تێی دەگەیشتن وچێژیان لێ دەدی ...

ئەم حاڵ و وەزعەی کۆمەڵ و هونەر بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو هەر بەردەوام بوو تا گەیشتە سەدەی حەڤدە وسەرەتای سەدەی هەژدە ،واتە تا ئەوکاتەی کە رێبازی رۆمانتیک سەری هەڵدا

رێبازی رۆمانتیک چۆن پەیدا بوو؟

لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەمدا چینی دەرەبەگ وبەگزادە ونەجیب زادەکان ،واتە ئەو چینەی دەستی بەسەر ئەدەب و هونەردا گرتبوو ،وردە وردە دەسەڵاتی سیاسی وئابووری خۆیان لەدەست داولەباری ئەخلاق وبیروباوەڕ ورەوشتیشەوە هەربەرەو گنخان وشپرزەبوون دەڕۆیشتن وجڵەوی رابواردنی خۆیان وەکوو جاران بەدەستەوە نەمابوو .ژیان گۆڕا بوو، ئاڵۆزتر ببوو .گیروگرفت وکوێرەوەری زۆرتر و قووڵتر ببوو .لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی عەوام لە چەوسانەوە وکوێرەوەری وبێ بەشی خۆی وئەو زوڵم وزۆری یەی لێی دەکرا ،ئاگادار ببوونەو، وچاویان لەجاران زیاتر بە دنیا و دەوروبەری خۆیاندا دەگێڕا .خەڵک هاتبوونە سەر ئەوڕایەی کە پێویستە ئەوانیش چێژ لە ژیان ولەجوانی ولە هونەر وئەدەب وەربگرن، پێویستە کومەلانی خەڵک لە کۆت وپێوەندی چەوسانەوە رزگاربن وهەموو ئینسانێک ئازاد بێ .

بڕوانە لاپەڕەی ٤٨



پایزه زوحاکی سەرما ولەشکری بێدادی هات
وەک دڵی من پڕلەگەردی حەسرەت وخەم بوو وڵات
سەیری با ڕەشکە بەبێ رەحمی چەمەن تالان ئەکات
بەرگی زەردوسەوزی گوڵ لەمهەردە بۆئەوهەردئەبات
چادری زەرڕین لەسەر بووکی بەهاری لادەدات

* * *

ئاهی حەسرەت خیزوسەردی گوڵشەنی دڵ پڕ لەدەرد
بۆ شکۆفەی جوانەمەرگ وبۆ گوڵاڵەی سوورزەرد
بوو بەتەموەک رۆڵە مردوو کەوتەسەحرا وکێوو هەرد
ئاوی ساوی رۆشن وجاری لەداخا بوو بە بەرد
بووکی خۆر لەم شینەدا غەمگینەرەش پۆشی ئەکات

* * *

بەرگی داری دارِنی سەرمایی پایز چڵ بە چڵ
داغی رەنگ زەردی بەهێ کەی خۆش ئەبێ دەرچێ لەدڵ
حەسرەتە بۆ دولبەرانی دڵستان واچوونە گڵ
جاهیلان لەم وەزعە وێڵ وعاقلان مات وخەجڵ
واعیزە ئەم رۆژگارە بۆکەسێ گوێی پێ بدات

* * *

بێ بەرو بێ بەرگ وتینوو سێوو هەرمێ وهەنار
مینبەری قالاوە گوێزو پەڵک ونەو بیدو چنار
هەر قرەو وەیشوومەیە ئیمڕۆ لەسەحرا ژووروخوار
بولبولی بێ چارە کۆچی کرد لە سەحنی لالەزار
باغ جێگەی پۆلی گورگە ،گەللەیی ئاهوو هەلات


* * *

ئێستە سەحراییکی چۆڵ وخەم فەزایە لالەزار
مەجلیسە بۆ ورچ و رێوی بۆ بەراز و کەمتیار
والەباتی تاجی گوڵ گوڵبون لەسەریە تاجی خار
بایەخەی خۆی دادڕێ قومری بە وێنەی شێت و هار
بۆو رەفیقانەی هەموو ئاوارەن و وێڵی وڵات

* * *

هەر پەنا بەخوا لە حەملەی گێژەڵووکەو زمهەریر
هەر وەکوو حەججاجی یۆسف خوێن رژێنی جوان و پیر
بوخت ونەسرەودێ دەکا سۆزی هەموو عالەم ئەسیر
دامەنی سەحرا لەگوڵ خاڵی وەکوو کیسەی فەقیر
قەت لە دونیادا گوڵی بێ زەحمەتی پایز نەهات

* * *



وەک تیاتر وایە عەینەن گەردشی دونیایی دوون
عەهدی گوڵ رۆیی وەکوو بەرق وچووە پەردەی نەبوون
تۆ تەماشا کە لە جێی گوڵ داری گوڵ غەرقی دڕوون
گوێ ئەگەر بگری دەبیسی هەرکە ئێستەش بێستوون
شینی زەخم وزووخی جەرگی لەت لەتی فەرهاد ئەکات

*　　　*　　　*

بۆعەزاخوانی بە سەد دەرد وخەمی دڵ چوومە باغ
دیم بە جێی بولبول لە پۆپەی یاسەمەن وێستاوە زاغ
سێوو هەرمێ عاجز وسەرو وسنەوبەر بێ دەماغ
خۆخ وهەنجیرو هەنارم دی هەموو دڵ پڕلە داغ
بێ گەڵا ومیوە مردوو، مردوێکن بێ خەڵات

*　　　*　　　*

بادی سەردی وابە توندی هاتە جەولان و تەکان
دارەکانی بەرزو ئەستووری بەسەر یەکدا تەپان
وشک هەڵاتن پاکی سەوزەو پۆشیان بەرگی نەمان
ئادەمیش هەروا دەچێ، کاروان لە شوێنی کاروان
دێت ودەڕوا کەس خەیاڵی مانی بێ رۆین نەکات

*　　　*　　　*

ساڵ و رۆژی عومری تۆ رۆیی وەکوو ئاوی رەوان
وادەزانی هەر وەکوو خۆتی تەڕو تازە وجەوان
واکوت وپڕ قەددی راستت لار ئەبێ چەشنی کەوان
دیدە نابینا و گوێ کەڕ، تەن زەعیف و ناتەوان
پڕ لە ئێش و زەحمەتی پیری دەبێ سەرتا بە پات

*　　　*　　　*

تۆ تەسەوور وانەکەی بێژی لەمانە زیاتری
ساغی وجوانی بە قووەت هەر دەمینێ و نامری
ساعەتی عومرت ئەگەر هاتە مقامی ئاخری
سەهلە بێژم گیا، لە کایەک بێ دەس وبێ پاتری
تووشەیەک ئامادە فەرمووو نەک ئەجەل مۆڵەت نەدات

*　　　*

نەوبەهاری عومری زاری هەروەکوو گوڵ چوو بە با
رەونەق وخۆشی جەوانی تێپەڕی و رۆیی و نەما
گیان وتەن وێنەی هەدەف ئامادە بۆتیری بەلا
پایزی پیری دەدا هەر لەحزە ئیعلانی فەنا
هەی نەماوەختی بەقا، زوو کۆچ کە بۆماڵی بەقات

لەدایک بوونێکی نوێ

نووسینی
فارووق کەیخوسرەوی

یەکەم رۆژەکانی مانگی رەزبەر بوو. کزەبای ساردی پایز بەرەبەرە جێگای بە سروەی نەرم وفێنک لێژ دەکرد شەختە لە دوورەوە هەڕەشەی لە دوایین پاشماوەکانی ژیانی بەهاری دەکرد .هەتیوی بێ نازی باب مردوو کزولاواز ولارەمل بیری لەداهاتووی نادیاری خۆی دەکردەوە. پایز بە هەموو رواڵەتی دزێوی خۆیەوە خۆی دەنواند. کوردگوتەنی لووتێکی بای دەهێنا ولووتێکی بۆران .

کۆچی دوایی مامۆستای نەمر"هێمن" بەهاری ئەمساڵی کوردستانی لێ کردین بەپایز . زمان وئەدەبی کوردی سەرەڕای تەمەنێکی دووورودرێژو پڕلە هەورازونشێو تازەکەوتبووە گەشانەوەوبابێکی پیر وبە ئەزموون دەستی گرتبوو .هێشتا لە دارە دارە دەرنەچووبوو کەجارێکی تر بە هەتیوی دەکەوتەوە بەرپەلاماری رەشەبا وشەختە .ساڵێک بەهارەکەی پایزبێ،دەبێ پایزەکەی چۆن پایزێک بێ ؟

لەناکاو هەتاوی هیوا و ئومێد هەورەکانی دڕداو لە ئاسمانێکی گەش و ساماڵدا خۆی وەدەرخست . لەدایک بوونێکی تازە هەوری خەفەتی رەواندولەسەرەتای پایزدا مزگێنی نەورۆزی بۆهێناین .

یەکەم کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لەشاری مەهاباد پێک هات .کۆڕێک لە مامۆستایان،کوردی زانان کورددۆستان وشارەزایانی زمان وفەرهەنگ وئەدەبی کوردی.کۆڕێک لەوانەی کە تامەزرۆی خزمەت بە زمان و فەرهەنگ وئەدەبی کوردین . کۆڕێکی گەرموخۆمانە کە دوور لە هەموو هەراوهۆریا وجەنجاڵێک مەسەلە بنچینەیی یەکانی ئێستای زمانەکەمانی خستەبەرباس و لێکوڵینەوە وبڕیاری لەسەردان.

هەرچەند لەوەزعێکی وادا نەبووین کەهەل ومەرجی پێویست بۆبەشداری کردنی هەموو یاهەرنەبێ زوربەی زاناوخاوەن ڕاوکوردناس و کوردی زانەکانی دەرەوەی ولات لەکۆنگرەدا پێک بێ و ئەوانەش کە بانگ هێشتن کرابوون هەموویان نەیانتوانی خۆبگەیەننە شوێنی پێک هاتنی کۆنگرەکە ،بەڵام ئەوەندەی کە کۆوەبوون کۆڕێکی پسپۆڕ و خاوەن ڕایان لێ پێک دەهات. نوێنەرانی هەموو لەهجەکان وزوربەی بن لەهجەکان لە شیمالەوە تاجنووب،تەنانەت نوێنەری کوردەکانی خوراسان لەم کۆنگرەدا بەشدار بوون و براکوردەکانی ئەودیوی سنوور نوێنەریان بوو. مامۆستا کورددۆستەزمان ناسە غەیرە کوردەکان بەشداری یان کرد. بەکورتی کۆڕێکی پێک هاتوو لەشارەزاییوزانست ولەهجەی جۆراوجۆر ،بەڵام هاودەنگ و هاوبیروڕا لەسەر مەسەلەیەک کەئەویش خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی یە .

لەکومیسیۆنەکانی سەربە کۆنگرەدا ،زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی، رێنووسی زمانی کوردی ،کتێبی دەرسی پۆلی یەکەم بەزمانی کوردی نێوەرۆکی گۆواری سروە،

شێوەی کۆکردنەوە وناساندنی وێنەوبەڵگە وکتێب وشوێنەوارو گەنجینە هونەری وفەرهەنگی ـ یەکان ،چۆنیەتی پێک هاتنی کۆڕەزانستی یەکانی مێژوو ناسان،جوغرافیازانان،قاموس نووسان ، ئەدیبان و هونەرمەندان و... خرانە بەرباس .چ لە کومیسیۆنەکاندا وچ لە بەرنامەی وتارە ئازادەکانی کۆنگرەدا. هەموو بەشدارانی کۆنگرە بەبێ ترس لەوەی بیروراکانیان ببێتە هۆی دڵێشان یاتووڕەیی و رق هەستانی ئەندامێکی تر ، بیروباوەڕی خۆیان دەردەبڕی وتەنانەت جاری وابوو کێشەی زۆر توندیش بەرپادەکرا .بەڵام کێشەکە کێشەی بۆچوون وبیرورا بوو نەوەک رقەبەری وخۆنوا ـ ندن .کەوابوو بە روون کردنەوەیەکی کورت وبەکەلک ئاوبەسەرئاگردا دەکرا و بیرورا جیاوازەکان زۆر روو یەکیان دەگرتەوە .

لەلایەن حکوومەتە زۆردارە تاغووتی یەکانەوە جگە لە دەردو مەینەت ودەستدرێژی هیچ دیاری یەکی تر بەگەلی موسڵمان وبەشخوراوی کورد نەگەیشتووە . لەبەشەکانی دیکەی کوردستاندا تەنانەت حاشا لە بوونیشی دەکرێ . هەرکات ئەم گەلە ویستوویە بەمافی رەوای ئینسانی خۆی بگا ،یاراستەوخۆ سەرکوت کراوە یابۆلەڕی هەتلەکردنی لەنێوخۆیدا هۆرەی بۆساز کراوە . ئێستابۆیەکەم جارە کە نەتەوەکەمان لەئێرانی ئیسلامیدا خۆی دەناسێتەوە .

هەراو هوریای تەبلیغاتی هێزەئیستیعماری یە بێگانەکان هیچ ئامانج و مەبەستێکی نیە جگە لەوەی راستی یەکان بەراوەژوونیشان بدا وبۆ پاراستنی هەرچی زیاتری بەرژەوەندی خۆیان سنوورێک لەنێوان دۆستان و دوژمنانی گەلەبەشخوراوەکاندا نەهێلێ وریزەکانیان تێکەڵ بکا ،دۆست وەک دوژمن ودوژمن وەک دۆست بنوێنن .راست ئەم سیاسەتەش لەبەرانبەر گەلی کورد وکۆماری ئیسلامی ئێراندا رەچاوکراوە. تەبلیغات وبانگەشەی دوژمن هەوڵی دەدا ئەم باوەڕە لە نێوکومەڵدا بڵاو بکاتەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک رێژیمەکانی دیکەی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی ،دژبەگەلی کوردەو تەنانەت زیاتر لەوەش هەوڵ دەدەن رێژیمە رەگەزپەرەستە ـ کانی وڵاتانی دەوروبەر بە دۆست وکۆماری ئیسلامی ئێران بەدوژمنی گەلی کورد بناسێنن هەروەها تێدەکۆشن بە خەڵکی بسەلمێنن کەتا نیزامی ئیسلامی زیاتر سەقام بگرێ مافەرەواکانی گەلی کورد زیاتر پێ شێل دەکرێ .

ئەوهەنگاوانەی تا ئێستا لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆپەرەدان بەزمان وفەرهەنگ وئەدەبی کوردی هەڵگیراون ،بەتایبەتی پێک هاتنی کۆنگرەبۆ پووچەڵ کردنەوەی تەبلیغاتی دوژمن بەسە .پەیامی سەرۆک وەزیری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کۆنگرە ئەم هیوایەی لەدڵی گەلەکەماندا بەتینتر کرد کە دەوڵەت بەپێڕەوی لەقورئان و ئیسلام بۆ نەهێشتنی هەرچەشنە بێ بەشی وتەبعیزێک لە ناوچە کوردنشینەکاندا هەنگاو هەڵدێنێ .خزمەت بە زمان و فەرهەنگ وئەدەبی کوردی و سازکردنی ئیمکانات و کەرستەی پێویست بۆپەرە پێ دانی ،هەروەها هان دان و دڵگەرمکردنی لاوەدڵسۆزە ئەدەبدۆستەکان ،کە هیوای دوارۆژی گەلەکەمانن، لەم رێگایەدا بەشێک لەو هەنگاوە بەکەلکانەن .

ئێستاش دەرەتانێکی وا پێک هاتووە تاهەر ئەدەبدۆ ـ ستێک ئازادانە وئازایانە بەبێ ترس لەو داوەڵانەی لەبیرو خەیاڵیاندا سازکراوە وبەبێ پرینگانەوە لە هەر تەوس وتوانجێک باسکی هیممەت هەڵماڵێ ولەم مەیدانە بەرفراوانەدا خزمەت بە زمانەکەی بکا .ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەیووبی کە ئەرکی پێک هێنانی کۆنگرەی لەسەرشان بوو هەروەک لە

درێژەی تێکۆشانی خۆیدا توانیویەتی سەرنجی بەشێکی زۆر لەزاناوئەدیبەکان و لاوەهونەردۆستەکان بۆلای خۆی رابکێشێ، ئێستاش چاوی لە یارمەتی فیکری وهاوکاری هەموولایەنەی ئێوەیە .

سروە وەک یەکەم بەرهەمی ئەم هاوکاری یە گشتی یە نیازی بەخزمەتێکی زیاترە . رێگابۆ خزمەت لەم زەمینەدا زۆر پان وبەرینە . ئێوە دەتوانن بەپێی شارەزایی و لێ زانی خۆتان بۆبردنەسەری پلەی زانستی گۆوارەکە هەنگاو هەڵێننەوە .خوێنەری ئێستای گۆواری کوردی تەنیا بەوەندە رازی نیە، گۆوارەکەی کوردی بێ جا هەرچی تێدا نووسرابێ .نێوەرۆکێکی پربایەخ وبەکەلک،باسی بابەتەزانستی یە جۆربە جۆرەکان ،باسی ئەوبابەتانەی کەلەژیانی رۆژانەماندا لە گەڵیان بەرەورو دەبین . روون کردنەوە ولێکۆڵینەوەی دابەناحەزە کۆمەڵایەتی یەکان ودۆزینەوەی رێگاچارەیان ، ناساندنی شاعیر وئەدیب و زاناوهونەرمەندانی کورد ، چ ئەوانەی ناسراون ودەبێ باشتر بناسێندرێن ، چ ئەوانەی تا ئێستا نەناسراون وناساندنیان پرسوودە. ناساندنی ئاسار وگەنجینە ئەدەبی وفەرهەنگی وهونەری- یەکان ودەیان بابەتی دیکە وێرای ئەوبابەتانەی کە تائێستا لەسروەدا بڵاو کراونەتەوە ،کولێ دڵی خوێنەری کورد دادەمرکێنن.

چ لەکومیسیۆنی تایبەتی لێکۆڵینەوەی نێوەرۆکی "سروە"دا وچ لە کۆبوونەوەی گشتی کۆنگرەدا رەخنە و پێشنیاری زۆرجوان وبەکەلک راگەیەندران. هەموویان رێ پێشاندەر بوون .هیواداریــن بەکەلک وەرگرتن لەوپێشنیا- رانە هەتادێ نێوەرۆکی "سروە" رازاوەتر وپرسوودتر بێ .ئەڵبەتە تەنیا پێشنیاردانیش چارەساز نیە بەڵکوو نووسینی بابەتی بەکەلک وناردنی بۆ "سروە" رێگاچارەی ئەم کەم و کووڕی یانەیە .

بەرنامە بۆپەرەدان بە مەیدانی تێکۆشانی "سروە" زۆرە .دەکرێ ماوەی بڵاوکردنەوەی گۆوارەکە لە سێ مانگ جارێکەوە بێتە مانگانە و هەفتانە ،دەکرێ لەگەڵ هەر ژمارەیەکی "سروە" دا پاشکۆیەکی تایبەتی لەسەر بابەتێکی دیاری کراو وەک پاشکۆی هونەری، پاشکۆی تایبەت بەباسەئابووری یەکان پاشکۆی تایبەت بە مەسەلە کۆمەڵایەتی یەکان و .... بڵاوبکرێتەوە . دیارە زۆر نووسراوی درێژ هەن کە بڵاوکردنەوەیان لە "سروە"دا ناگونجێ بەڵام بۆپاشکۆی تایبەتی بەکەڵکن .دەکرێ جگە لە گۆواری ئەدەبی و فەرهەنگی "سروە" چەند گۆواری تایبەتی دیکەش هەفتەی جارێک یا مانگی جارێک بڵاوبکرێنەوە ، وەک : "سروەی لادێ" بۆباسکردن لەسەر گیروگرفتەکانی ژیانی لادێ وکشت وکاڵ و..."سروەی ژنان" بۆباسکردن لەسەر مافەکانی ژن لە کۆمەڵدا، ئەرکی ژنان لە کۆمەڵدا، نەخشی ژنان لە کۆمەڵدا. رێنوێنیی ژنان بۆکاری نێوماڵ وبەخێوکردن وبارهێنانی منداڵ و..."سروەی خوێندکاران و...، دەکرێ وەک پێشتریش باسی کراوە کتێب ونامیلکەی تایبەتی بۆ"هونەری لاوان"بڵاو بکرێتەوە کەپێک هاتوویەک بێ لەوێنە وشیعروچیرۆک و نووسراوەی لاوەهونەرمەندەکان گۆواری سروە چاوەڕوانە کە زیاترلە جارانی یاریدەبدەن تابتوانێ هەموو ئەم بەرنامانە جێ بەجێ بکاوبەرهەمێکی جوانتر ورێک وپێک تر لەجاران پێشکەش بکا .

دیارە جێگای بەتاڵی خوالێ خۆشبوو مامۆستاهێمن بەتاڵایی یەکی وانیە کە بەم زووانە پربێتەوە بەڵام ئەگەر هەرکام بەتەنێ ئەم کارەمان پێ ناکرێ بە هەموومانەوە شتێکمان هەرپێ دەکرێ .

گازنده

پەروێزی خەلیل
«هێڤی»



ئەز کچەک کوردم، کوردستانیمە
ل وەلاتێ خۆ ئەز هەلاتیمە

دوژمن دەرکرم ژ مال و وارا
مامە بە لەنگاز، ل بەر دیوارا

ل وەلاتێ دەر ب کول و کەسەر
خەریب و بێکەس بوومە دەربەدەر

بۆ بژیوا رۆژ ئەز بوومە پالە
پالەتی یا نیڤ حەق دەرڤە ل مالە

ئەز دچم چۆلێ ناڤ چل و چیا
جل شڕ و پێخاس ل ناڤ دری یا

ل سبێدا زوو حەتا ئێڤارا
ل ناڤ دڕی و توومێد قیفارا

دخەبتم ئەز بدەست و چۆکا
د ناڤ زەڤی و مەزرایێ نۆکا

ل بەر تاڤا گەرم نۆکا دچنم
یان دخەبتم ناڤ زەڤیێد گەنم

ئەڤ دەستێد نازک ،پەنجێد کاغەزین
قەلشین ، دڕین ، تەڤ بوونە برین

خوونا ڤان دەستا ل سەر سوورەتێم
بوویە سۆراڤ و رەنگێ روومەتێم

بەژن و بالا من خار و چەمیایە
پشت بوویە کۆمک کەمەر تەویایە

تیرا تاڤا داغ روومەتێم سۆتی
گولیێد منە زەر بوونە زۆر کۆتی

ل سەر سەرێ من روونشتی گەمار
ل ناڤ خولیێدا مامە ئەزا ژار

گەمارا نۆکا بوویە کلێ من
خیزا سنجری کەلاند دلێ من

ڤەخارنا من گراڤێد گەنی
سەرچاڤێم رەشە هەروەکی تەنی

قووتێ منا رووت ئەزا خودان شەرم
نانێ ترسیە دگەل ئاڤا گەرم

زەندێ بێبازن بوونە قلێرین
تلیێد بێگوستیل رەش و قەرچمین

رەنگێ منە گەش بوویە رەش و هەش
چلمسین جۆتێ چاڤێد رەش و گەش

گەرما هاوینێ ب کەل و تینە
دلێ م ژارێ زۆر دکەلینە

لێ گەلۆ کەنگێ ئەزێ رزگار بم
ل نیشتماندا بجی و وار بم

کێ هەیە بێتن هاواری یا من
م رزگار بکە ل زولما دوژمن

لەگوندی ئێمە ...
ڕەنگە لە گوندی ئێوەش ...



داوەتێک دەگەڕێ وەرە ببینە
دوو کەسی تێدان دڵیان خەمگینە
یەکیان بووکە شەم یەکیان شەمزینە

. لێرە خەڵک هەموو خزموناسیاون،سارد و گەرمی ڕۆژگار لێکی نزیک کردوونەوە تا لە تەنگانەدا پشت و پەنای یەک بن.

کاک مەحموود ماڵی لە خوار ماڵی ئێمە بوو. پیری و ئیختیاری بڕستی لێ بڕیبوو نەیدەتوانی کار بکا."مێرێ"ی کچی پار ئەم دەمانە دابووە کوڕی برایمە رووتی و خۆی و خێزانی و شوانەی کوڕی مابوونەوە.

شوانە خەرجی ماڵی کەوتبووە سەرشان،لە مەلا بانگدانانەوە تا ماڵ نوستنان لەسەر پەڵە زەوییەکەیان کاری دەکرد و جارجارەش یارمەتی دەر وجیرانی دەدا .بە هەڵکەوت بۆ خەڵکیش دەچوو تا ماڵ هەڵسووڕێنێ.

خەڵک شوانەیان خۆش دەویست، کوڕێکی باش و ڕاست و داوێن پاک بوو ،خوشکی شوانە ئەگەر دەرفەتی بوایە خۆی دەگەیاندە ماڵە بابی و کاری ماڵی بۆ دەکردن.وەختی بژار و دەسکەنە و ڕنینەوەش دەچووە هاری(١) کاکی. مێرێ شوانەی زۆر خۆش دەویست ،زۆر جاران کە لە ماڵێ بەتەنێ بەجێ دەما بیری لە زەحمەت و چەرمەسەری شوانە دەکردەوە و بۆی دەگریا.

هەر لەبیری ئەوەدا بوو شوانە ژن بێنێ و پیرە دابکی بحەسێتەوە بەڵام ئەو ملی نەدەدا .

ڕۆژێک مێرێ بۆ کاکی چووبووە باقلە ـ ڕنینەوە .چای ئێوارەشی ساز کردبوو ، هەرای شوانەی کرد:

ـ کاکە ! چا حازرە ! وەرە چایەکی فەریک بخۆوە با ماندووت بحەسێتەوە .

ـ ڕووت سپی بێ خوشکم ئەوە هاتم .

ـ لەنێو تۆز و خۆڵ و گەرمادا چایەک " کاوڕەمێیەکی دێنێ" ! کاکە ماندوو نەبی .

ـ بەختەوەر بی خوشکم !

ـ ماڵت خرا نەبێ کاکە ! هەتا کەنگێ هەر بەتەنێ دەبی؟

ـ چ بکەم مێرێ؟

ـ کوڕە ماڵتە دایکم پیرە و پێڕاناگا یەکی دەوێ یاریدەی بدا .ئاخر من خۆ هەتا هەتایە ناتوانم یاریدەی بدەم. بەتەنێش کاری پێ ناکرێ....دوێنێ بابم دەیگوت :

ـ ئەوەندە نەمردووم مندالی شوانەشم دیوە.

ـ ئاخر بە چی ژن بێنم خوشکێ؟

ـ لە قەدیمەوە گوتوویانە"ئیمامی عەلی زامنی ژن هێنانە".

ـ نازانم چ بکەم؟....

ئەوەندی گوت ومات بوو ،هەناسەیەکی هەڵکێشا بۆ کرووزی لێدەهات .ماوەیەک بوو " شەمێ"ی کاخدری خۆش دەویست ،بەڵام دەترسا نەیدەنێ.بەردێکی لەسەر دانا بوو. لای کەس نەیدرکاندبوو .هۆی دەست ڕاگرتنیشی هەر ئەوە بوو .شەمێ کیژۆڵەیەکی جوان و نەشمیل و ڕەزاسووک بوو ،شەرم و

حەیای لە تاریف نەدەهات.

ئێواران دەستی دەدا جەرەسوور وبە بەر دەرگای ماڵی شوانەدا بۆ کانی دەچوو شوانە دەیدی و دڵی بۆی دەیکورکاند...... سەری هەڵێنا چاوێکی لە مێرێ کرد. بە دەرفەتی زانی ئەم رازە لە لای خوشکی بڵێ و پرێسکەی دڵی لای ئەو بکاتەوە.گوتی:

ـ مێرێ! خوشکێ گیان! ژن نەهێنانی من دوو هۆی هەیە.یەکیان ئەوەیە کە ئەوەی من خۆشم دەوێ بۆخۆی نازانێ یەکەو دوای وەش دەستم کورتە.

مێرێ کە وردە وردە بە ئاوات دەگەیی هێندێکیتر نزیک بووە و گوتی:

ـ کاکە خەمی پووڵت نەبێ خودا گەورەیە بەڵام بڵێ کێیە؟

شوانە بێ ئەوە هیچ بڵێ چاوێکی لە ئاوایی کرد و سەری داخست.مێرێ شکی بۆ شەمێ دەچوو.هەر ئەویشی قابیل بە کاکی دەزانی بەڵام بۆ ئەوە قسەکەی وەراست بگەڕێ گوتی:

ـ کاکە شەمێت خۆش دەوی؟

شوانە بە بیستنی ناوی شەمی راچەنی. سوور هەڵگەڕا.مێرێ گوتی:

ـ خەمت نەبێ! ئێوارە لە کانی بۆت پێ دەڵێم.خەمت نەبێ...هەر جۆرێکی بێ رازی دەکەم.

ئەودەم کە خۆرەتاوی لارەمل بەئەسپایی بەرەو باوەشی کێوەکانی رۆژئاوا دەخوشی، ماڵ ئاوایی لە لک وپۆ بەرزەکانی دارستانی ئاوایی دەکرد مێرێ بەرەوکانی داگەڕا.پاش تاوێک شەمێ پەیدا بوو، دانیشتن دەستیان بە قسە کرد، هێندێکیان قەراغ تێک کردەوە و دوایە مێرێ بە تەقیە شەمێی لە رووداوەکە ئاگادار کرد. شەمێ نەیدەتوانی جواب بداتەوە.شەرمی دەکرد لێوی دەگەست، بەڵام مێرێ سات بە سات سوورتر دەبوو. شەمێ ناچار بوو وڵامی بداتەوە. بەشەرمەوە گوتی:

ـ بابم دەزانێ....من دەسەڵاتم نیە.

مێرێ دەیزانی ئەو وەلامەنیشانەی رازی بوونە، ئاخر شەمێش عاشقی پیاوەتی و ئازایەتی و دەنگ خۆشی شوانە ببوو،بەڵام نەیدەوێرا هیچ بڵێ. لە خودای دەویست یەکێک وەک مێرێ لێی بپرسێ.مێرێ شاگەشکە ببوو.بە پەلە گۆزەکەی پڕ کرد و بەرەو ماڵ بۆوە. تا ئەو خەبەرە خۆشە بە شوانە بدا...

مزگێنی رازی بوونی شەمێی بە شوانەدا و هەموو شتێکی لە بنیاتەوە بۆ گێڕاوە. شوانە تەنیا ئەوەندەی گوت:

ـ دەی ئەوجار چ بکەین؟

ـ بەیانی ولام لە ماڵە کاخدری دەنێرین و کار تەواوە.

* * * *

باوکی شوانە بە کۆمەکۆم وەپێش دوو سێ کەیخودا کەوت و چوونە ماڵی کاخدر.

پاش بەخێر هاتن لە دەغڵ ودان و حاسڵی ساڵێ را پێدا هاتن، تا کاک هەمزە رووپەڕەکەی وەرگێڕا و خوازبێنی بۆ شوانە کرد.باوکی شوانەش بە ردێنی سپییەوە رووی لە کاخدر نا.

خدر پیاوێکی تووڕە و تۆسن و بێبەزە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کچی بە دیل دەزانی و ئاخاوتنی لەگەڵ کچ پێ شوورەیی بوو. ماوەیەک بوو سێ چوارێکی قۆشمەی خراپ هات و چۆیان دەکرد یەکیان حەمە سووری قاچاخچی بوو.خەڵک دەیانزانی حەمەسوور تریاکی دەفرۆشێ.پیاوێکی لۆتی و خراب بوو، ژنی بەلاوە گیر نەدەبوو.چوار ژنی هێنابوو سێی تەلاق دابوون.کاخدر هێندەی دی لەگەڵ ئەمجۆرە پیاوانە گۆڕابوو.بەڵام ئێستا نەیدەتوانی قسەی کاک مەحموودی باوکی شوانە و کاک هەمزە بشکێنێ،بۆیە وەقسە هات و گوتی:

ـ شەمێ چیە؟ بۆ قسان ناکەی؟
شەمێ سەری هەڵێنا چاوە پڕ فرمێسکەکانی لە مێرێ بڕی دوایە ویستی زاری هەڵبڕێ و هەموو شتێک بلێ بەڵام سەری بەرداوە و بێدەنگ بوو.
مێرێ بیری لە پێکبڕانی شەمێ و شوانە دەکردەوە وایزانی بیری شەمێ ئاڵۆزە و حاڵی نەبووە دیسان دووپاتی کردەوە؛
ـ شەمێ،دەزانی چمگوت؟ شوانە پوولی پەیدا کردووە هێندێکیش خاڵم دەستی گرتووە دیسان دەنێرێتە سەرت، بابت رازی دەکا. دڵی نەرم دەکا .تۆ دەدا بە شوانە ،شەمێ دڵنیام ئەوجار دەتدا ....دڵنیام.
شەمێ ئەوجار لە قوڵپەی گریانیدا ....
مێرێ سەری سوورمابوو .گوتی:
ـ قسان بکە شەمێ...قسە...
شەمێ وەقسە هات .بەڵام دەتگوت دەنگی نەخۆشێکی بناوبوێرە.....
ـ مێرێ.....دە...زانی چیە!...
شوانە لە دوورەوە دەنگی دەهات تێی هەڵکردبوێە. بە بیستنی دەنگی شوانە هەر دووک بێدەنگ بوون.

ئەی لە زاڵم
کیژ دەڵێ یارەبی خودایە
هەرچی دەبێتە باعیسی دوو دڵان
خێر لە ماڵ و مەنزڵی خۆی نەبینێ
ئاخری ساڵێ رەنج بەخەسار بێ
وەی زاڵم نەمێنی

مێرێ چاوێکی لە شەمێ کرد و گوتی:
ـ دەی ...
ـ دەی چی؟...من ...منیان لە حەمەسوور ....نەیتوانی درێژە بە قسەکەی بدا و دەستی لە ئەستۆی مێرێ کرد و لە قوڵپەی گریانیان دا.

* * * *

گریانی ئەم دوو کۆترە باڵ شکاوە دەوڵات دەگەڕا....دەرۆیی بەرەو ژوور... بەرەو ئاسمان....فرشتە پاکەکانی خوا ئەم کرووزانەوەیان دەبیست و دەهەژان....
داوەتێک دەگەڕێ وەرە ببینە
دوو کەسی تێدان دڵیان خەمگینە
یەکیان بووکە ئەم یەکیان شەمزینە....

* * * *

هەموو رۆژێ بانگی شێوان کە تاریمایی شەو لەسەرە خۆ بەسەر وڵات دەکشا و هات و هاواری رۆژ دادەمرکا ،عیفریتی خەم هێرشی دەبردە سەر دڵ شکاوەکان.
شوانە دەستی لە کار دەکێشاوە لەسەر تەختە بەردێکی دادەنیشت .بیری لە دڵی شکاو و ئاواتی بابردووی دەکردەوە..تێر تێر دەیڕوانییە ماڵی شەمێ دوایەدەیگوت:
خودایە بێتوو باڵی کۆترێک بشکێنن.....
هێلانەیەک بڕووخێنن، جزیایان دەدەی ئەدی ئەگەر دڵی مەزلوومێک بشکێنن و فوو بە چرای هیوا و هومێدی دڵێک دابکەن و زوڵم لە بەندەیەکی بێتاوانت بکەن چیان لێدەکەی؟
هێندێک رادەما و دوایە تێی هەڵدەکردێ
داوەتێک دەگەڕێ وەرە ببینە
دوو کەسی تێدان دڵیان خەمگینە
یەکیان بووکە ئەم یەکیان شەمزینە
ئەم دەڵێ بە دڵێ خۆ ناکەم
دەگری و کەوتەڕکان
سەت سوارم بۆ بێ میری باڵەکان
بە شوانەی نابێ مەر لە کێلەکان
بە دڵێ خۆ ناکەم لە گرین و رۆیە
سەت سوارم بۆ بێ میری شنۆیە
بە شوانەی نابێ مەر لەدم جۆیە
بە دڵێ خۆ ناکەم دەگری و دەنووکێ
سەت سوارم بۆ بێ میری کەرکووکێ
بە شوانەی نابێ مەڕ لە مێمووکێ.....
دەنگێکی ئاشنابوو....ناڵەیەکی بەسۆ بوو ئیتر گوندی ئێمە بە شوانەیان دەگوت: مەجنوون....

- شوانە چاوی منە ، کوڕێکی باش و بەکار و رەشیدە .خودا هەڵناگرێ چی خراپم پێوە نەدیوە خزمایەتی لەگەڵ پیاوی وەک مام مەحموودیش بەجێی خۆی جێی شانازییە .

بەڵام هەموو دەزانن دایکی شەمێ پار ئەمری خودای کرد و شەمێ بنەوانمانە .ئەگەر ئەو بە مێرد بدەم ماڵەکەم دەشێوێ. ئاخر دەبێ یەکێک بێ بنەوانیمان بکا .راستییەکەی ئەوەیە دەمەوێ شەمێ بەژن بدەم......

شەمێ لەپشت دەرگا لە پاشخانە گوێی هەڵخستبوو. بە قسەی بابی تێک چوو ،ئەگەر دەسەڵاتی بوایە وەژوور دەکەوت و دەیگوت : " نا...نا..من بەژن ناچم" بەڵام نەیوێرا چون دەیزانی پاش رۆیشتنی میوانان باوکی لە تەویلە لە کۆڵەکەی دەبەست و بە خەرەزەنان وەری دەگەڕایە ،بە تاوانی ئەوە کە بەر لەوە بابی ئاگادار بێ بەڵێنی شوو کردنی داوە.

جوابی خدر لە دڵی میوانان گران هات مام مەحموود کەزۆر بە پەرۆش بوو لێوە چرچەکانی دەلەرزین.گوتی:


- ئاخر کاخدر بابم ماشەڵڵا خۆ بێدەستە نی کوڕت هەیە ژنی بۆ بخوازە .دوو کچی دیکەشت هەن.چ خودا بەردارە دڵی شوانە دەشکێنێ .ئەگەر ژنیشت بۆ خۆت دەوێ بنێرە سەر کەسێکی و بیخوازە ،خودا سەلامەتت کا! خۆ ئەو خوشکی نیە بیدا بەتۆ برالە خودا هەڵناگرێ....

بەڵام دڵی وەک بەردی خدر ئەوانەی نەدەسطماندنەیدەتوانی پێ لە عەیبەکانی بنێ لە بیانوویەک دەگەڕا .دەستی بە سمێڵاندا هێنا و گوتی:

- برالە ،سێ چوار رۆژم مۆڵەت بدەن بۆ خۆم وڵامتان لێ دەنێرم....

* * * *

ماوەیەک رابرد کاخدر شەمێی دەماڵی کوولی کرد بوو. شەو و رۆژ یا لێی دەدا یا لاتاوی پیدا دەدا .نەیدەهێشت لە ماڵ وەدەر کەوێ.لەو ماوەدا لەگەڵ حەمەسوور کەینەوبەینەی خۆیان کردبوو .شەمێی دابوو بە حەمەسوور و خەجە سووری خوشکی حەمەی لەخۆی مارە کرد بوو .ئەوجار کە کار لە کار ترازا شەمێ دەیتوانی لەماڵ وەدەر بکەوێ.ئێواران وردە وردە دەچووە سەر قەبران.دەستی دە کێلی قەبری دایکی وەردێنا و دەستی دەکرد بە گریان.شوانەش لە دوورەوە تێی هەڵدەڕوانی و بە دەنگی بەسۆزی تێی هەڵدەکردێ :




ئەی لە زاڵم
کیژ دەڵێ یارەبی خودایە
هەرچی دەبێتە باعیسی دوو دڵان
خێر لە ماڵ و مەنزڵی خۆی نەبینێ
ئاخری ساڵێ رەنج بە خەسار بێ
وەی زاڵم نەمێنی.....

مندالەکانی خدری وەدایکیان دەچوون.رووح سووک و جوان و بەحەیا دایکی شەمێ بە مرد وویش هاورازی دڵی شکاوی شەمێ بوو...


شوانە بەو حەیس وبەیسەی نە زانیبوو کە شەمێ ژن بە ژنەی پێ کراوە حاسڵی ساڵێ و مانگایەکی ئەستێرو هێوەرەیەکی بردە بازار، فرۆشتی، تا بەڵکوو بە پووڵی ئەوان بتوانێ کاخدر رازی بکا و شەمێ بخوازێ.لە بازار گەڕاوە بە پەلە بۆلای ماڵی خوشکی چوو تا بچێ و ئەو مزگێنییە خۆشە بدا بە شەمێ .

مێرێ ئێوارە لە پشت دێ لەسەر قەبران شەمێی دی بۆی گێڕاوە .شەمێ مات بوو .خەم لە چاوی دەباری.کوڵی گریانی دە ئەوکی مابوو قسەی نەدەکرد.



«زانایانی بەناوبانگی کورد»

محەمەد سەدیقی مفتی زادە



ناوچەی سنە بێ گومان یەکێکە لە گەورەترین ناوەندەکانی فەرهەنگ و ئەدەبی کورد کەلە ئامێزی خۆیدا سەتان شاعیرونووسەر وفیلسۆف وزانای بێ وێنەی پەروەردە کردووە . لێرەشدا بەداخەوە هەروەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی پان و بەرین کە هەموو لایەن و سووچ وقوژبنی فەرهەنگەکەمان بگرێتەوە ،نەکراوە وئاگاداریمان لەژیان وبەسەرهاتی زانایانی سنەودەورو بەری زۆر کەمە .هیوادارین زانایانی ئەوڕۆی ئەم ناوچەیە تائەو جێگایەی دەتوانن لەم بارەدا یارمەتیمان بدەن. لێرەدا سەرگوریشتەی زانای بەناوبانگ دوکتۆر محەمەد سەدیقی مفتیزادە کە بە قەڵەمی خۆی نووسراوە و لە لایەن مامۆستا هەژارەوە بۆمان هاتووە ،بڵاودەکەینەوە :

* * *

ناوم محەمەدسەدیق ناوی بنەماڵەییم مفتی زادەیە لەساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی لەگوندی "دشە"لەناوچەی هەورامانی جوانڕۆ هاتوومەتە دنیاوە .

باوکم مەلاعەبدوڵڵای "مفتی" کوڕی"مەلا مەحموود" کوڕی "مەلامحەممەد"کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورە لەبنەماڵەی مەلایانی "دشە"یە .

دایکم کچی سەیید"شەهاب-بەدین"ی تاڵشی ودایکی کچی شێخ "عوسمان"ی تەوێڵەیی هەورامانە .

لەسالانی پێش شەڕی جیهانی یەکەم باوکم لە لایەن فەرمانڕەواکانی ئەردەلانەوە دەعوەتکراوە بۆشاری "سنە" وبووە بەمودەریسی خوێنگەی مزگەوتی "دارول ئیحسان" پاش چەن ساڵ، لە رۆژگاری فەرمانڕەوایەتی قاجاریەکان -دا دەعوەتکراوە بۆتاران ولەقەبی "مفتی کوردستان" ی، پێ دراوە وگەڕاوەتەوە بۆ شاری سنە .

تەمەنم شەش ساڵ بووە باوکم لەشاری سنە کۆچی دوایی کردووە .دایکیشم پێنج ساڵ پاش کۆچی دوایی باوکم لە "دشە" لەدنیا دەرچووە .

خوێندنی سەرەتاییم لە گوندەکانی :دشە وخانەگا و شاری سنە دوایی هێناوە . لە ساڵی ١٣١٥ی کۆچی هەتاوی دەستم کردووە بە خوێندنی عولوومی ئیسلامی و لە خزمەتی زانایانی ئایینی مەڵبەندگەلی شارەزوور،مەریوان، موکریان وشارگەلی :پێنجوێن سلێمانی ،کەرکووک ،هەولێر رەواندز ،مەهابادوسنە دەوسم خوێندووە .

ئەوزانایانە کە لە

خزمەتیاندا دەرسم خوێندووە ئەمانەن: کاکم حاجی مەلا خالیدی مفتی، مەلا سەیید عارف، مەلا سالحی "تریفە" سەییدبابا رەسوولی "عەبابەیلی" لە مەلبەندی شارەزوور، مەلاباقری بالک، مەلامەحموودی "دەرەتفێ" لە مەریوان، مەلا عەلی "حەمامیان"، مەلا شێخ محەممەدی "بورهان" لە موکریان، مەلاعارفی بانەیی مەلاسەییدعەلی لە "پێنجوێن" مەلامستەفای خاجی، مەلا رەسوولْ، مەلاعەبدولای بێژوێی لەسلێمانی، مەلا عەزیزی شلی خانەیی لە کەرکووک، مەلا سالحی دیبەگەیی، مەلا ئەبووبەکر ئەفەندی لەهەولێر مەلاعەبدولکەریم ئەفەندی لە رەواندز، مەلاسەدیقی سەدیقی مەلا حسینی مەجدی لە مەهاباد مەلامەحموودی مفتی کاکم لە شاری سنەکە ئیجازەی عیلمیم بەلای ئەوەوە وەرگرتووە ولە دوایدا لەشاری سلێمانی ماموستایانی هەیئەتی زانیاری ئایینی ئەوقاف پاش تاقی کردنەوە، ئەوئیجازەنامەیان بۆم مۆر کردووە ولە تارانیش شوورای عالی وەزارەتی فەرهەنگ ئیجازەنامەی ئیفتاوتەدریسی بۆم دەرکردووە.

لەسالّی ۱۳۲۳ لەوەزارەتی فەرهەنگی ئەو رۆژگارە و ئامووزیشوپەروەریشی ئێستا بووم بە ماموستاو لە شارگەلی مەهاباد وسنەوخورەم ئاباد وتاران دەرسم داوە. لە سالّی ۱۳۴۱ لە دانشکەدەی ئیلاهی یات ومەعاریفی ئیسلامی دانشگای تاراندا دەورەی لیسانس ودوکتۆریم دوایی پێ داوە ولەدانشکەدەی ئەدەبیاتیش دا ماوەیەک خەریکی عولومی تەربیەتی و زمانەوانیش بووم لەو ماوەیەشدا لەدەبیرستانەکانی شاری تاران دەرسم داوە.

لەسالّی ۱۳۴۹ بووم بە ماموستای زمان وئەدەبی کوردی دانشکەدەی ئەدەبیات وعولوومی ئینسانی دانشگای تاران، لەوماوەیەدا بێجگە لە دەرس دانی زمانی کوردی ئەدەبیاتی فارسی وعەرەبیشم تەدریس کردووە.

لەسالّی ۱۳۵۹ کە بە هۆی شۆڕشی فەرهەنگییەوە، زانستگای تاران داخرا، بۆ من دەرفەتێک بوو تا لە مالّ دانیشم ونووسینی ئەورێزمانە کوردی یەم کەبە دەستەوە بوو تەواو بکەم. لەگەلّ ئەوەشدا خەریکی لەسەرنووسینی دیوانی مەولەوی (مەعدوومی) بووم وئێستاش هەر خەریکی ئەوکارەم.

"چۆن بوو خەریکی زمان و ئەدەبی کوردی بووم"

لەسەرەتای ئاوەزیانمەوە خەریک بوونی خوێندنەوەی هونراوەکانی مەولەوی، ولێ دوان لەماناکانیان لە لایەن ئەندامانی بنەمالّەکەمان ودۆستانەوە، هانی دام کە پێوەندی یەکی بەتین لەگەلّ زمان وئەدەبی کوردی دا بهێنمە دەس. ئەم پێوەندی یە بووە هۆی ئەوە کەئەو ماوەیە کەلە کوردستانی عێراقدا ئەم خوێند، زۆرتر خەریکی زمان وئەدەبی کوردی بم تالە سەرەتای دەست پێ کردنی شەڕی جیهانی دووهەمدا کە سیاسەتی فەرمانڕەوایی تورکیا گۆوارونامەنووسینی کوردەکانی ئەوێ بۆ ولاّتانی دەرەوە، ئازاد کرا، کاکم "محەممەدمیهری بەگ" کە پێش شەڕی جیهانی یەکەم شەهیدی نەمر، شێخ عەبدوالقادری گەیلانی زادە لە شاری رەواندزەوە لەگەلّ خۆی بردبووی بۆشاری ئەستەمبوولّ (بەداخەوە من هەرچاوم پێ نەکەوت)، بۆیەکەم جار بەکوردی نامەی بۆنووسیم ولەنامەکەیا زۆر هەلّی نابووم کە لە خزمەت کردن بەزمان وئەدەبی کوردی لەهەر هەل ومەرجێکدا کۆتایی نەکەم. ئەو هەلّنانی ئەوانە بوو بە هۆی ئەوە کە زۆرتر لەجاران خەریکی لێکۆلّینەوە لەزمان وئەدەبی کوردی بم.

لەسالّی ۱۳۳۸دا کە لە لایەن حوکوومەتەوە رۆژنامەی کوردستان لە تاران دەرچوو پێشنیاری سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیەم قەبوولّ کرد

چونکه له لایەکەوه به هەلێکی گەورەم زانی که لەورێگایەوه به پێی توانایی خۆم خزمەت بەزمان وئەدەب و مێژووی گەله چەوساوەکەمان بکەم ولەلایەکی دیکەشەوه پێموابوو دەرچوونی ئەو رۆژنامەیه بەزمانی کوردی له لایەن دەوڵەتی ئێرانەوه باوەکوو مەبەستێکی تەبلیغاتیشی تێدا بووبێ ، بەڵام پێ هاتنێکی بەڵگەدار بوو سەبارەت بە هەبوون (مەوجوودی یەت)ی گەلی کورد زمان وئەدەب ونیشتمانی.

لەوساڵانەدا کەسەرنووسەری رۆژنامەی کوردستان بووم، گەلێ مەتالیبی ئەدەبی کوردیم نووسیوه و لەو رۆژنامەیەدا له چاپدراوه هەندێ لەومەتڵەبانه ئەمانەی خوارەوەن :

١ـ کۆکردنەوەی نزیکەی ٢٥٠پارچه له هۆنراوەکانی سەیید"عەبدورەحیمی مەولەوی" لەنێو بەیازه دەسنووسه کۆنەکان وراستکردنەوەیان وکورته لێ دوانێ له مانای هۆنراوەکان .

٢ـ کۆکردنەوه وراستکردنەوەی زۆربەی هۆنراوەکانی "وەلی دیوانه" .

٣ـ کورته لێکولینەوەیەک لەدیوانی "مەلاپەریشان" وله چاپدانی هەندێ له هۆنراوەکانی .

٤ـ راستکردنەوەو لەسەر نووسینی دیوانی"سەییدسالحی کرماشانی" .

٥ـ راستکردنەوەی شیرین وفەرهاد دانراوی مەلا



"وەلەدخانی گۆران" .

٦ـ راستکردنەوەی هەندێ، له هۆنراوەکانی"کەنیزەک و یازدەرەزم" که بەشێکه له شانامەی کوردی دانراوی "سەرهەنگ ئەلماسخانی کەنوولەیی" .

٧ـ زەنجیره وتارێ له بارەی رێزمانی کوردی یەوەله ژێر سەردێرِی چۆن بنووسین و بخوێنینەوه" .

٨ـ زەنجیرەوتارێ له بارەی ژیانی کۆمەڵەکەمان ورەخنەگرتن له هەندێ بیرو باوەرورەسم ویاسای نالەباری کۆمەڵایەتی لەژێرسەردێرِی "لەکۆمەڵا چۆن بژین ؟" .

٩ـ کۆکردنەوه وراستکردنەوەی دیوانی مەلا "حامیدی ئالیجانی" له ناوچەی ژاوەرۆ .

١٠ـ راستکردنەوەی شەرەقسەی ئاسمان وزەوی ، هەڵبەسراوی "میرزاعەبدولقادری یاوەیی" .

١١ـ راستکردنەوەی جەنگەنامەی "کولەوعاینەمەل" هەڵبەسراوی "میرزاعەبدولقادری یاوەیی" .

١٢ـ کۆکردنەوەوراستکردنەوەی شوێنەواری شیعری گەلێ له شاعیرەکانی کورد له ژێرسەردێرِی:"لەهەرگوڵزارێ گولێ" .

١٣ـ چەندپارچەهۆنراوەیەکی نیشتمانی ونەتەوایەتی و عیشقی وچەند وردەچیرۆکی هۆنراوه بەشێوەی تەنز و توانجی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی وەک "چیرۆکی ملم

رێوی و پەپووسلێمانە و چیرۆکی "فیل و بولبول".

۱۴- زەنجیرە وتارێکی فەلسەفی سورشتی لەژێر سەردێڕی" ڕێگای خوداناسی".

۱۵- مێژوولکەی حوکوومەت ـ کانی کورد.

۱۶- ڕاستکردنەوە ولەچاپ دانی مناجاتی "خانای قوبادی" بەناوی " حەفت بەند".

ئەو مەتالیبە هەموویان لەژێر عونوانی"م.ص.م" کە کورتکراوەی محەمەدسدیق مفتیزادە"یە ،لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە چواربەشدا بەرگ گیراون لە دەسدان.

ڕۆژنامەی کوردستان با وەکوو لەژێر چاوەدێری سەختی حوکوومەتدا دەرئەچوو، لەگەڵ ئەوەش لە ڕاستەقینەدا خزمەتێکی گرینگی بە زمان و ئەدەب و مێژووی گەلی کورد ئەکرد .بەڵام پاش چوار ساڵ بۆ دەولەت دەرکەوت کە لەچاپ دانی ئەو روژنامەیە جگە لە زیان بۆ سیاسەتی دەوڵەت سوودێکی تێدا نیە ،ئینجا لەبەر ئەوە لە سەرەتای بەهاری ۱۳۴۲ دا ڕۆژنامەکە داخرا.

جگە لەو کارە ئەدەبییانە کە لە ڕۆژنامەی کوردستان جێ بەجێم کردوون،لە ساڵی ۱۳۳۸ وە تا پاییزی ساڵی ۱۳۵۸ چەن زنجیرە وتاری ئەدەبیم لەبارەی ئەدەب و مێژووی کوردەوە نووسیوە و لە ڕادیۆی کوردی ئێران بڵاو بوونەتەوە و بەشێکی زۆری ئەو وتارانە لەدەست دایە .هەندێ لەو وتارانە لەژێر ئەم سەردێڕانە بڵاو کراونەتەوە: لێک دانەوەی وێژەیی ،بەسەرهاتی باو باپیرانمان،وێژە و وێژەوانان پەندی پێشینیان،ڕاست کردنەوە و لەسەر نووسینی دیوانی نالی، شیعری شێوە گۆرانی کوردی مەستوورەی ئەردەڵان کەبۆ یەکەم جار لە نێو بەیازە کۆنەکان دا بە دەستم هێنابوو".

* * * *

. گرینگ ترین کاری مامۆستا دوکتور مفتیزادە شیکردنەوەی شیعرەکانی مەولەویتاوەگۆزی یە. بۆخۆی لەپێش وتارێکدا کە لەسەر غەزەلەکانی مەولەوی نووسیویەتی دەڵێ:

" لە سەرەتای ئاوەزیانمەوە جاروبار گوێم لە هۆنراوە ـ کانی مەولەوی ئەبوو کە خزمان و دۆستان لە کۆڕ و کۆمەڵی شەوانە و ڕۆژانەدا بە بۆنەیێکەوە دەیان خوێندەوە. جوانی وپاراوی ئەم هۆنراوانە کەمکەم سەرنجیان ڕاکێشام و حەزم ئەکرد منیش وەکوو ئەوان ئەو هۆنراوانەم لەبەر بن و لە مانا و مەزموونی دلڕفێنیان تێبگەم .ئەم حەزە پاڵی پێوەنام کە ڕۆژ بۆ ڕۆژ زۆرتر لە هۆنراوە ـ کانی مەولەوی بکۆڵمەوە، لە هەر جێگایەک دەسنووسێکی کۆن و تازەی شیعریم چاوپێ بکەوتبایێ،ئەگەڕام کە هۆنراوەکانی مەولەوی لەناو ئەو هۆنراوانەدا بدۆزمەوە و بە سەر و پێ شکاوی بیانخوێنمەوە".

بەداخەوە ڕەشەبای مردن مۆڵەتی نەدا بەروبوی باغی ئەم زانایەمان بەتەواوی دەسکەوێ و پێش تەواوبوونی ئەم کارە گرینگە دنیای بێوەفای بەجێ هێشت و شی کردنەوەی دیوانی مەولەوی بە ناتەواوی بەجێ ما.

مامۆستا محەمەد سەدیق مفتی زادە لە مانگی سەرماوەزی ۱۳۶۳ لە شاری تاران وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی وەیسولقەرەنی کرماشاندا بەخاک ئەسپێردرا هیوادارین بتوانین لە ژمارەکانی داهاتووی سروەدا هیندێک لە ئاسەواری ئەو زانا پایەبەرزە بڵاو بکەینەوە.

چون نووسەری ئەم وتارە ئەمری خودای کردووە، لەباری ڕێزمانەوە دەستمان لە نووسراوەکەی نەدا.

مەڵبەندی موکریان شاهیدی لەمێژینی هەزاران کارەساتی گرینگی مێژوویی یەو سینگی دانیشتوانی پیری ناوچەمەکۆی گەلێک چیرۆک وئەفسانەی حەماسی ودڵداری یە. کەم وابووە ئازایەتی یەک لەم وڵاتە بووبێ وچەرخ وخولی زەمان توانیبێتی خۆڵی فەرامۆشی بەسەر داکا و لە پەردەی مێشکی خەڵکی ناوچە بیشواتەوە .

کچە هەرمەنی

ق-بابامیری



لە درێژایی مێژوو هەر چەشنە کارەساتێک کەقەوماوە وبنجی کۆمەڵایەتی بووە ، یا لە دێڕی نووسراوە و کتێبە مێژوویی یەکاندا جێی گرتووە ،یان ئەگەر ئەوەش ، نەگونجابێ ، لەسەر زاری بەیت بێژ وحەماسەرایان مەوزوون ورێک وپێک کراوە ولە قالبی فۆلکلۆردا وەک بەشێک لە فەرهەنگی رەسەن و خۆماڵی خەڵکی ناوچە لە مەترسی بەتلان ولەبیرچوونەوە پارێزراوە .

ئەوەی لەم وتارەدا شیاوی باس وسەرنجە ،نەفسی کارەساتە،کە چ شوێنێکی لە سەر بیروڕای دانیشتووان داناوە ومێشکی جەماوەر چۆنی وەرگرتووە ،دەبێ قارەمانی رووداوەکە چ کردەوەیەکی نواندبێ کە والە سینگی قایمی مێژوو رۆچووە و پاش ئەم هەموو سووڕوگەڕە پلەوپایەی بەرزی هەربەردەوام وبەهێز ماوەتەوە .

عەبدو لعەزیزی داسنی ، کاکەمەم ،شیخ فەرخ وخانی لەپ زێرین لە کامە رەپێڵگەوە بەرەوناخی مێژوو بەڕێ بوون کە ئێستاش ناوی بەرزیان لە سەر لێوی لەرزۆکی پیرەی بەیتبێژان هەربەتاوە وئاو دەزێنێتە چاو .

هەمیشە هەروا بووە ، کە شۆڕە سوارێک رکێفی لە ئەسپی ئازایەتی داوەو کەندولەندی مەودای بەرەوئامانجی تروسکەداری نەتەوەی بڕیوە ، تەنانەت بەگلانیش هەرمان ونێودێری سوارچاک نەکەوتۆتە مەترسی لەبیر چوونەوە وکردەوەی بەرزی قارەمانی کارەسات رێبازی پەسندکراوی بۆهەڵکەوتووانی داهاتوو ،هەڵبژاردووە ، ئەوە راستی یەکی رووتە کە بە ئاشکرا لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی گەلی کورددا ، وەبەر چاودێ و لەئاسمانی ئەدەبی فۆلکلۆر وەک ئەستێرەیەکی ورشەدار ، لە تروسکانەوە وگرشەدایە .

ئەگەر چاوێکی ورد و بە سەرنجەوە بەسەر کتێبە مێژوویی‌یەکاندا بگێڕین لە لابەلای هەر دێڕەنووسراوەیەک تووشی کارەساتێکی حەماسی دێین ولە هەر قوژبنێک قارەمانێک سەر هەڵدەدا و زۆر زوو بەم راستی یە دەگەین کە مێژوو بەسەرهاتی ئەندامانی هەڵکەوتەی کۆمەڵە .

گەلێک جاران باسی (کچە هەرمەنی)م لەزاری کۆنە پیاوەکانی وڵات بیستبوو ، بەڵام هەرتا ئەورادەیە کە فلان رووداو لە ساڵی کچە هەرمەنیدا ،قەوماوە یان فیسار کەس لەم ساڵەدا ،وای بەسەر هاتووە ،تا ئەوەی کە رۆژێک لە خزمەتی کاک عومەری عەلیاردا بووم و داوام لێکرد تا ئەگەردەتوانێ کورتەیەکم سەبارەت بە کچەهەرمەنی بۆ بگێڕێتەوە لە گەورەیی خۆیان رێنموونیان کردم وفەرموویان : تا ئەو جێگەیەی دەتوانی

پاڵ وەقسە ودەمگۆ مەدە و تێبکۆشە بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین بەکتێب و نووسراوە مێژووییەکان پشت ئەستوور بی دەنا بێ شک بەهەڵەدە چی وسەرت لێ دەشێوێ.

پەندی کاک عومەرم لە گوێ گرت وئەمجار شوێنی کچە هەرمەنیم لە کتێب و نووسراوا سداگێڕا. پاش هەڵگێڕوەرگێر کردنی چەند کتێب ،بەسەرهاتی کچەهەرمەنیم وەک لە خوارەوە دەیبینن نووسیوە وهیوادارم خوێنەرانی بەڕێز بەم کورتە مەقالەیە دانەکەون و بە یاری خودا ،لە ژمارەکانی دیکەی سروەدا ،چاومان بە توێژینەوەی پوخت وپڕنێوەرۆ- کتر روون بکەنەوە.

لەسەردەمی دەسەڵاتداری بنەماڵەی قاجار لەساڵەکانی دوایی چەرخی هەژدەدا ،بازرگانێکی ئینگلیسی بە ناوی (گرانفلید) بۆ تیجارەت دێتە وڵاتی کوردستان ،چەند ساڵێک خەریکی کەسب وکار دەبێ و ماڵ وسامانێکی زۆر وەسەریەک دەنێ ودەگیرسێتەوە لە ئەرمەنی یەکانی نیشتەجێی کوردستان ژن دەخوازێ و دەبێتە خاوەنی کچێک و ناوی دەنێ (کەتی). یازدە ساڵ پاش زەماوەند ،بازرگان دەمرێ وملک وماشێکی زۆری لەپاش بەجێ دەمێنێ ، کەتی لەژێر چاوەدێری دایکیدا گەورە وعازەب دەبێ ووەک هەموو کیژێک ئەویش بەحوکمی سروشتی ئینسانی دەردی ئەویندا ری سەری لێدەدا و عەزیزبەگ ناوێکی کورد دڵی لێ دەستێنێ.

ماوەیەک پێدەچێ و عەزیز رادەسپێرێتە دایکی کچە و خوازبێنی کیژەکەی لێدەکا ، بەڵام ژنی بازرگان جیاوازی ئایینی دەکاتە بیانووکچی ناداتێ کەتی داوا لە عەزیز دەکا هەڵیگرێ و رووبکەنە مەڵبەندێکی دوورەدەست. جووتەیئەویندار دەستی یەک دەگرن وبەرەو وڵاتی عوسمانی دەکەونە رێ .کەتی دێتە سەر دینی ئیسلام وموسوڵمان دەبێ وبە ئەمری شەرع خۆی لە عەزیز مارەدەکا وناوی"فاتمە" بۆخۆی هەڵدەبژێرێ.

ژنە ئەرمەنی شوێنیان دەگێڕێ وپاش ئەوەی جێگەیان دەبنە دەکا یارمەتی لە دەوڵەتی ئینگلیس دەوێ تا کیژەکەی لە عەزیربەگ بستێنێتەوە لەلایەن سەفارەتی ئینگلیسەوە بە رەسمی داوا لە دەوڵەتی عوسمانی دەکرێ تا عەزیز بەردەست بکرێ و کیژی ژنە ئەرمەنی بدەنەوە دەست دایکی،بەڵام عوسمانی بۆ ئەوەی نەکەونە بەر تووک و گلەیی عولەمای ئیسلامی،هەل ومەرجێک پێک دێنن تا عەزیز دەستیژنەکەی بگرێ وبگەڕێنەوە بۆساوجبلاغی موکری (مهابادی ئەمڕۆ) ژن ومێرد دێنە سەر ئەو رایە کەخۆلەشابەندەرخانەی عوسمانی هاوێن وداوا لە تومای ئافەندی (شابەندەر) بکەن کە پەنایان بدا و لە بەرامبەر داوخوازی "ئینگلیس" دا لاگیرییان بکا ، هەواڵ بە سەفارەتی ئینگلیس دەگاتەوە وئەمجار لە سەر حکوومەتی ئێران دەکەن کە کیژی ژنە ئەرمەنی لە شابەندەرخانە وەدەرخەن وتەحویلی مەئموری ئینگلیسی بدەن ، تەلەگرام لە لایەن دەوڵەتی نێوەندی یەوە بۆ حاکمی ساوجبلاغ دەچێ وداوای لێ دەکەن کە بێ درەنگ عەزیز قۆڵ بەست و کچی بازرگان تەسلیمی سەفارەتی ئینگلیس بکەن کەچی بەرلەوەی حاکم، پیاوبنێرێتە سەر عەزیزبەگ، نێزیک بە سەد کەس لە خەڵکی ساوجبلاغ دەست دەدەنە چەک و بە هانایانەوە دەچن ولە دەوری شابەندەرخانە مەتەرێز دەگرن و تەنانەت وەک (ئیعتمادوسەڵتەنە) لە رۆژنامەکەیدا دەنووسێ،گۆیا چەند پیاوی حاکمیش هەر کە دەگەنە نزیک شابەندەرخانە بە دەستکوردە چەکدارەکان دەکوژرێن حاکمی ساوجبلاغ کە خۆڕاگری وبەرەنگاری توند و تیژ لە لایەنگرانی عەزیزبەگ دەبینێ ،وڵام لە دەوڵەتی نێوەندی دەنێرێ وداوا دەکا کە بە سوڵح وسەلاحەت کێشەکە

ببڕێتەوە

سێ دەوڵـەتـی ئێـران و ئینگلیس وعوسمانی بۆدیتنە ـ وەی ڕێگا چارەیەک،دەکەونە باس ورا وێژ بەڵام پێداگرتنی شێلگیرانەی ئینگلیس بۆ ئەستاندنەوەی کچی بازرگان دەبێتە هۆی بێ ئاکام مانەوەی باسەکە ولە پاشان بڕیار دەدرێ لێژنەیەکی دیکە بگیرێ وروون بکرێتەوە کە کچە ئەرمەنی بەویستی خۆی موسو ـ ڵمان بووە یا عەزیز بەگ ، فریوی داوە و بە دەهۆ هێناویەتە سەردینی ئیسلام .

هەواڵ بۆ ئەمیرنیزام دەچێتە تەورێز ، ئەویش عەلینەقی خانی سەرتیپ لە گەڵ مسترپترین (جێگری کونسوولی ئینگلیس) وبێهجەت ئەفەندی (ژێنراڵ کوونسولی عوسمانی) بۆ نێوبژی و نەسیحەتی سەربزێوان و ئەستاندنەوەی کچە ئینگلیسی وبەشداری لە کۆڕی لێکۆڵینە ـ وە دەنێرێتە ساوجبلاغ .

بێهجەت ئەفەندی وشابە ـ ندەر لەعەزیز وئاوالەکانیان دەوێ کە لەوەپتر پێ نەچەقێنن وکچەکە بەدەستەوە بدەن دەنا بە هیلاک دەچن ، بەم قسانە لایەنگرانی عەزیز هێندەی دیکە بەرقدا دەچن، بەتوندی هەڕەشە لە بێهجەت ئەفەندی دەکەن وبە تەما دەبن شابە ـ ندەر بکووژن کە بە هەزار کێشەکێش وپێ دزەلە مەرگ رزگاریان دێ وبەرەنگ بەزر ـ کاوی رادەکەنەوە مالّی عەلینەقی خانی سەرتیپ

پاش پەیوەندی گرتن لە گەڵ سەفارەتی دەوڵەتی عوسمانی ودەوڵەتی ئێران و دوای چەند جار کۆبوونەوە لە لەندەن وئەستەمبووڵ ئەمیر نیزام ئیزن درا تابۆ سەر کوت کردنی چەکدارەکانی دەوری شابەندەرخانە لە تۆپ وباقی کەرەسەی شەڕ کەلک وەرگرێ .




قۆشەن دەڕازێنێتەوەوتۆپ وسواروسەربازێکی زۆر دەداتە دەست شازادە (نوسرەتوددەولە) وبەرەو ساوجبلاغی موکری دەنێرێ.


لە رۆژی پازدەی زیحەجەی ساڵی ١٣٠٨ی کۆچیدا ،تۆپخانەی لەشکر عەزیز و چەکدارەکانی تۆپ باران دەکا و شەڕێکی قورس دەست پێدەکا . پاش تەقە ولێکدانێکی زۆر فاتمە خانم رادەبەرێننە مالّی حاکمی شار ودەوری مالەکە گەمارۆ دەدەن ،تەقە دەوەستێ وحاکم دەستوور دەدا تا جێ بەجێ کۆڕێکی لێ پرسینەوە بە بەشداری جێگری سەفیرئینگلیس وئەمیرنیزام وچەند کەسێکی تر پێک بێ وروون بێتەوە کە کچی گرانفلیدی بازرگان چۆن موسوڵمان بووە ، فاتمە خانمیش حازر دەکرێ و لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە بەویستی دڵی خۆی موسوڵمان بووە یا بە زۆری عەزیزبەگ، دەڵێ :

ئەمن عەزیزم هاندا هەڵم بگرێ وبە رەزامەندی خۆم چوومە سەر دینی ئەوو زەماوەندم لە گەڵ کردووە و ئێستاش پەشیمان نیم وخۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ژنی عەزیزبەگی کوردم پێدەڵێن .

دووجاری دیش ئەندامانی کۆڕ ئەم پرسیارەیان لە فاتمەخانم کردەوە بەڵام هەر ئەوەیان لێ بیست کە پێشتر گووتبووی .

لە کوتاییدا ،عەزیزدەستی خێزانی گرت ولە مالّی حاکم دەرکەوتن وژیانی ئاساییان دەست پێ کردەوە .







وتووێژێك دەگەڵ: ع خزری

پرسیاری ٤ـ ئایا باس کردن لە مەبەستی وەک ژن بە ژنە، رەدوو، وەدواخستن وئەوباوە نالەبارانەی کە لە کۆنەوە ماون لە کاری لێ کۆڵینەوەی فۆلکلۆردا بە بڕوای تۆ شوێنێکی ناحەز و ناشیرینی نابێ ؟

وەڵام ـ ئەوباوە ناحەزانەی کە باستکرد و زۆر باو و رەسمی دزێوی دیشکاتێک ئێستاش هەن دەبێ دان بەوە دابنێین کە راستی یەکی تاڵ ونالەبارن ومادام کە هەن دەبێ باسی لێ بکرێ .

بەڵام ئایا لە کاری لێ کۆڵینەوەدا باسلێ کردنیان شوێنی خەراپی دەبێ یان نا ؟

بەڵێ ،ئەگەر نەزانین چۆنیان باس بکەین شوێنێکی خەراپی دەبێ . ئەگەر نەزانین چۆنیان باس بکەین کارمان وەک کاری ئەوکەسەی لێ دێ کە باسی زیانی سیغار کێشان لە لای سیغارکێشێک بکا .

ئەو سیغارکێشە ئەوەی تۆلێی دەترسێنی ئەو بە لەش وخوێن ودەمارو پێستەوە هەستی دەکا ولە تۆی باشتر دەناسێ .

واباشە بگەڕێیەوە سەر رەگ وریشە وهۆی ئەوباوودابە ناحەز و نالەبارە و لە بارێکی ترەوە بۆی بچێ وبەو زانستانەی کە دەیبینێ مەودایەکدا بنێی بۆبیرکردنەوە وئەوەی تۆ دەیزانی وئەوەی بڕوای وانە وئەوەی هەیە لە بەرانبەر یەکیان دابنێی ولق وپۆهەڵنەپەرتێوی وکارتبە رەگ وریشە بێ .

بۆوینە گۆرانی " لانک لانک لانکۆڵێ‌گۆرانی یەکی زۆر ناحەزە ومانا ونێوەرۆکی زۆر پر لە عەیبو ئیرادی هەیە ، "هەی رۆڵە سەردڵ خڕ بی باب مردووبی شەو درەنگە بۆ جێ ژوانێ" ،یانی دایکێک کە بەهەشتلە ژێر پێی دایە ، کە رۆڵەی ئازا و بە شەرەف پەروەردەکا ، کە بە نیشتمانی بزانین، کە لە داوێنیدا هەزاران قارەمان گەورە بن .وای بەسەربێ کەبەجێگەی ئەوەی منالێ بە شێوەیەکی پاک وسەربەرزانە دەخەو بکا ولایە لایەی وەک ، مامۆستا هەژار بۆ بلێ شەڕی دەگەل بکا کە زووتر بخەوێ هەتا رۆژ نەبۆتەوە و کەڵەشێری بەیانی لێی لە هەڵلا نەداوە و باوکی پێی نەزانیوە ،ئەو بچێتە لای زەلامێکی بێگانە ودڵداری بکا ، خۆئێمە لەوەمان ناحەزتر نیە. یانی زۆرژن بە ژنە بوون کە جوان دەستی پێ کراوە وئێستاش بەباشی بەردەوامە .

بۆی هەیە زۆر رەدواکەوتن و زۆر رەدوخستنێک مەسەلەن هۆیەکی باشیان بووبێ و بۆ

وێنە هەڵگەڕانەوەیەکی بە چێ بووبێ لە بەرانبەر زوڵم و زۆرداریدا .

بەڵام خۆڵەوە ناحەزتر و دزێوتر ونالەبارترمان نیە دایکێکی کورد وا بەمناڵەکەی بڵێ .

باهەر باس لەو مەبەستە بکەین ،هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە لەوانەیە ئەو دایکە لە سەر پشتی لانکێ بە شوو درابێ ؟ هیچ وێ ناچێ بە زۆر دابێتیان بە پیاوێکی پیر؟ بۆباس لەوە ناکەی بەرخوێن بێ ؟ بۆ قسە لەوە ناکەی زاڵم و زۆردارێک لە دیوی زاواو بووکایەتی رایکێشا ـ بێتەدەر؟ بۆ بیر لەوە ناکەیەوە ئێستاش لە ناو کوردە کۆچەرەکاندا ئافرەت دەفرۆشن وکاریان بەوە نیە ئافرەتەکە رازی یە زاوا پیرە، یان نا ؟

لێرەدایە کارێکی پوخت و جوانی فەرهەنگی و رووکردن وهێنانەوە رووی هەموو داب و باوێک تا چ رادەیەک پاک وپیس لێک جیا دەکاتەوە و دەتوانێ دەورێکی باشی هەبێ .


ئەوە باری پیسی یەکەی بوو دەشتوانین باس لە گەوەرێ بکەین ،ئەوشێرەژنە قارەما ـ نەی ناوچەی موکریان کە منالی دووساڵەی ، کۆرپەی خوشەویستی لە بەر چاوی بە زیندوویی لەت وکوت کرا .

بەڵام ناموس وشەرەفی خۆی نەفرۆشت ورووداوی دڵتەزێن و پڕلەشەرەف و ئازایەتی "ئەشکەوتی گەوەر"ێی بۆ هەمیشە لە نێودڵاندا جێ کردەوە .

ئەوانەن ئەو بارە جوان و ناحەز و نالەبارانەی کە دەکرێ شان بە شانی یەک باسیان لێ بکرێ و شی بکرێنەوە .

شوو بدەی ،نابێ بەرخوێن بمێنێ ،نابێ ژن بە ژنە بکرێ ،نابێ کچ بۆبابیان بە مێرد بچن ،و ئافرەتیش وەک هەموو ئادەمیزادێک دەبێ مافی ژیانی هەبێ و لانی کەم تەرخان بکرێ لە شەریکی ژیان هەڵبژاردندا کە کۆمەل تووشی فەسادنەبێ کە هەزاران رووداوی دڵتەزێن روو نەدەن .

بەڵێ دەبێ باس لە



بەر لەوەی کە بڵێی ژن بەژنە ،رەدواخستن ،رەدووکەوتن،بەرخوێن ، چوونە حاشایە خەراپە ، دەبێ هەوڵ بدەی لە رێیەکی راست ودروست و زۆر نیزیکەوە رادەی تێ گەیشتنی خەڵک بەریە سەر ، زۆر باری تر بگۆڕی هەتا مەودایەک بۆ خۆنواندنی ئەو بارە ناحەزانە نەمێنێ ئەوکات کۆمەڵ دەزانێ نابێ منال لە سەر پشتی لانکێ بە

مارەیی زۆر وشیربایی وخاوەن کیژی ساماندار و لاوچاکی بێ دەسەڵاتی هەژاریش بکرێ .

ژن بەژنە ، رەدواکەوتن رەدووخستن ،بەرخوێن ،شیربایی چوونە حاشاو......... هەزاران رووداوی دڵتەزێن وخەمهێنەر یان دەگەڵە کە لەبەر چاوان نین .

کاتێک پیاوێکی هەژار خێزانی دەمرێ و بە هۆی


هەژاری ونەداری ناچارە
منالەکەی لە سەر پشتی
لانکێ بەشوو بدا وخۆی بۆ
سەریەرستی کوڕی ساوای ژن
بخوازێ،کاتێک کیژی حەوت
هەشت ساڵە لە کوورەخانان
قالبی بیست کیلۆیی هەڵدە –
گرێ و زۆر جار ئەوانەی
لە کوورەخانان کچ بنە
شوو نادەن ئەوەیان لەبەر
چاوە کە دەستێکی کاری لە
کار دەکەوێ ،کاتێک باوکی
کیژ پێی سەرشۆڕی بە کچ بدا
بە لاوێکی کە کرێکارە و
مەسەلەن خاوەن ماڵ وسامان
نیە وهاوشان نیە ، چۆن
دەتوانێ باری ئابووری لە
بەرچاو نەگرێ و بۆ دەبێ
بە سەروسەکوتی هیندێک
بێ دەرەتانی بەستەزمان دا
بدەی .

هەڵبەت کاتێک هەوڵ درا
بۆ بردنەسەری زانایی خەڵک
وبردنە سەری تێ گەیشتوویی
خەڵک هیچ کام لەو بەڵگە و
دەلیلانە بۆ پاکانە نابن

**دەبێ کۆمەڵ خۆی بناسێ
باب وباپیری خۆی بناسێ
رابردووانی بناسێ ، پلەی
بەرزی ئینسانی خۆی بناسێ و
ئەوەش کارێکە بە نووسەر و
شاعیر وزانایانی ئەو گەل و
نەتەوەیە دەکرێ کە لە
هەرەوەزێکی هەموو لایەنەدا
بە پێی بەرنامەیەکی دیاری
کراو و ورد و جوان ولەبار
هەوڵی بۆ بدەن و لە
لێ کۆڵینەوەیەکی فۆلکلۆریدا
دەبێ باس لە تەواوی ئەو
مەبەستانە بکرێ چ جوان چ
نالەبار وناحەز کە کۆمەڵ
بە پێی زانستی خۆی لەو
بازاڕەدا کە هەموو جۆرە
کالایەکی تێدایە پاک وپیس
لێک جیا بکاتەوە . ئاشکرایە
لە ئاکامدا ئەوەی باش و
بەکەلکە هەڵی بژێرێ ومالی
قەلب سەر وەساحەبی .**

**پرسیاری ٥ـ هیندێک
لەسەر ئەو بڕوایەن کە
خستنە رووی هەموو بارێکی
رووحی وئەخلاقی نەتەوەیەک
بە شێوەی لێ کۆڵینەوەیەکی
کەلەپووری وفۆلکلۆری نە
تەنیا سوودی نیە بەڵکە
زۆریش خەراپە وبە زیانی
ئەو گەل ونەتەوەیە تەواو
دەبێ .**

وەڵام ـ بەڵێ، دەڵێن :
دوژمنانی کورد ، بەو ناوو
بەو بەرگەوە دێنە نێومان
یان کاری خۆمان لەو بارەوە
کاریان ئاسان تریش دەکا کە
باشترمان بناسن وبە پێی
باری رووحی و ئەخلاقی و
کۆمەلایەتی و مێژوویی مان



بەرنامەمان بۆداڕێژن .

بە بڕوای من بەپێچەوانە
خۆمان دەبێ لەوە بترسێنین
کە خۆمان نەناسین ونەزانین
دوژمن بە کام رێگەوە و لە
کام لاوە بە سەرمان دادەدا .

ئایا ئەو بەڕێزانە لە
"نقطەضعف"ەکان دەترسێن
یان لە بارە جوان وبەرزەکان
و بۆ بڕوایان وایە خۆمان
شارەزاییمان نەبێ بە سەر
ئەو"نقطەضعف"انەدا کە
چارەسەریان بکەین ؟

راستی ئەوەیە ئەگەر
هەموو بارەناحەزوجوانەکانی
رووحی وئەخلاقی وکۆمەلایە –

تیمان بناسین هەر بێ هیچ هەوڵ وزەحمەتێک باری ناحەز دەشۆرێتەوە وباری جوان پەرە دەستێنێ وئەوەی باش و لەبار وقەڵەو و پەسندە ئی خۆمانە و ئەوەی کوێر و کوێزرە لە بەین دەچێ دەزانین هەویرەکەمان چەندە ئاو دەبا ،دەزانین بۆی هەیە دوژمن لەکام دەرکێکێ شک بۆنەچۆوە دێتە ژوور و هەر کەس هاتگوتی :" شیرم دەگوانان دایە وگیام دەبنی ددانان دایە" دایکمان نیە وخۆی هەر جۆر رەنگ کرد هەر گورگە .

ئاخۆ وەک "تیتل و بیبلیشمان" پێ نەکرێ ؟!

جابا زۆرداریش بە سەرماندابدا .... لاپەڕەی بەیتی بۆدەکەینەوە و لێی دەبینە "ناسرومالْ مالْ" و "برایم ومەحمەڵی دەشتیان و" عەرفۆوچەکۆ" و ....

لە بەرانبەریدا رادەوەستین و وەک "برایمی میرە دیزکەرێ" راستەوخۆ دوژمن دەگرین ونابینە "دۆن کیشۆتی خەولێ زڕاو ،هەربەدەپازدە کەسان وابەسەر"دەهەزار یۆنانی دادەدەین کەگزنفۆنی رۆمیش پێمان هەڵبلێ لە بەرانبەر ئازایەتی و پیاوەتیمان سەری کڕنووش دانەوێنێ .

ئەو کەسانەی کە وابیردەکەنەوە زۆر رەوشەن بیرانە دەبنە دۆن کیشۆت !

هەر لە لای پانایی ڕا دەڕواننە ئەو مەبەستە سەرنج نادەنە درێژایی کارەسات .

کاکە رێو وراست بەئێمە دەڵێن "ئەولادی نۆکەری لاساری سولەیمان " منالێ دێو و جندۆکە و ئالْ وشەوە" لە قسان پێغەمبەر (د.خ) تووک و دوعای لێ کردووین ، بە وەحشی وسەربڕ ودرۆزن و بێ ئیمان وخوانەناسمان دەزانن با لانی کەم دوژمن باشمان بناسێ و بزانێ وانین با لانی کەم بێ دەنگ نەبین و خۆمان بناسێنین وپێمان نەڵێن وایە بۆیەبێ دەنگن .



کاتێک بۆ وێنە یەکێک بیەوێ لە بەیتی دمدم بکۆڵێتەوەولێ کۆڵینەوەیەکی بەربڵاو بکا ناچارە باری مێژوویی ئەو رووداوە بێنێتە بەرچاو، بێ گومان پێویستی بە کتێبی "تاریخی عالەم ئارای عەبباسی"دەبێ کەوابێ هەتا ئێرە ئەوە خەریکی کازیکی لێ کۆڵینەوەی ، فۆلکلۆر وکولتووری نەتەوایەتین با بزانین نووسەری "تاریخی عالەمئارای عەبباسی ئێمەی چۆن ناسیوە و خۆی چۆنە وئێمە چۆن بووین .

ئەسکەندەربەیگی تورکمان مونشی وکاتیبی تایبەتی شاعەبباس کە شاعەبباس بە نووری خودا وداگەروخێر خواز وبەرەحم وبەدین دەزانێ ئاشکرایە جێی خۆیەتی بڕوای وابێ .... کورد دین وئیمانی نیە ، پیاوەتی نیە ، ئەو کاتەی بە قورعان سوێندت بۆ دەخوا هەر پشتتێ کرد لەپشتەوەڕا بە خەنجەر لێتدەدا . کورد نازانێ نامووس و پیاوەتی و ویژدان چیە و... کورد...." .

بەڵام راستی ئاوا شەق لە درۆ هەڵدەدا وئەوبێ ئیمانە وئەو خۆفرۆشە زۆر زوو رووڕەشی خۆی دەبینێ کاتێک ئاواناجوامێرانە باسی کورد دەکا وهەرچی شیاوی خۆی و ئەربابەکەیەتی بە کوردی دەڵێ هەر دوولاپەڕە پاشی دەنووسی :

"کوردەکان دوو تفەنگ

چی‌یان‌که یەکیان ئیسفەهانی
بوو ،وئەوی تریشیان پازۆکی
بە بریندا ری بە دیل گیرت و
بردیانە نێو قەڵاوپاش ئەوەی
کە تیماریان کردن وچاک
بوونەوە ئازادیان کردن و
ئەوەیە وەڵامی ئەوپیاوەتی-
یەی شاعەبباسی کە هەر
ئەسکەندەربەگی مونشی بە
شانازی یەوە باسی لێ دەکا
"....شای ئیسلام پەنای بە
رەحم ونووری خودا بەرووداـ
وی ئەو کوردە ناموسوڵمانە
وەها توورە بوو کە مەگەر
خوێنێکی زۆری رشتبا ئەگینا
ئاگری رق وتوورەیی
دانەدەمرکا بەو بۆنەوە،
بەرەو قەڵای کاودۆن وەرێ
کەوت وئەو چەند رۆژەی پۆل
پۆل ودەستە بە دەستە
خەڵکیان دەهێنا " و معروض
تیغ سیاست کشته بهرام خون
آشام لحظەای از تیغ زدن و
خون ریختن نمیآسود و مجملا"
دود از دودمان طایفەمکری
برآمده ومردان طعمه شمشیر
آبدار و نساء وصبیان بذل
اسرورقیت گرفتار آمده
مکافات عمل یافتند بعد از
چند روز که صورت غضب
پادشاهی فی الجمله تسکین
یافت ...." ئەوەیە مانای
ناپیاوی و ناموسوڵمانی
و....کورد وئەوەیە مانای
عەداڵەت وپیلوەتی شاعەبباس
بەڵێ دوژمن ئەگەریش
ئاوامان بناسێنێ خۆشی
دەناسێنێ ولانی کەم ئەگەر
خۆمان بناسین بڕوامان
وانابێ ئەسکەندەربەگی
تورکمان پیاوێکی باش بووەو
خۆشمان هەر لە نووکەوە
بەدفەڕ و نەسرەو بووین
چ ئیرادێک لەوەدا
دەبینن دوژمن بزانێ و
خۆشمان بزانین .

"هەوریک ناوی پیرێژنێکی
بێوەژنی هەژار و نەدار بوو
لە هۆزی حەسەسووری جەلای کە
لە زستانی ساڵی ١٩٢٩ لە
شەڕەکەی ناوچەی"ئۆرتۆلۆ"ی
تورکیە هێزی دەوڵەتی
تێ شکان وسەربازێکی زۆری
تورک بەدیل گیران دیتی
گۆڕەوی یەکێک لەئەسیرەکان
دراوە لەو بەفرو سەرما و
بەستەڵەکەدا گۆڕەوی خۆی
دانا و دای بەو سەربازە کە
لاقی سەرمای نەبێ .

بەڵێ ،دەبێ خۆ بناسین
ودوژمنیش بمان ناسێ .

ئاندرەئامێدو ژنەکەی کە
تەنانەت کوردەکانیش لە
کوردیان ترساندبوون لە
بیرەوەری یەکانی خۆیاندا
دەڵێن :

"رۆژێک دەگەڵ خیزانی لە
ئاوایی یەک لادەدەنە ماڵێک
دەبینن ژنێکی هەژار وبێ
کەس ودووماڵی پاپەتی
نانێکی رەق و کاسەیەکی
چکۆڵەیان ماست لەبەردەمیان
داناوە و خەریکی خواردنن
هەر کە ئەو دوانەیان لێ
وەژوور دەکەون منالەکان
دەکشێنەوە ،ژنەش کاسە ماست
ونانەڕەقەکە دێنێتە بەر
دەستی ئەو ژن وپیاوەپاش
ئەوەی کە ئەوان نان و
ماستەکە دەخۆن لە دایکی
منالەکان دەپرسن بۆچ نان و
ماست نادەی بە منالەکانت
ژنە دەڵێ : هەر ئەو پیالە
ماستە وهەر ئەو نانەڕەقە-
مان بوو .بەڵام فێرکراوین
خۆشمان ومناڵیشمان کەمیوان
هات میوانداری لێ بکەین .

کاری لێ کۆڵینەوەی
فۆلکلۆری و کەلەپووری
نەتەوایەتی بەو مەرجەی بە
شێوەیەکی لەبار بکرێ و
سەرنج بداتە هەر سەرهەوداـ
یەک ناچارە ئەوراستەقینانە
بهێنێتە روو و روون‌بوونەوە
ودەرکەوتنی ئەو مەبەستانە
شوێنی دەبێ .لە چوونە سەری
زانیاری خەڵک لە رێبازی
خۆناسیدا وئەو خۆناسینەش
تەنیا شتێکە کە دوژمن لێی
دەترسێ ورێگەی فریودان و
هەر رۆژە بە بەرگێک هاتنە
کایەوەی لێ دەگیرێ .



بەدڵی شیعر

ئەدەب

بێزەوق و مەحەببەت مەی ومەیخانە دەڵێ چی ؟
بێنەشئەیی زاتی بەت و پەیمانە دەڵێ چی ؟

هەر سیدقە دەبا مەردی خودا رێگە بە مەقسوود
شیخ و شیحەن و کەعبە و بوتخانە دەڵێ چی ؟

عاقڵ ئەوەیە قەیدی عیلاقەی نیە وەک شێت
فەزل و هونەری عارف و فەرزانە دەڵێ چی ؟

زادی رەهی هاموونی تەریقەت مەبە زاهید
ویردی سەحەر و سوبحەیی سەددانە دەڵێ چی؟

تۆ ناو و سەری شەمع مەبینە کە دەسووتێ
پروانە لە سۆزی دڵی پەروانە دەڵێ چی ؟

باتین ئەوەیە مەخزەنی ئەسرارە سەراسەر
بێگەنجی حەقیقەت دڵی وێرانە دەڵێ چی ؟

میسباح ئەوە سائیرە نووری لە هەموو جێ
قەندیلی زەڕ و زیوەری کاشانە دەڵێ چی ؟

واعیز وەرە یەک هەفتە (ئەدەب)فێربە لەلای من
پەندی بە ریا و لۆمە و ئەفسانە دەڵێ چی ؟

سەرگوڵ
ئیانی شیعرستانی



«راوچییان»

راوچییان راوە چ راوە
راو لە بنی بەردی گوێزێ
ئەسپان زین کەن، لغاوە
تاجییان بەرنە دەرێزێ
چاوی سەرم بن راوچی
لێی بستێنن پەرێزێ

* * *

راوچییان راوە ،چ راوە
نۆرە راوی دەشتێیە
سەرێ زۆر چاک بروانە
ئەوە لانی شەوێ یە
سەری ئەسپت لەپێش بێ
پاشبار نەکا لەو جێیە

راوچییان راوە ، چ راوە
راو لەدەشتی لاجانێ
ئەسپان زین کەن لغاوە
تاجییان بەرنە سەر لانێ
سەفی سواران چەند جوانن
لەبەر ماڵی ماشکانێ

* * *

راوچییان راوە چ راوە
راو لە دەشتی بێتوێنێ
ئەسپان زین کەن لغاوە
تاجییان بەرنە سەرشوێنێ
بۆم بانگ کەنە بەرراوی
لە لانێی هەڵ بستێنێ

* * *

راوچییان راوە چ راوە
راو گەیشتە بەر زینێ
ئەسپان زین کەن لغاوە
خۆ باوێنە سەر زینێ
وەرن سەیری تاجیان کەن
لەگەڵ کەروێشکە شینێ

* * *

شینکێ دەلانێ دایە
کەوتووە بە بێدەنگی
برۆ و هەڵی بستێنە
بە شەقەی دە ئاوزەنگی
جا با راومان بەتاڵ کەین
رۆژمان کەوتە درەنگی

* * *

"نوێ جێژنە"

شەریف

نەماون بێکەس و گۆران عەزیزان
کە شیعری شینی هێمن دابڕێژن

گوڵی فرمێسک و عەتری شیعری تازە
بەسەر خاکی مەزاریدا بڕێژن

موریدانی پەرۆشی پیری گەورە
شیاوی ناوی بەرزی وی چ بێژن؟

ئەوانەی چاوەڕێی گوڵ بوون لە ڕێگای
دەبێ دەردی دڕووی دووری بچێژن

بەراستی تاڵ و ناخۆشە کە یاران
بە دەستی خۆ عەزیزی وا بنێژن

دەڵێن نوێ جێژنە مانگیش نادیارە
ئەتۆ مانگ بووی کەچووی، چۆن بوو بە جێژن؟

چ جێژنێ لاوەکان فرمێسکی دووریت
بە بێژنگی مژۆڵان دادەبێژن

نەبوو نووسراوەیێ تەسکینی دڵ بێ
قەڵەم ئەمڕۆ هەموویان کاس و گێژن

بە شوێن تۆدا گەلێکی دڵ بریندار
لە لای کێ داخی دڵیان هەڵبڕێژن ؟

لەبیرم ناچێ ئەو پەندەی کە فەرمووتە
گەلێ لێکدانەوەی دوور و درێژن :

دەبێ ئاڵای شیعر بڕوا بەرەو پێش
ئەگەرچی ڕێگە زۆر هەوراز و لێژن

* * * *

نەماون بێکەس و گۆران عەزیزان
کە شیعری شینی هێمن دابڕێژن

شینی هێمن

"مشەختی"

سەد مخابن ناڤ مەدا بوو شاعرێ ڕۆشن ڕەوان
ئەڤرۆ چاوا ژمە جودا بوو "هێمنێ" شیرین زمان

بلبلێ باغێ ولاتێ، شاعرێ کورد و جڤاتێ
شێعرونووسین هندە ڕێک و هەروەکی ئاڤێ ڕەوان

ناڤ و بانگێ شێعرێ "خانی" ئەووەلە "هێمن" ژی سانی
لێ..وی ئازار زێدەتر دی، پێشەوای هوزانەڤان

باس نەکە، نەرمی و ئەڤینی، علم و دین و کورد حەبینی
دل نەترس و مەردەمێر و عەقل و هوش دەریایی پان

ئارەزوو بووم بۆ دیداری، شێعرێ پرتام و وتاری
شێنی یا دلکێ (مشەختی)، هەم پەسەندێ شاعران

سەد دروودم سەر حەیاتی، داخدارم بو وەفاتی
حەق نەبوو زوو مە بهێلیت بۆ خەم و کۆڤان و ژان

سروەی ئازیزی عەنبەر بێزەکەم
ڕووناکی دیدەم هیوا و هێزەکەم
بەرامە و بۆنت دای لە دەماخم
کردی پەرداخی ڕووحی ناساخم
فێنکاییت منی هاوردۆتە حاڵ
خەریکم ئەفڕم بە باڵی خەیاڵ
بەرەو ئەو ئاسۆ تۆ بۆی، ئەڕوانی
سروە جوانەکەی بەری بەیانی
هیوایە هیوا بۆمان بمێنی
تینوویی و تاسەی دڵمان بشکێنی

تاران ـ ف موحەمەدی



بارهێنانی منداڵ

"سولەیمان پوورئازەر"

هێندێک قسەدەگەڵ خوێنەران بە تایبەتی دایک وباوکان :

ڕەنگە ئەمڕۆ فێرکردن و عاملاندنی منداڵ یەکێک لە گرینگترین ئەرکەکانی ئێمە بێ . منداڵی ئێمە هەوێنی مێژووی پاشەڕۆژ و پێشڕەوی چەرخی نوێن .منداڵی ئێمە یانی پاشەڕۆژی ئێمە ،تەربیەتی چاک ،پاشەڕۆژی بەختەوەرانەی ئێمەیە وتەربیەتی خراپ دواڕۆژی ناخۆشی ئێمەیە و ڕووداوی تاڵی بەدواوەیە .

منداڵ دەبێ چاک تەربیەت بکرێ. ئەمڕۆ ئیتر کەم کەس هەیە نەزانێ ئەمە ئەرکێکی گرینگەو زۆر لازمە .چاک تەربیەت کردن، ڕێگای خۆی هەیە ،دۆزینەوەی ئەو ڕێگایەش زانستی تەربیەتی پێدەوێ .

زانستێکی باسی فێرکردن و عاملاندن دەکا "پیداگووژی" یا زانستی تەربیەت کردنی پێدەڵێن .

نووسین لەبارەی پیداگوو ـ ژیدا ئەگەر کەمیش بێ،کارێکی گەلێک دژوارە وبەرلە هەموو شتێک ئەزموونێکی زۆری گەرەکە لەمەش بترازێ ،پیداگووژی لەچاو زانستیتر تازەیە و تا ئێستا لە ئێران نەبۆتە باو ،ئەویش لە ئێرانێکی کە تەربیەت کردنی منداڵ هێشتا حاڵەتێکی سوننەتی هەیە ئەمەش خۆی ئەزموون و. تەجرەبەی ئێمەی خستۆتە مەنگەنەوە .بۆوێنە "لێدان" هێشتا ڕێگەی هەرەبەرچاوی عاملاندنە وهێندێک دایک و باوک پێیان وایە ،لێدان لازمە وزۆریش قازانجە و دایک و باوک دەبێ لەمنداڵ بدەن .

باب وباپیران لە خۆڕا نەیانگوتووە :کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێ یە .بەعزێک دەڵێن :"منداڵ تامنداڵە دەبێ لیی بدەی دەنا کە گەورە بوو لێدان تەئسیری مەنفی (سەلبی) لە رووح و ئەخلاقی دەکا .

گرۆیەکیش دەڵێن : نابێ هەمیشە لە منداڵ بدەی بەڵام جاروبار بۆئەوەی کاری چاک بکا ،لێدان پێویستە " . ئەو دایک وباوکانەی "لێدان"یان پێ ڕەوایە لە نێو موعەللیماندا هێندێک لایە ـ نگریان هەن. ئەمانەش لە مەدرەسە ،بەکردەوە دیفاع لە "لێدان" دەکەن .

هەر چۆنێک بێ تەمێ کردن (لە لێدان بەدەر)ڕێگایەکی تەربیەت کردنە ،چاک تەربیەت کردنیش هەم تەمێ کردنی پێدەوێ هەم تەشویق کردن. ئەڵبەتە چونکە تەمێ کردن و زۆری ڕێگایەکی فرەگرینگ و دژواری تەربیەت کردنەوباسی ئەمەش جارێ لەئەستۆی ئەم وتارە نیە ،ئێمە هەوڵ دەدەین باسی زەرەر وزیانی لێدان بکەین کە بەهەڵە بۆتە ڕێگەی عاملاندن و ئێشێکی گەلێک

دزێوه . ئەوكارەی دایك وباوك و لە ئەغلەب خۆی لێ دەبوێرێ و

.... ئیتر لێدان بۆهەمیشە قەدەغەیە .....

لە پێشدا ئەوەندەش بڵێین با خوێنەری بەڕێز پێی وانەبێ ئێمە نوسخەی حازروبزرمان بەدەستەوەیە وبۆهەموومەنزوور- ێكی تەربیەتی بۆی دەپێچینەوە ونیازی پێك دێنین ! چونكە زانستی تەربیەت كردن كۆمەڵێك ئەسڵی كوللی وقانوونی نووسراوە ،كەلە سەربنچینەیەكی پتەو دامەرزاوە .ئەم بنچینە پتەوەش بەرهەمی ئەزموونی موعەللیم ومورەببی وپسپۆڕی سەرانسەری دنیایە كەلەكۆنەوە تا ئەمرۆ پێوەی خەریك بوون . لە پێشان بە گشتی و كورتی باسێكی ئەوان شتانە دەكەین كە منداڵان دەخەنە بەر حوكمی لێدان.ئەوشتانە هەر چەندە بە رواڵەت جوورا وجوورو لەیەك دوورن بەڵام ئەگەر هێندێكیان لێ ڕابمێنین نێوەرۆكیان لەم رەنگەیە :

زۆری كردن لە منداڵان تاكوو بەقسەی كەس وكاری لەخۆ گەورەتریان بكەن.پێش گرتن لە هێندێك عەیبی وەك بەجێ نە- هێنانی تەكلیفی مەدرەسە. درۆ كردن ،شپرێوی ،دزی ،بێ شەرمی لاساری ،..... هەر وەها پێك نەهێنانی ئەركی خۆ یا خۆگەورەتر بە منداڵی دەسپێرن بۆ كاری وا دایك وباوك رەنگە بەلێدان سەركەون ! ئەویش تەنێ تا رادەیەك ، بەڵام سەركەوتنی وەها ،رواڵەتی وكەم دەوامە وئاقیبەتی بەزین وشكانە . زۆروا هەیە دایكێك پاش ئەوەی لە منداڵە- كەی داوە ،دانیشتووە و تێر گریاوە .واگریمان مورەببی یەك دەخوازێ منداڵێك والێ بكا وەكوو كۆیلە دەستەونەزەر وبە گوێ بێ ،بۆپێك هێنانی ئەم نیازەش لە منداڵەكە بدا ،ئاخۆ چی روو دەدا ؟ پێش هەموو شت منداڵەكە وادەزانێ : "حەق هەمیشە ئی زۆردارە پیاو ناچارە حوكمی لەخۆ بەهێزتران راست یاچەوت بەجێ بێنێ " . وا گریمان مورەببی حەقی بەدەستە وئەگەر منداڵەكەی مەجبوور كردووە بەقسەی بكا بۆ كاری چاك بووە ، بەڵام ئاخۆ چی ئەو نیازەی لێگرتووە ،وادەردەچێ؟ ئەمجار رەنگە منداڵەكە خراپتری لێ حاڵی بێ و كاری چاكیش هەر بە كوتەك كاری و لێدان راپەڕێنێ .

ئەوی راستە ئەگەر منداڵ ، لەسەر كارێك ویێ كەوتبێ




ئەمەش نیشانەی تەئسیری نالە- باری ئیسلاح كردنی منداڵە .

لە خێزانێكدا منداڵێك كمۆدی دایكی دەكاتەوە و هێندێك پارە هەڵدەگرێ،پاشان دایكی پێدەزانی،لێی دەغەزەب ڕادەچێ ودارکاری دەكا .باشە ، ئیتر منداڵەكە بەرواڵەت كاری وا (دزی) ناكا . بەڵام زۆر پێ ناچێ دایكەكە تەماشا دەكا لەو دراوەی بۆ شت كڕینی نێوبازاڕ دەیدا بە منداڵەكەی خۆی بڕێكی لێ هەڵگیراوە ،لەپاشان بۆی دەردەكەوێ ئەمكارەی لەگەڵ ئاواڵەكانی كردووە. دەجا بۆمان ئاشكرابوو لێدان تەنێ

عەیبەکەی شاردۆتەوە ونەیتوا_ نیوە بنەبڕی بکا .ئەمجارەش لێدان کەلکی نەگرت ،تەنانەت زەرەریشی دا :"عەیبی منداڵی شاردەوە .لەمەش خراپتر شاردنەوەی ئەم عەیبە خوویەکی زۆر خراپی دیکەی لە منداڵەکە زێدەکرد ئەویش درۆزنی و ریایی یە .با مەسەلەکە لە روانگەیەکی ترەوە تەماشا بکەین .گریمان هەرکە منداڵەکە لێی دزا ئیتر دەستی لەکاری دزێوی دزی هەڵگرت ،بەڵام ئاخۆ بە لێدان چاکتر بووە؟ نا ، لێدان ژان وئێشی پێگەیاندووە شکاندوویەتەوە ،ترسی وەبەر ناوە .ئەگەر منداڵەکە وازی لەم کارەنالەبارە هێناوە لە ترسی دەردوئازار بووە کەبە سەر ئاوات وتاسەیدا زاڵ بووە رەنگە دایک وباوک مەتڵەبیان وەدی هاتبێ بەڵام ئەم وەدی هاتنە زۆری تێ چووە یانی ئەوان بە"پەرەسەندنی سفەتی وەک ترسەنۆکی "بەمرادی خۆیان گەیشتوون .نابێ لەبیریشمان بچێ ئەم"لێدان"ە رەنگە زیانی لە"سلسلەی ئەعساب"ی منداڵەکە دابێ چونکە لێدان گەلێک جاران دەبێتە هۆی نەخۆشی یەکی بەهێزی عەسەبی . دەجا سەرکەوتنێکی کەم دەوام چلۆن دەتوانێ پاکانەی زیانێکی ئاوا زۆربکا؟

کەوابوو لێدان دەتوانێ مل بە منداڵ بدا بەڵام خوێڕی و ترسەنۆکی دەکا . جا ئەگەر منداڵەکە بەهێزتربێ رەنگە دڵڕەقوبێ عار دەربێ.

هەر چۆنێک بێ "لێدان" هێندێک سفەت وخووی نامەقبوو_ لێ وەک تووڕەیی ،تێک چوونی ئەعساب ،گزیکاری ، ریایی ، درۆزنی و ... تووشی منداڵ دەکا . ئەگەر ئێمە چاو لە هەموو زیان وزەرێکی"لێدان"یش بپۆشین هێشتا دایک وباوکی



بەرێز ناتوانن ببن بە قازی یەکی لێزان وپاکانە بۆ ئەم کارە بکەن کەدژی ئینسا_ نەتی یە ورێگای عاملاندنیش نیە .چونکە "لێدان"ئەگەر بە رێگایەکی تەربیەتکردنیش دابندرێ_کە دیارە ئەمەش هەڵەیە _ رێگای تری تەربیەت کردنی منداڵ لە دایک وباوک ، دەگرێ .

دایک وباوکی ئازیز!دۆستی بەرێز وخۆشەویست! پیداگووژی باسی ئەوە دەکا کەنابێ زۆری لە منداڵ بکەین ، دەبێ مەودابدەین تا هەموولایەنێکی ئیستیعدادی گەشە بکا و وزە و ورەی پتەوبێ .

تەنانەت ئەگەر لە مەدرەسەش منداڵێک یا تازەلاوێک کارێکی دزێو بکا ،پیداگووژی دەڵێ : نابێ ئیرادە وشەخسیەتی ئەویش بەلێدان_ سەرکوت بکرێ .پیداگووژی هەوڵ دەدا ، رێگەی راستی دەسەڵات بۆفیر کردن بدۆزێتەوە .

ئێمەش ئەگەردەمانەوێ مرۆی ئازاو بەکار وشێلگیرو"خاوەن فکروئاکاری خۆ"بێنێتە بەر_ هەم کەقەت نەچێتە ژێرباری ئیرادە وخواستی بێگانە و تێ بگا وتوندوتۆڵ وبوێربێ وبیروباوەڕی خەللاقی هەبێ ، دەبێ بەیەکجارەکی "لێدان" لە رێزی رێگاکانی تەربیەت کردن هەڵاوێرین وبەدەخۆڕادیوی بێژین :

"ئیتر لێدان بۆ هەمیشە قەدەغەیە".

لێئۆپۆلد سێدا رسینگۆر ، سەرەک کۆماری سنێگال،یەکێکە لەبەناوبانگترین شاعیرەکانی ئەفریقا .
ئەو شاعیرە پایەبەرزە لایەنگری گەڕانەوەیە بۆ سەر داب وشوێن و فەرهەنگی ئەفریقایی ولەوەڵامی رەشەکانی ئەمریکادا کە خۆیان بە غەریب دەزانن و هەمیشە دەپرسن :
ئێمە کێ ین؟ لە کوێوە هاتوین ؟ بۆکوێ دەچین ؟
فەرهەنگی ئەفریقایی دەخاتە بەرچاو.
بەواتەی نووسەرێکی فەرانسەوی "لە شیعرەکانی سێدارسینگۆردا دەنگی رمبەی تەپڵی ئەفریقامان بە گوێ دەگا!"
نموونەی شیعری سێدا رسینگۆر:

تۆکۆوالی



وەرگێڕ: قازی ئەحمەد


ئەو شەوانەت لە بیرماون کەبە کۆڵتەوە خەو دەیبردمەوە ؟
لە بیرت ماوە دەستمت دەگرت و لەئەنگوستە چاوی شەوەزەنگدا رێگەت پیشان دەدام ؟
هەموو جێگایەک بێ دەنگە .
تەنیا شەپۆلی بۆنی پنج وقۆپەن وزەمزەمەی هەنگی خەنە رەنگە کە بەسەر لاوکی سریلەکا-
ندا زاڵ دەبێ .
دەنگی کزی "رمبە رمبی "تەپڵی دوورەدەستە کە نەخشی شەوگارە .
تۆکۆ والی ئەوەی نەت بیستووە دەیبیسی
ئەو شتانەی کە باب وباپیرەکانمان لە زەنوێری ئوقیانووسدا باسیان دەکرد بۆم بگێڕەوە :
گا ،دووپشک،پڵینگ ،فیل ،ماسی ،رێگای بێ پسانەوەی کاکەشان وسەرەنجام
نووری مانگ کە بە هێزی خوا پێداوی پەردەی رەشی شەو هەڵدەدرێ .
چەند جوان لەگەڵ تەپۆڵکەکانی لێک دەهاڵێی
ئەی جوانی کەونارا ، ئەی ئەفریقای ئێسک سووک .
ئەی روخسارەی نێوچاوان زەقی ،چەناگەخڕی، چاو رەش .
ئەی خەتی رێک وپێکی روخسار .
ئەی مێ یە شێری من .رەشی دەڵڕفێنی من .
شەوی رەشی من .رەشی رووت وقووتی‌من.
ئاخ ! کە زۆرجار دڵی منت وەک پڵینگی وەحشی ناو قەفەسی تەنگ وەخۆ خستووە .
ئەی شەو کەمنت لەچەڵتەی کۆڕومەجلیسان لە بیانوو ، بۆڵەی ترسەنۆکان
لە رق ئەستووری وخوێن خۆری خوێنمژان رزگار کردووە .
ئەی شەو ، هەموو دژایەتی یەک لە مندا دەتوێنیتەوە .هەموو جیاوازی یەک لە یەکێتی "رەش بوون" دا لەناو دەبەی .



ئۆستا

«سەلاحی یووسفی»





ئۆستا تۆفیقی مەحموودی کوڕی مەرحوومی برایمی جافە .مانگی رەشەمەی سالی "١٣٠٢"ی هەتاوی لە گوندی " هۆزی خولە"یا " دێی خوا مرادبەگ " لە دایک بووە .ئەم گوندەکەوتۆتە هەرێمی ئێلی گەورەی جافی وەلەد بەگی ناوچەی جوانرۆ .

گوندی هۆزی خولە لەسەردەمی دەسەلاتداری باوکی ئەوڕەحمان بەگی وەکیلدا بە دەستی خوامراد بەگکە لە دایکەوە دەبێتە پشتی پێنجەمی ئۆستا ، ئاوەدان کراوە .

هەڕەتی مندالی ومێرمندالێتی ئۆستا هەر لەم گوندە تێپەڕ بووە .

سالی "١٣٠٧"ی هەتاوی، باوکی کۆچیدوایی دەکا . باپیری بەناوی"محەممەدی چراچاوەش" کە چراچاوەشی سەرداررەشیدخانی ئەردەلان دەبێ، ئەرکی بەخێوکردنی خێزانیان وەستۆ دەگرێ .

وەک دەلێن محەمەدی چراچاوەش شاعیرێکی باش بووە .بەلام بەداخەوە شیعرەکانی وەک زوربەی ئاسەوارە بەنرخەئەدەبی یەکانی کوردی لەنێو چوون وفەوتاون .

چراچاوەش وشەیەکی تێکەلاوە ، لە"چرا"ی کوردی و"چاوەش"ی تورکی پێک هاتووە .

"چرا" کەرستەیەکی رووناککەرەوەی وەک لامپا و پیوسۆزە ، هەر وەها کینایە لە چاویشە. " چاووش" بە تەپلچی وشایەر یا سەرۆک وپێشەنگی لەشکر وکاروان دەگوترێ .

"چراچاوەش" بەسەر یەکەوە یانی ئالاهەلگر، سەرداری سپا یا چاوی سپا .

محەمەدی چراچاوەش هەولێکی زۆری بۆ

پێ گەیاندنی ئۆستاداوە وهەستی خۆشەویستی شیعری خستۆتە دڵیەوە. چون لەو سەردەمەدا ناوچەی جوانڕۆ قوتابخانەی نەبووە وخوێندن لە حوجرەدا باو بووە،ساڵی "١٣٢٠" لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا دەینێرێتە گوندی "برواڕە-ین".

ئۆستا بۆ ماوەیەکی کەم لەم دێیەدا لە مەحزەری مامۆستایەکی کوردی تورکیا بەناوی "مەلا زوودی" دەرس دەخوێنێ .دوای فێربوونی خوێندن ونووسین ،سەبارەت بە بژیو بە نابەدڵی حوجرە بەجێ دێڵێ ودەڕوا بۆ جوانڕۆ.

دیارە مەعاش پەیداکردن نەیتوانیوە دەستی پێ لە شیعروشاعیری هەڵگرێ بەڵام خۆی گوتەنی لەو سەردەمەدا شیعرەکانی کاڵ وکرچ، بوونە وچێژێکی وایان نەبووە .

پاش ماوەیەکی کەم لە جوانڕۆڕا دەچێتە وەڵەدبەگی ولەوێ دادەمەزرێ .هەر لەوێش شیعری کەلە شاعیری وەک نالی ومەولەوی و خانی دەناسێ.

شیعرەکانی پێشووی‌دەکاتە دەستە چیلەی ئاگر وسەرلەنوێ ئەسپی قەڵەم بەرەو هەواری باسەفای شیعر داژوێ .

ئەوجار دێتە "ڕوانسەر" ودوای ساڵەوەختێک لە ساڵی "١٣٣٦"ی هەتاویدا دەچێتە شاری سنە .لە قەراغ خەیابان بوتکەیەک دادەنێ و دەست بە تووتن وسیغار فرۆشتن دەکا.

ساڵی "١٣٣٨" لە شاری سنە ژن دەخوازێ و هەر لەوێ بنەگر دەبێ .دوای ژن هێنان دوکانێکی بەققاڵی دەکاتەوە.

ئەوەندەی پێ ناچێ دوکانەکەی دەبێتە مەکۆی ئەویندارانی شیعرو ئەدەبی کوردی . زۆرجار بەدزی یەوە ئەدەبدۆستان لە دوکانەکەیدا کۆبوونەتەوە و شیعریان بۆ یەکتر خوێندۆتەوە .بۆخۆی دەڵێ :

«قەت لە هێرش وگەفی ئەمنیە دڵڕەقەکانی حەمەڕەزاشا نەدەترساین».ئەمجار لەدوکاندا-ریش دەست هەڵدەگرێ وکارگایەکی ناسک کاری دادەمەزرێنێ .

دەسکردی ئەو لەقوتووە سیغارو گۆچان و شەترەنج بگرە تا نەرد،لە هەموو شاری سنەدا نێوبانگ دەردەکەن وکاک تۆفیقی دوکاندار دەبێتە "سوا"تۆفیقی هونەرمەند .

"سوا" لە زاراوەی سنەییدا بە مانای "ئۆستا"یە. هەر لەو کاتەشەوە ناز ناوی "ئۆستا"هەڵدەبژێرێ وهونەری هەست ودەستی دەنگ دەداتەوە.

ڕۆژێک لە کاتی کارکردندا ئەم‌دوو بەیتە شیعرەی بۆدێ ،چون دەفتەری لەلا نابێ لە دیوی ژێرووی ئەومیزەی کاری لە سەر دەکا دەینووسێ .


ئوستا له‌سالی ۱۳۳۵دا.....

چەمەکەم چەمان چەمەڕای راتەن
موژەم جاڕوو کێش گەرد پالاتەن
هێمای دیدەکەت دڵ نەدیدەم بەرد
گۆشەی چەمەکەت جەسەم کەردوەگەرد

پاش تەواو کردنی میزەکە لە بیری دەچێ شیعرەکە پاک بکاتەوە وهەر وەها دەینێرێ بۆ خاوەنەکەی کە دوکتۆرێکی بە ناوبانگی کورد دەبێ .دوای چەند ڕۆژان دوکتۆر بە هەڵکەوت چاوی بەو دوو بەیتە دەکەوێ. بە پەلە خۆی دەگەیێنێتە کارگای ئۆستاو داوای لێ دەکا ئەو دوو بەیتەی بۆ لەسەر میزەکە هەڵقەنێ ......

ئۆستا تۆفیق بە هەورامی وسۆرانیو کەڵهوڕی و لەکی شیعری داناوە. زوربەی شیعرەکانی لە سەر کێشی خۆماڵین.بەڵام لەسەر کێشی عەرووزی وبە شێوەی کلاسیکیش غەزەل ،

قەسیدە ،مەسنەوی ،تەرکیب بەند، تەرجیع بەند، چوارینە ،رووباعی ،دووبەیتی و قەتعەیەکی زۆری هەیە کە تێکڕا حەوت دەفتەریان لێ پێک دێ .

لەم حەوت دەفتەرە دەفتەرێکیان بەناوی "گوڵی ئاوات" ئای بی ئێم ،کراوەو خوایاربێ بەم زوانە دەچێتە ژێرچاپ تا ئەدەبدۆستی کورد کەلکی لێ وەربگرن .

شەش دەفتەرەکەی تریش ،سێیان سۆرانی ، دوویان هەورامی ویەکیشیان کەڵهوڕی یە و هێشتا لە چاپ نەدراون .

روون خستۆتە بەرچاو. جاری واشە رچەی شکاندووە وقالبێکی نوێی هێناوەتە گۆڕێ کە جێی سەرنجە وەک ئەو شین گێڕی یەی کە لە سروەی ژمارە پێنجدا چاپکراوە .

تایبەتیەکی گرینگی دیکەی شیعری ئۆستا هێنانەوەی هێندێک وشەی جوانی ئێل وتایفەکانی جاف ولەکی یە کە زۆرجار جێگای خاڵی بەعزە وشەیەک پڕ دەکەنەوە وجوانی یەکی تایبەتی دەدەن بە شیعر .

دوو بەیتی یەکی زۆری بە هەورامی وسۆرانی و لەکی داناوە کە ئەمەش نموونەیانە :

«گوم کەردە»

"گوم کەردە"

هەوار خاڵیەن هەوار خاڵیەن
یاگەی رەشدەوار ئارۆ خاڵیەن

های های هەم جە نۆ ئێش و تاڵیەن
کۆ کەوتەن ئازیز بەختبەتاڵیەن

قافڵەش جە قوڵەی کام کۆسار ویەرد؟
هەردو بەردەکەش سووچۆ بۆ وەگەرد

جە کۆ هۆرشدان یانە تازەکەش؟
کۆ گێڵۆم نە شوێن رێزەی رازەکەش؟

شنەی کام ئێلاخ شاناش دوور کەوتەم؟
لێلا و حەسرەتش مەکێشۆم وە چەم؟

هاوار چەمەکەم کام سەر سەراوەن؟
نەکام مێرگۆڵان کام لارە کاوەن؟

کۆچش وە قوڵەی کام قاف رەوکەردەن؟
پاسە دڵ و دین جە کەفم بەردەن

یاران سا دەخیل ،هاوفەردان ،خێڵان
پیم واچان مەکۆ و گوزەرگای ئێڵان

تێشەی فەراقش نیان ژە فەرقم
وە مەودای تێشەش نە هوونا و غەرقم

جەزبەی ئەشق لەیل مەجزووبم کەردەن
تەوق مەجنوونیم وزۆن وە گەردەن

کۆمار ژە ناڵەی ئێشم بێدارەن
پۆشان سپیدی روخسارم دیارەن

هەی هەی جە ناڵەی سۆسۆی دەمەی ئێش
وەی وەی نە لافاو چەمان هیجران کێش

دەی دەی ژە قوڵپەی قازانەکەی دڵ
مەدۆن وە هەمدا هەزاران موشکڵ

های "هۆسا" پەیوەن ئونس و ئینسانی
هۆرتدان نەتۆی جەفا و زەمانی

کێ یاوان وەکام گوم کەردەکەی وێش
رەنگا رەنگ ئێش بەیان کەرۆ پێش

ئۆستا لە شیعرەکانیدا پتر سەهلی مومتەنیعی رەچاو کردووە و زۆر بابەتی عیرفانی کۆمەڵایەتی ،سیاسی ،خۆشەویستی و جوانی یەکانی دیمەنی کوردەواری بە زمانێکی ساکارو

هەورامی :

هەر ساتم ساڵەن خەم خەرمان خەمەن
یاگەت خاڵیەن ئەنجمەن کەمەن
تراویش چەمان چەمانم چەمەن

وارگەم مەنزلگای تراژێد تەمەن سۆرانی :


ڕووبەندی لەسەر باغی بەی لادا
بسکی بە ڕەزای ڕژا بە پادا

گوڵ دەستەی شەفەق دەمی کردەوە
ئۆستاش لەو بۆنە خەوی بردەوە

لەکی :

دەس منەت مەکیشوە حاتەم تایی
سەرت خەم نەکەی ئەڕای گەدایی
دەس شەکەت وەسەر دڵەی سیر دانە
وە وەرت مەکە ڕخت ڕیایی

ئۆستا تۆفیق تەمەنی گەیوەتە ٦٣ساڵی . سێ کوڕ وچوار کچ وپێنج نەوەی هەیە . بەو حاڵەشەوە زۆر باش ماوە وکارگاکەی لەشەقامی شوهەدای جنووبی سنەدا ئێستاکەش مەکۆی ئەویندارانی شیعرو ئەدەبی کوردی یە .



"وەڵگەرێزان"

کۆس کەوتە و پەشێو یاگەی هەواران
بنەکدار قافڵەی خەجاڵەت باران

دڵ پێکان تانەی سەباو ئێواران
مەعزوور جە حوزوور دیدار یاران

عومرم هەر ساتشوە ساڵان ویەرد
سۆچام هەی سۆچام جەسەم بی وەگەرد

کڵێڵەی خەمان شین جە تۆی فەرقم
مەیل وە مەی مەردەن شەتاوان غەرقم

دڵ نیام ژە کەف تەرازووی خوێشان
کول لوان وێم مام پەی حەسرەت کێشان

مشتاق وە مەردەن وێنەی ئازیزان
وەهار مەیل مەدۆم وە وەڵگەرێزان

پای زەورەق نیشتەن نە بەحر قوسوور
کەرەمدار ساحل منهانا جە دوور

هانا غەواسان دەریای شەفەقەت
با نجاتم بۆ جە مەوج مەشەقەت

نەوا ئەقڵ و هۆش کۆچ کەرۆن نە لام
خەڵوەت بۆ یاگەی مەعریفەت و فام

شەجەرەی ئولفەت بدۆم وە تاڵان
وێنەی جڵۆدار جەفا بە تاڵان

" هۆسا " پای سفرەی ئینسانیەت دڕیان
دەست جە وەرێس بەشەری بڕیان

قافڵەت جە کاروان ئاوات مدۆ لەنگ
ڕەنجت بابەردەن سەر بدۆی وە سەنگ

هەر چێش و یەردەن عومر بێ حاسڵ
ساحێو عەقڵ و فام کەی مەبۆن خجڵ؟


ناڵە ناڵتەن کەم هەراسان بۆ
سا بۆ ئاوێتەی حەق شناسان بۆ

پاشماوەی ڕێبازی ...

بەم جۆرە ، ئەم بیرکردنەوە تازەیە لـە قەڵەمڕەوی ئەدەب وهونەریشدا ،یانی لەنێـو شاعیرو هونەرمەندەکانیشدا بڵاو بـووە و ڕەنگی دایەوە .زوربەی ڕەخنەگرەکانی مێژووی ئەدەب ،پەیدابوونی ڕێبازی ڕۆمانتیک ئەوها لێک دەدەنەوە کەباسمان کرد ،واتە هۆیەکـی دەبەنەوە سەر سەرهەڵدانی چینـی تـازەی سەرمایەدار وبازرگانان .

لەگەڵ ئەو خملێ شێوان وهەرەس هێنانەی ڕژیمی دەرەبەگەکان وسەرهەڵدانی بازرگـان و سەرمایەداران ،هونەرمەندوقەڵەم بەدەستـی تازە پەیدابوون کە دەیانەویست بەبیـرو بڕوایەکی تازەوە ،بەڕێبازێکی‌نوێ وسەربەخۆی جیالەئی کلاسیکاندا بڕۆن .شتی ئەوها بنووسن کەگەڵ ئازاروکوێرەوەری وپەژارەی هـەمـوو خەڵکەکە یەکتر بگرنەوە ،نەک هەر تایبەتـی دەستە وتاقم وچینێک بێ .دەیانەویست ئەدەب وهونەر چیدی بۆخزمەتی "ئەقڵی باو" وبـۆ خزمەتی دەستووری دەسەڵاتداران بەکار نەیـە ، بەڵکوو لە پێناو "ئازاکردن" وئازادکردنی ئینساندا بێ ،لە پێناو پەروەردەکردنـی دەروون وڕووحی مرۆڤ وپێشکەوتنیدا بـێ و مرۆڤ سوود وچێژوجوانی لەو ئەدەب وهونـەرە ببینێ.هەربۆیەش یەکێک لە سفەت وتایبەتی ـ یەکانی ئەم ڕێبازە ئەوە بوو کە ئـەدەب و هونەرەکەیان سادە وبێ گرێ وگـوڵ بـوو . سیمایەکی نەتەوەیی هەبوو ،پڕبوو لەجـۆش و خرۆش وهەستی ئینسانی وسۆزوغەم وکەسەر!

بەم شێوەیە ،هەرلەگەڵ سەرەتای شۆڕشـی سەنعەتی لە ئینگلیستان وپەیدابوونی چینـی بۆرژوا ولەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گـەورەی فەڕەنسە بە دژی دەرەبەگان ،ڕێبـازی ڕۆمانیتک پێشان لە ئینگلیستان وپاشان لـە فەڕەنسە بە یەکجارەکی ڕەگی خۆی داکوتـا و وردە وردە گەیشتە ئاڵمان و بەدوایدا گەیشتە ئیسپانیا ورووسیەش .لەساڵی هەزاروهەشسەد و



ڕێبازی ڕۆمانتیک لە فەڕەنسەدا لە ژێـر تەئسیری ڕۆمانتیکی ئینگلیستان سەری هەڵداو برەوی سەند : کاتێ کە "شاتوبریان"ی شاعیری ڕۆمانتیکی فەڕەنسە ،بەرهەمی شـاعیـرە ئینگلیسی یەکانی کردە فەڕەنسی ،ئەم‌بەرهەمە ڕۆمانتیکانەی وەریگێڕابوون ،سەرنجی خەڵـک ونووسەرانیان ڕاکێشا ووایان کـرد کـە نووسەری فەڕەنسیش بە هەمان شێوە ولەسـەر هەمان ڕێباز بنووسن .هەر لەو سەردەمەشـدا بوو کە شاعیری فەڕەنسی وەک "ویکتۆرهۆگـۆ" "شاتوبریان" ،"لامارتین" ،"ئەلفریددی ڤینـی" ، "ئەلفریددی مۆسە" ،"جۆرج ساند"و"مـادام دووستاڵ" ، کتێب ونووسراوەکانی خۆیان بـە پەنجاش بەملاوە بەسەرانسەری ئورووپادا ولـە هەموو بوارەکانی شیعروچیرۆک ورۆمـان و شانۆنامە ورەخنەنووسیندا ،تەنانەت لە بواری، وینەگەریش بڵاو بۆوە .

لێشاو بڵاو کردەوە ."شایانی باسە کەئەم نووسەرەی لەئاخر ناوی هاتووە ، ژن بووە ، رێز وناوبانگی ئەو ئەگەر لە ئی پیاوەکان زیاتر نەبێ ،کەمتر نیە " .

هەر بۆیە دەبینین لەوسەردەمەدا-بیست و پێنج ساڵەی دوایی سەدەی حەڤدە-پێنج "فەرهەنگستان" ولەنیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەشدا بیست فەرهەنگستان دامەزران هەروەها ژمارەی رۆژنامە وهەفتەنامە و گۆواری ئەدەبی لەوێ ولە ئینگلیستان ولە وڵاتی دیکەش ،زۆرتر دەبوون وبایەخیان زیاتر پەیدا دەکرد ولەنێو خەڵکدا بەجۆش وخرۆشتر بڵاو دەبوونەوە .چونکە شاعیرونووسەر و هونەرمەندەکان لە عەوامی سادە بوون ،لەبە چین وتوێژی جیاجیای میللەت بوون ، لە نووسین وهونەرەکەشیاندا ،قسەیان لە بارەی ، مرۆڤی چەوساوە وخەفەتباری وەک خۆیان دەکردولە گیروگرفت وژیان وچارەنووسی مرۆڤ دەدوان .

نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە هەندێ رووناـ کبیر وفەیلەسووفی وەک "ژان ژاک رۆسۆ"" رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری ئازاد وبیری رۆمانتیکی وکتێبەکانیان بەتایبەتی کتێبی "بەندی کۆمەڵایەتی " و "ئیعترافات" زۆری کارلە هونەرمەند و شاعیرەکان کرد .تەنانەت درۆ نیە ئەگەر بڵێین : هەموو شاعیرێکی رۆمانتیکی ئەو سەردەمە کەوتۆتە بەرتەئسیری کتێبەکانی ژان ژاک رۆسۆ .

سیماوتایبەتی یەکانی هونەری رۆمانتیک "

پێویستە بزانین کە رێبازی رۆمانتیک لەبەینی دووقۆناغدا هاتۆتە ئاراوە ، لە لایەک ئەوکاتەی کە چینی دەرەبەگ و دەسەڵاتداری "نەجیب زادە" لەحاڵەتی هەرەس هێنان وشپرزەبووندا بوو ،لەلایەکی دیکەش ئەوکاتەی کە چینی بازرگان وسەرمایەدار تازە دەگوورا وشێوەی ژیان بەرەوئاڵۆزتربوون دەرۆیشت .بۆیە ئەدەب وهونەری ئەو رۆمانتیکانە ئاوێنەیەکی بێ گەردی ئەوسەرـ دەمە دیاری کراوەیە.



ژان ژاک رۆسۆ کەوەکوو گوتمان دامەزرێنەری بیری ئازاد وبیری رۆمانتیک بوو ،لە کتێبەکانیدا پێشنیهادی دەکرد کە مرۆڤ بگەڕێتەوە باوەشی تەبیعەت :بگەڕێتەوە ئامێزی ئارامی وهێمنی وئاسوودەخەیاڵی ، بۆ ئەوەی‌لەدەست شەڕوگێچەڵ وناخۆشی یەکانی ئەم ژیانە ئاڵۆزو تازەیە رزگاربێ ،بۆئەوەی لە ئامێزی ئەم تەبیعەتە پاک وخاوێنەدا ، مرۆڤ سەرلەنوێ رووح ودەروونی خۆی بەشێوەیەکی جوان ،دروست بکاتەوە ومەزرای هەناوی خۆی بەئاوی جوانی وهەستی پاک،پاراوبکا . ئەم بیروبۆچوونەی رۆسۆ لەنێو بەرهەمی هەموو شاعیروچیرۆک نووسەکان رەنگی دایەوە .


نووسەری رۆمانتیک ،هەریەکە بەشێوەیەک نارەزایی ویاخی بوونی خۆیان لەدەست ژیانە ئاڵۆزەکە دەردەبڕی : هێندێکیان وەسفی بەدبەختی خۆیان دەکرد وبەتەنیایی و گۆشەگیری خۆیان هەڵدەگوت وناهومێدی و هەستی زەبوونی وبێچارەیی خۆیان دەردەبڕی وەکوو"جورج ساند" کە دەیگوت : ئێمە بەرەیەکی بەدبەختین ، هەربۆیە ناچارین بە درۆکانی هونەر ،خۆمان لە دیاردەکانی ژیان دوور رابگرین .هەندێکی دیکەش پەنایان دەبردە بەرگەشت وگەڕان وسەفەرکردن ،سەری خۆیان هەڵدەگرت و روویان لە وڵاتی

بڕوانە لاپەڕەی ٧٤

ئەدەبی

فۆلكلۆری

كوردی



كاكە میر و كاكە شێخ

هەی رۆ.. هۆ ...هۆ... وەی
ئەستی دەڵێ خوشكێ بەغدا نێ
سەرشینی قەڵەندەری بابان وێرانێ
بێ كەسی ،بێ دەری ، بێ خودا نێ
وەرە یەكمان بچینەوە ئەستەمبوولێ
یەكمان بچینەوە كن شازادە شای تارانێ
یەكمان بچینەوە كن خلیج باتمانی دەئیسپەهانێ
ئەوی دیكمان بچتەوە كن شازادەی
دە شووشوانێ

دە با بچینەوە سەر كوو پەڵەی دە خمخمانێ
ئەتۆ لێدە وەلكی دە دەسرۆكەی
ئەمیش لێدەدەمەوە لكی دە كۆلوانێ ناوەڵڵا
دەلاملانێ
ئەمن داخێك و سێسەت مخابەتی دە دنیایەم
دەگوژی
بۆ كاكە میر و كاكە شێخم
حاكمەكەی مەرگە و پشدەری رەنگینم كوانێ
هەی رۆ... كاكینە رۆ... براینە رۆ

ئەگەر راستە   ئەگەر درۆ
وەسەری ئەستی قەلەندەروو دەکرد خۆلی کۆکۆ
* * * *
هەی رۆ... هۆ... هۆ... وەی
ئەستی دەلێ خوشکێ بەغدانێ
سەرێ من دێشی دلێ من چەندی لە غللوورە
خۆمن دەچوومەوە هۆدە و دیوەخانی
کاکەمیر و کاکە شێخان لێی رادەخرا
چەند قالیچە و سەرئەنداز وهەرامەتی مافوورە
لێی دادەندرا سەرین وموتەکا دەستوور بە
دەستوورە
لێی دادەنیشتن چەند میر و بەگلەر
دەستوور بە دەستوور، جەمبوور بە جەمبوورە
خۆمن دەچوومەوە بەختەرمەخانەی کاکە میر و
کاکە شێخان لێی دەبەستراوە کوێتی قاپ
رەش و کۆی دە خورمایی
پێشبەند و پاشبەندیان لە ئاوریشمی سوورە
هەموو لەسەر خۆیان دادەمالی و فرێ دەدا
رەشمە و توورە

لە بنی گوێ یانم خۆش دێ
پرمەی بۆروبدەوان دەگەڵ سەدای پیرەسازی
خۆ ئەمن زەینی خۆم دەداوە
بەر دەرکی دیوەخانی کاکەمیروکاکە شێخان
ئەوە برای من سوار دەبوون
دەیانکردەوە بە تەقلە و رمبازی
ئەورۆکانە کەوتوونەوە بەراوی ورچ وبەرازی
گۆشتیان لێدەگرن بە مووکێشی
هەرامەتی هەر بە گازی
یارەبی«ئاو دەل گۆران» بۆت بەرێ بێ
تیرەکەی دە حوسێنی غازی
هەی رۆ...کاکینە رۆ....براینە رۆ...
ئەگەر راستە   ئەگەر درۆ
وەسەری ئەستی قەلەندەروو دەکردەوەخۆلیکۆکۆ
* * * *
هەی رۆ...هۆ...هۆ...وەی
سەرێ من دێشی،دلێ من چەندی لە غروورە
ئەمن لە بنی گوێیانم خۆش دێ
پرمەی بۆروبدەوان دەگەڵ سەدای پیــــرە





هەی رۆ... کاکینە رۆ... براینە رۆ
ئەگەر راستە   ئەگەر درۆ
وەسەری ئەستی قەلەندەروو دەکرد خۆلی کۆکۆ
* * * *
هەی رۆ...هۆ...هۆ...وەی
ئەستی دەلێ خوشکێ بەغدانێ
سەرێ من دێشی دلێ من چەندی لە تازی

سەمتوورە
خۆ ئەمن سبحەینێ هەڵدەستام لە خەوێ
دەمڕوانی یە وەتاغ و باڵەخانەی کاکە میرو
کاکە شێخان
نە دەنگی فەڕاشی دێ ، نە دەنگی نۆکەران
نە شەقەی سەماوەرێ،نە تەقەی ئیسکانی بلوورە
تو خوداکەی خزمینە

«کاکە میروکاکە شێخ»

وەرن لەپاش کاکە میروکاکەشێخان
کێ بچێتەوەتلوانێ،تەورێزێ،ئەستەمبوولێ
خەبەرن لە بۆ بێنێتەوە لەرێی دوورە
ئەوە حدوود و حەودالێ جووتە برایان
بەرەڵڵا دەبوون لەسەرە خۆیان فڕێ دەدا
زین و زیلقە دەری و توورە
تاجی و تولەی کاکە میروکاکە شێخم بە
بێ سێحەب
لە قونەباسکی مەرگە یان دەیانکردەوە بە
قوررووسکە قورووسک ،
ناوەڵڵا بە نووڕە نووڕە
ئەوجار کێ بچێتەوە تاران و تەورێزان
بۆمان بێنێتەوە رەقەمی دە کەسک و سوورە
هەی رۆ...کاکینە رۆ...براینە رۆ...
ئەگەر راستە ئەگەر درۆ
وەسەری ئەستی قەلەندەروو دەکردەوە خۆڵی،
کۆ کۆ

* * * *

هەی رۆ...هۆ...هۆ ...وەی
ئەوە کەوبانگی دەکردە کەروێشکێ
کەروێشکێ بانگی دەکردەوە کەوێ
دەیگوت وەرە بچینەوە تیرەگی دە کوێستانان
لەوێ دەکەینەوە سیاحەت و گەرمەراوێ
ئەو جووتە سوارەی ئەمن‌وتۆیان‌لێ دەترسایین
ئەورۆکانە لە دەستیان بەردەبۆوە دەستە
جڵەوێ
سەریان داون لە قەنارەی لەشیان کەوتۆتەوە
لە ئاوێ
ئافەریم لەبەر کوڕی«نێرەدیزکەری»
لەسەر کاکەمیروکاکە شێخان دەستی دەداوە
خەنجەرێ
دەیگرت لاشیپانەی دەرکەی
هەشت و نۆی لێ لێدەدانەبەر گۆمەڵی
دە خەنجەرێ
خەنجەر تینی تێدەگەڕا و لە جڵغەی دەهاتە
دەرێ
ئەستی دەڵێ رەبی وەستای دە زەمانەی
حەوت ساڵان بە کوێروکوتر و گردەنشین
دانیشن
دەپێش مەرگوودا چاوتان بێتە دەرێ
ماموستا ئەوەت وەسیەت بێ لەسەر دەستی
من
ئەوجار سێ بزماران بدە لە گوێی
دەخەنجەرێ
هەی رۆ...کاکینە رۆ... براینە رۆ
ئەو جێگایەی جووتە برا لێیان دەکرد
شەقێن و شەڕەگۆ
ئەورۆکانە مەرگەیی کردوویانە بە بێستان و
بە تووتن هەرامەتی بە پەمۆ

* * * *

هەی رۆ...هۆ...هۆ... وەی
ئەستی دەڵێ خوشکێ بەغدانێ
سەرێ من دێشی دلێ من چەندی لە ئێشە
ئەوە کەروێشکی کەڵەکێ بانگی دەکردوە
کەروێشکێ
دەیگوت وەرە دەچینە سەرقامەت وگەرمەلانی
خۆمان
دەکەینەوە خەوێ دەچێشتە چێشتە
ئەو جووتە سوارەی ئەمن و تۆیان لێدەترساین
ئەوانی تاجیلەی یەکساڵەیان بەمە دەکرد
رەکێشە
رانی دەرکێفێیان لەمە شل دەکرد
ئەورۆکانە شوکر حەوت رۆژە کوژراون
مەرگە و پشدەری رەنگینیان پێ بەجێ دەهێشتە
هەی رۆ...کاکینە رۆ...براینە رۆ...
ئەگەر راستە ئەگەر درۆ

وەسەری ئەستی قەلەندەروو دەکردەوە خۆڵیکۆکۆ

*   *   *   *

هەی رۆ... هۆ... هۆ...وەی
ئەستی دەڵێ خوشکێ بەغدانێ
سەرێ من دێشی دلێ من راناوەستی لەبەر ئەوێ
خەتەرێ
ئەو یارە بی مەرگەیی هەروا بن و هەرواولێ
بەسەرێ
رووت و رەجاڵە بن ، پێخاوس بن
یارەبی خودا رسقوو بەرێتە سەر پشتی
دە پیرە کەرێ
ئەی چ خێری دە خودای بوو
دوو برای دەدای و بابی منوو
لەسەر سفرەی نانی دەدانەوە بەر مەودای
دەخەنجەرێ
هەی رۆ...کاکینە رۆ...براینە رۆ
ئەگەر راستە ئەگەر درۆ
وەسەری ئەستی قەلەندەروو دەکردەوەخۆڵی،کۆکۆ

*   *   *   *

هەی رۆ....هۆ....وەی
ئەوە دارەکەی دە وسووئاغای
لەمن بەدارنبناوە
دە وەختێکی بێ وەختدا
لە وسووئاغایان دەکردەوە سڵاوە
شامیان بۆ دەکوشتنەوە شەکە
نەهاریان بۆ لێ دەنانەوە پلاوە
هەک لاڵ بم بۆ جووتەی دەبرایان
لە پاشیان بەجێ دەما بووکی دەسوور
هەرامەتی کۆرپەڵەی دەساوا
هەی رۆ....کاکینە رۆ....براینە رۆ
ئەو جێگایەی جووتە برا لێیان دەکرد شەقێن
و شەڕە گۆ
ئەورۆکانە مەرگەیی کردوویانە بە بێستان و
بە تووتن هەرامەتی بە پەمۆ

فریزوو

ح. رەشیدی زەرزا



من فریزوو نیم، فریزووم پێدەڵێن
پنج و ریشەم سەختە ئەمما خوێن دەڵێن

چەرخی چەپ ئەمنی وەها خولڤاندووە
بەژن و بالامی بە هەرزە نواندورە

وا دەڵێن من خوێنی هەردم مشتووە
تازە ئاوێکە و وەهایان رشتووە

با سەرەوژێر و سەرەوژوورم بکەن
با لە مووچە دوور و مەجبوورم بکەن

با لە بۆ فەوتاندنم سەر هەڵبڕن
با رەگ و ریشەم بە گاسن هەڵدڕن

گڵمەت و گڵ نیم ئەمن ناتوێمەوە
پاشی سەرقرتاندنیش دەڕوێمەوە

با بژارم کەن لە شێوەردوو پەرێز
من زەویم گرتۆتە ئامێزم بەڕێز

پنج و ریشەم داکوتاوە من لە هەرد
کوا دەرۆستم دێ بژار و شێو و وەرد

هەر خوناوێک بێ لەشم تەڕ کاتەوە
تۆزی خەمباریم لە روو بشواتەوە

پنج دەکەم پنجم لەسەر پنجی رواو
نادیارە لێم رەگ و ریشەی خوراو

من لە چوار سووچی زەویدا نیشتەجێم
وا رواوم ناڕوێ بەرگر لە رێم

بۆ رەگ ئاژۆ بەسیە بۆمن نەختێ خاک
دەرفەت وماوەم بدەن وەک پیاوی چاک

کەس نەکێڵێکم دەنێ جێ ناگرم
هەرد و مووچەی هیچ گوڵێ داناگرم

«ئەشکەوتی گەوەرێ»

رەئووف سەلیمی



لە (سەردەرئاباد) کە دێ یەکە لە رۆژئاوای بۆکان فەقێ بووم ،لەلای خوالێ خۆشبووما مۆستا (حەفیدوەلزی) دەمخوێند ،پیاوێکی پیر ئەم بەسەرهاتەی خوارەوەی بۆ گێڕامەوە.

کچێک بە ناوی گەوەر خەڵکی سەردەرئاباد،لە دێی کانی رەش شووی کردبوو، ئێوارەی رۆژێک لە رۆژەکانی پاییز پیلی دوومنداڵیشەش حەوت ساڵەی خۆی دەگرێ کە بچێتەوە بۆ سەردەرئاباد بۆ دیتنی ماڵی باوکی .

پیاوێکی چاوحیز کەچەند ساڵ بووحەزی لێدەکرد، بە شوێنیدا دەچێ ،دەس بە خەنجەر ،غاردەداتە دوومندا- ڵەکەی دەیان رفێنێ بۆ ئەشکەوتی خوراسانە .ژنەکە لە تاوان،بە شوێن منداڵە- کانیدا دەڕوا ،تا دەگاتە ئەشکەوت شەو بەسەردادێ پیاوەکە پێی دەڵێ ، ئەگەر دەستم لەگەڵ تێکەڵ نەکەی سەری هەر دووک منداڵت دەبڕم ،شێرەژنەکە دەڵێ :

ئەگەر منیش بکووژی ، دەستت لەگەڵ تێکەڵ ناکەم دەس بەجێ ئەو پیاوەنامەردە سەری منداڵەکان دەبڕێ و ئەوجار خەریکی ئەوە دەبێ دایکیشیان بکووژێ .ژنەکە لەپڕ وەبیری دێتەوە کە چەقۆیەکی لە گیرفاندایە بە پیاوەکە دەڵێ :

باشە ،مەمکووژە ، وەرە پێشێ ،کە پیاوەکە دێتەپێش چەقۆکە لە زگی رادەکا و دەیکووژێ .

بائەو ژنە ئازایە لە لای سێ تەرم ،لە ئەشکەوتی خوراسانەبەجێ بێڵین،بزانین برائازاکەی لە سەردەرئاباد کە لەم کارەساتە بێ خەبەرە چ دەکا .

- کوروکاڵی ئاوایی شەو لە مزگەوتی سەردەرئاباد،کۆ دەبنەوە ولەگەڵ یەک گرێو دەکەن،دەڵێن :

هەر کەس ئەمشەو بچێ بۆ ئەشکەوتی خوراسانە سینگێک

بڕوانە لاپەڕەی ٥٧

نالی بە داوە شەعری...

«عەزیز نالی»

" دیوانی نالی" سالی (١٣٥٥) بەشێوەیەکی نوێ چاپ کراوە. ئەم دیوانە بەهیممەتی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم ومحەممەدی مەلا کەریم ساغ بۆتەوە و شەرح کراوە. هەروەها لە سالی ١٣٦٤ دا بۆ جاری دووەم، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی لە ورمێ چاپی کردۆتەوە. چاپی دووەم کورتە پێشەکییەکی ماموستا هێمنی ئەمری لەگەڵە و لە هێندێک جێگاش ماموستا بۆ چوون و نەزەری خۆی لە پەراوێزدا نووسیوە لە" سروە"ی ژمارە (٦)یشدا "کاک ج. ئاشتی" کورتە باسێکی لەژێر عینوانی"ئاوڕێک وەدیوانی نالی" نووسیوە و نەزەری خۆی لە بارەی یەک دوو بەیتدا دەربڕیوە. منیش لێرەدا تێبینی خۆم لەبارەی چەند بەیتێکدا کە پێموایە هەڵەیان تێکەوتووە، دەخەمەروو:

لاپەڕەی(٦٥٧)، غەزەلی(١٠)، بەیتی(١):

(برق البصر) لەبەر بەرق تەلەئلوئی لەئالیَ
(خسف القمر) لە ئیشراق قیامەتی جەمالیَ

ئەگەر وشەی" بەرق" لە میسراعی یەکەمدا (و)ی عەتفی بەدواوەبیو وشەی"ئیشراق" لە میسراعی دووەمدا ،(ی)ی ئیزافەی پێوە بلکێ، لەباری وەزن و مەعناوە دروستترە:

(برق البصر) لەبەر بەرق وتەلەئلوئیلەئالی
(خسف القمر) لە ئیشراقی قیامەتی جەمالی

بەیتی (٤) :

یەمی دیدە پرلە مەرجان،وەک یەشمی ئابدارە
شەبەیە شەبیهی زولفی سیاهی وەک زوخالی

سەبارەت بە وەزنی شیعرەکە وشەی "وەک" لە هەر دووک میسراعدا دەبێ" وەکوو" بێ و وشەی" سیاهی" لە میسراعی دووەمدا دەبێ: " سیەهی" بێ:

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەکوو یەشمی ئابدارە
شەبەیە شەبیهی زولفی سیەهی وەکوو زوخالی

لە پەراوێزی دیوانەکەدا تەنێ مەعنایەک بۆ "مەرجان" نووسراوە، ئەویش مەنزووری "نالی"نیە. مەعنای تری مەرجان، "مرواری" یە و " نالی" ئەمە یانی لەبەر چاو بووە.

بەیتی(٥) :

بە مەلاحەتی تەکەللوم هەمو زەمزەمومەلیحی
بە فەصاحەت و تەبەسسوم هەمو کەوثەروزولالیَ

بەلای منەوە دەبێ ئەسلی شیعرەکە ئاوا بووبێ:

بە فەساحەتی تەکەللوم هەموو زەمزەمومەلیحی
بە مەلاحەتی تەبەسسوم هەموو کەوسەروزولالی

چونکە لە میسراعی یەکەمدا باسی "تەکەللوم" کراوە وهێنانەوەی " فەساحەت"، کە ڕەبتی بە " تەکەللوم"ەوە هەیە، لە میسراعی دووەمدا بە"حەشوو" لە قەڵەم دەدرێ ئەمەش لە شاعیرێکی وەک "نالی" بە دوورە. کەوابوو ئەگەر جێگەی "مەلاحەت" و"فەساحەت" بە یەکتر بگۆڕینەوە، شیعرەکە پتەوتر دەبێ. ئەوەدەم دەتوانین لەباتی واوی عەتف(و) یای ئیزافە(ی) بخەینە نێوان "مەلاحەت" و

"تەبەسسوم" ، بەم جوورە شیعرەکە لەباری رواڵەتیشەوە جوانتر دەبێ،لەمەش بترازێ، " زەمزەم" کە لە میسراعی یەکەمدا هاتووە ، جگە لە چاڵاوە مەشهوورەکەی مەککە ،مەعنای "زەمزەمە و سرتەوچپە"ش دەدا ،کە دەتوانین بڵێین دژی "فەساحەت"ە .دەجا "زەمزەم " ئیهامی تەزاد (تەوریەی تیباق)ی لەگەڵ "فەساحەت" هەیە ، بەم دەلیلە جێگەی"فەساحەت" میسراعی یەکەمە .وشەی "مەلیح"یش کە لە میسراعی یەکەمدا هاتووە ، جگە لە مەعنا مەجازییەکەی، یەعنی " خوێدار" کە لەگەڵ "زمزەم" ئیهامی تەزاد پێک دێنن چونکە "زەمزەم" زوڵاڵە ."مەلاحەت"یش دەبێ لە میسراعی دووەمدا بێ چونکە لەگەڵ " زوڵاڵ" ئیهامی تەزادیان هەیە ."نالی" لە شوێنی دیکەشدا بۆ پێک هێنانی "ئیهاموتەزاد" وشەی فەساحەت"ی رەگەڵ " زمزەم" خستووە :

ناودان قلم نالی فصاحتده همان
نشئه آب بقا زمزمهٔ کوثری وار

هەروەها لە مەتلەعی غەزەلی ژمارە (٨) ی لاپەڕەی (٣٣٧)ی دیوانەکەدا ،خەندەی مەحبووبە بە نمەکین(مەلیح) وەسف کراوە[1]:

خەندەولەبی مەحبووبە کەوا زۆر نمەکینن
بەس خۆشە ئەگەر خۆ نمەکی زەخم و برینن

وا دیارە "مەلیحی" و " زوڵاڵی"بە"حاسڵ مەسدەر" لە قەڵەم دراون، چونکە لەدیوانەکە دا ئەم(ی)یەی بە ئاخری وشەی"مەلیح" و " زوڵاڵ" ەوە نووساوە ،کەشیدە (ـ)ی بۆکراوە : " مەلیحـێ، زولالـێ" .بەڵام ئەم (ی)یە زەمیر و فیعلە :"مەلیحی = تۆ مەلیحی"،"زوڵاڵی = تۆ زوڵاڵی" .

واو(و)ی پێش " مەلیحی" و " زوڵاڵی" هەر چەندە بە واوی عەتف حیسابە بەڵام مەعنای " بەم حاڵەشەو ،کەچی، بەڵام" دەداو حاڵەتێکی سەرسووڕمانیشی پێوە دیارە .دەجا مەعنای بەیتەکە بەکورتی ئاوای لێدێ :

بە فەساحەتی تەکەللوم تەواوێک وە زەمزەم دەچی بەم حاڵەشەوە مەلیحی!(زەمزەم تەواویک مەلیح نیە) .بە مەلاحەتی تەبەسسوم تەواوێک وە کەوسەر دەچی و زوڵاڵیشی ! (مەلاحەت و زوڵاڵ بوون رێک ناکەون) .

بەیتی (٧) :

روخی تو گوڵێکە صەد وەک هەزاری عاشق،ئەمما
لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوصوولی ناڵە "نالی"

لە نوسخەی(عم) و (گم)دا کە لە پەراوێزی دیوانەکەدا ئیشارەیان پێ کراوە ،لەباتی "سەد وەک" عیبارەتی " سەدبەرگ" نووسراوە "سەدبەرگ" یش ناوی نەوعێک سوورە گوڵە ، کە ئەمەش جودا لەوەی کە مەعناکە پتەوتر دەکا ، وەزنەکەش دەپارێزێ .شاعیرێکی فارس دەڵێ:

غنچهٔ خندان نماند وقمری نالان نخواند
عشوهٔ صدبرگ و غوغای هزاران راچەشد؟[2]

دەجا بەیتەکەی"نالی" ئاوایە :

روخی تۆ گوڵێکی سەدبەرگ وهەزاری عاشق ئەمما
لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوسوولی ناڵە "نالی"

من نەزەری خۆم جگە لەم غەزەلە لەبارەی هێندێک شوێنی تری دیوانەکەش یادداشت کردووە ، بەڵام چونکە زۆر پچڕپچڕن جارێ باسی دوو شوێنیتر دەکەم و واز دێنم .

غەزەلی (٢٥) ،بەیتی(٣) ،لاپەڕەی(٥٤٥) :

قامەتت نەخلە ،بەشیری، فائیقەی پەی کردووە
نەحلی بێنیشی مەمەت شەهدی سپی قەی کردووە

لە رووی مەتنی ئەو نوسخانەی کەلکیان لێ وەرگیراوە و لە پەراوێزدا باسیان کراوە دەبێ میسراعی یەکەمی ئەم بەیتە ئاوا بێ:

قامەتت نەخلی بەشیری فائیقی پەی کردووە

مەنزوور لە"شیری فائیق" ،برۆی یارە کە هەم زاڵە هەم سەرکەوتوو! مەعنایمیسراعەکەش ئاوای لێ دێ: (باڵات کە زۆر بەرز و تەرزە بەشیری ئەبرۆ کە زاڵە و لەلای سەرووش هەڵکەوتووە ، دارە خورمای پەی کردووە: (لەبەر چاوانی خستووە) .

..نالی بەداوە شەعری..

لەمەش بەدەر رەنگە "نالی" چاوی لەم قسە مەشهوورەی " سەعدی" ش بووبێ کە لە پێشەکی "گولستان"دا فەرموویە: " عصارهٔ نالی به قدرت او شهد فایق شده وتخم خرمایی به تربیتش نخل باسق گشته"[٣]

غەزەلی (٣)، بەیتی (٨)، لاپەڕەی (٢٧٥):

سەراپا هەر وەکوو حەلقەی زرێ پەروێزەیی خوێنم
بە یەک یەک تیری موژگانی زرێدۆزت بریندارم

" پەروێزەیی" دەبێ " پەرویزەنی" بێ، چونکە " پەرویزەن" بێژینگە نەک "پەروێزە". مەعنای دەقیقی شیعرەکەش ئاوایە: تیری زرێ بڕی برژانگت یەک بە یەک بریندار- یان کردووم، لەشم وەکوو زرێی بەر بریندار ان، بۆتە بێژنگی خوێن(خوێن دەدەلێنێ).

پەراوێز:

(١) بەلای منەوە ئەم غەزەلە فڕی بەسەر نالییەوە نیە چونکە لەباری زمانەوە پتەو نیە، هەروەها سەنعەتی شاعیرانە لەوانی " نالی" پێیان دەڵێ: " داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر" لەم غەزەلەدا وەبەر چاو نایە. بەڵام هەر چونێک بێ بە شیعری قەدیم حیسابە وپێم وا نیە بەنموونە هێنانەوەی بێجێ بێ.

(٢) برگزیدهٔ دیوان استادمحمدحسین شهریار،

(٣) گلستان سعدی، از روی نسخه، تصحیح شده مرحوم" محمدعلی فروغی"،

پاشماوەی......

داکوتێ وبێتەوە، پووتێک مێوژە مامبرایمەی ئالانی بۆدەکڕین

ـ برای ژنەکە، دەڵێ من دەچم، خەبەریشی لەوە نیەکە خوشکەکەشی لەوێ یە، بە هەورازاندا، بەرەو ئەشکەوت وەڕێ دەکەوێ.

گەوەر دەبینێ خشپە خشپێکی لێ نزیک دەبێتەوە، پێی وادەبێ دڕندەیە، بۆنی گۆشت وخوێنی کەلاکی کردووە سەری پیاوەکە دەبڕێ وبۆی داوێ.


ـ براکەی سەری کابرا هەڵدەگرێتەوە لەبن هەنگڵی دەنێ ودەڕواتە پێش، گەوەر سەری هەر دووک منداڵەکەشی بۆداوێ براکەی ئەوانیش هەڵدەگرێتەوە وهەرواددەڕوا- تە پێش دەڵێ هەردێم و هەر هاتووم، ئەوجار خوشکەکەی دەنگ هەڵدێنێ ودەڵێ:

ـ دێوی، درنجی، شێری پڵینگی تۆچی؟ بۆلە کۆڵم نابییەوە، ئەمن ژنێکی لێ قەوماوم، بەم شەوە هیچ جێیەکی پێ نازانم، وازم لێ بێنە

کوڕە دەنگی خوشکەکەی دەناسێتەوە وهاوار دەکا:

من برای تۆم برایەکی ئازاو بە غیرەتم چوون دەگەڕێمەوە، مەگەر نازانی لە مزگەوت گرێوم کردووە و دەبێ ئەو گرێوە بەرمەوە ئەدی خوشکێ بەم شەوە، تۆ لێرە چ دەکەی؟ یەکتر لە باوەش دەگرن وخوشکە بە سەرهاتی خۆی بۆدەگێڕێتەوە، دوایە هەردووکیان بەسەر بەرزییەوە بەرەو ئاوایی (سەردەرئاباد) دەگەڕێنەوە.

زۆر ئینسانی واهەن کە لە حەیوان خراپترن. وێنەیان لە هەموو جێگەیەک دەست دەکەوێ. ئەم بەسەرهاتە رووداوی یەکێک لەوان و ئازایەتی ونامووس پەرستییە.



ئاوڕێک وەسەر مێژووی کوردستان

گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی

ع بەسەمەدی



پەلەی من بۆیە بووکە بەر لە کوردەکان خۆ بگەیەنمە ئەوێ بەڵام هەروەک دەبینی دوژمن دەستی خۆی رەپێش خستووە و چاوەڕێی ئێمە لەوێ وێستاوە."

راستی دەکرد ،هەموو دەرکێکمان لێ داخرابوو.من لە تێکهەڵچونێکا لەگەڵ کوردەکان توانیبووم دووکەسیان لێ بەدیل بگرم ، پێشنیارم بە خئری سوفوس کرد کە بەجیا لەگەڵ دیلەکان بدوێ وبۆ دۆزینەوەی رێگەیەکی دەرچوون قسەیان لەگەڵ بکات .هەوەڵ کەسمان هێنا وپاشی چاوترسێنێکی زۆر گوتی : رێگە هەرئەمەیە کە ذەیبینن وبەس .ئەومان لە پێش چاوی ئاواڵەکەی کوشت ، ئەسیری دووهەم کەوای زانی وەقسەهات وگوتی :

"من رێگەیەکی ترم پێ شک دێ کە ئاواڵەکەشم بەوێی



بەشی دووەم

دەزانی بەڵام بۆیە ئاشکرای ، نەکرد چونکە ماڵی زاواکەی لە نزیک وێیە ودەترسا ئەویش تێدا بچێ .بڕۆن تاکوو پێشانتان دەم ."

لە چۆنیەتی ڕێگاکە پرسیارمان لێ کرد ،وادەرکەوت کە گردێکمان لەبەرە وتاکوو ئەم گردە نەگرین نابێ هومێدێکمان بەدەربازبوون هەبێ .بەم هۆیە سەرکردەکانمان کۆکردەوە وتەگبیر و راوێژمان لێ کرد وتاقمێکی داوخوازمان ویست .

سێ سەرکردەی قورسەچەکی ئارکادیایی وسەرکردەیەکی سووکە چەککەلە شەڕەکانی پێشوودا ئازایەتی یان نواندبوو هەنگاویان نایەبەرەوەو دوای ئەوەی بەرکوتێکیان کرد بەخۆوبە دووهەزار کەسەوە بەرەو گردیان ئاژوا و ئەسپەکەشیان وەپێشدا . شەوێکی تاریک ولەنگێزەمان بەسەرداهات .

من بە پاشەنگی لەشکرەوە وەرێ کەوتم تاکوو دوژمن لە ئەم شوێنە بەرزەی کە گرتبووی هەڵکەنم . بەڵام هەڵکەندنی چی ؟ ئەمە دەهۆیەک بووبۆ خافڵاندنی دوژمن ،تاکوو لە تاقمی داوخواز بێ خەبەر بمێنن ، کوردەکان کە بڕوایان کردبوو دەستیان کرد بەجاڵەکردنەوەی گاشەبەردی زل کەهەی وابوو قورسایی چەند خەروار دەبوو.

ئەم بەردانە لەسەر ڕێی خۆیان وەگاشەی‌تر دەکەوتن و خلۆریان دەکردنەوە وواهەبوو پەرش وبڵاو دەبوون وبارانەیەکیان لەوردە بەرد بە سەرمانا دەباراند. ئێمە بە نیگەرانی یەوەخۆمان گەیاندە شەو ،ئەودەم گەڕاینەوە ئۆردووگا .ئەوێ شەوێ دوژمن هەروا بە کوچک جاڵەکردنەوە خەریک بووووگرموهۆڕی وەیەک کەوتن ووردبوون وخزینی بەردەکان بۆنێودۆڵ، لەکێو



وتەلان دەنگی دەدایەوە.

لە لایەکی تریشەوە پۆلێک داوخواز لە ناغافڵ بە سەر دوژمنیاندادابوو ومەکۆیەکی گەورەیان لە ترۆپکی چیا لێ گرتبون یۆنانی‌یەکان بەم سەرکەوتنە وایان زانی کە دوژمنیان لە بڕست خستووە ، بەڵام کە رۆژ بۆوە دەرکەوت ئەمە تەنیا دانەیەک لە مەکۆ گەلی دوژمنە کە گرتوویانە .

بەختەوەرانە لە گەڵ ئەنگوانی کازیوە مژ هەموو وڵاتی داگرتبوو وبارانی ئێمە توانیبوویان بەدەم ژەندنی شەیپوورەوە بەسەر دوژمندا بدەن وگەرووی کوێستانەکانیان لە چنگ دەربێنن .لەگەڵ بانگی شەیپوور ،خێری سوفوس هەڵیکوتایە سەر ڕێبازگەی کوێستان وفەرماندەکانی تریش دەنگی لەشکریاندا وپێشرەویان کرد . سەربازەکان رمبەکانیان و سەماخستبوو و یەکتریان هان دەدا .

منیش بە پاشەنگ وبارگەوە بنەوە ئەو ڕێگایەم گرتەپێش کە ئەسپەکان پێشانیان دابووین،چونکە لەشکری ئێمە کوردەکانیان شکاندبوو و ئیدی جێگەی مەترسی نەبوو. بەڵام لەم وەختە کەمەشدا



دوژمن هەلی وەدەست خستبوو ولە تەدارەکی ڕێکخرانەوەیەکی تردا بوو.ئێمە دەبوو دەستی خۆمان رەپێش خەین ونەهێڵین جارێکی دی لە تەڵە بکەوین . سێ گردمان لێ نزیک بوو کە دەشیا بمانگرتایە. ئەو کاتەی لەدوایین گرد ئاوا دەبووین چی وانەمابوو دیسان دەرچوونمان بگیرێ .


دوژمن لەدواوە بە توندی زەبری لێ دەدایین ولەسەر ڕا بەردی جاڵە دەکردەوە. خۆ هەراو نەعرەتەلێدانیان لە گرم وهۆڕی بەردەکان سامناکتر بوو.

ئەم سەربازە کە چاوەدێری منی پێ سپێرابوو وقەڵغانەکەی بۆڕاگرتبووم لە

جەنگە یەکدا هەڵاتکەچی وا نەمابوو لە ژێر گاشەبەردێکی زلدا بفلیقێمەوە ،چاک بوو جەنگاوەرێکی ئارکادیایی بە فریام گەیشت و بە قەڵغانەکەی من وخۆی داپۆشی وسەندمیەوە ،ئەم جەنگاوەرە ئورولوخوس (۱) بوو.

ئەوێ رۆژێ بەخێر گوزەرا و لەشکری لێک هەڵپچڕاوی ئێمە توانی یەک بگرێتەوە .ئاخری پاشی ئەم هەموو شەڕولێکدانە کەوتینە فەرعانە وخۆمان لە مەڵبەندێک بینی کەخانووەکانیان رێک وپێک وولاتەکەیان ئاوەدان وعەمبارەکانیان لە دەغڵ ودان تژی بوو. شەرابیشیان لەبەر زۆر ، وزەوەندی لە سوێنە کردبوو. لە گەڵ خئری سوفوس پێشنیاری وێستانی شەڕمان بەکوردەکاندا ،ئەوانیش وەریان گرت و تەرمی کوژراوەکانیان داینەوە ئێمەش بەرێ وشوێن ورێزێکی زۆرەوە کە هاوشانی دلێران و جەنگاوەران بێ تەسلیم بە خاکمان کردن وئەسیرەکەمان ئازاد کرد.

بۆسبەینێ کوردەکان رەپێشدانەیان کرد ویەک لە دوای یەک پاسگەکانیان دەگرت .ئێمەش لە تەنیشترا لێمان دەدان ورێگەمان دەکردەوە .ئەگەر خئری سوفوس لەگەل دوژمن بەرەنگار دەبوو من لەشکری خۆم بەرەوبەرزایی دەکێشا تا جێگەیەک کە بە سەر دوژمندا زاڵ دەبووم و دەرم دەپەڕاندن .لەگەڵکوو کوردەکان پەلاماری منیان دەدا ئەمجار خئری سوفوس هەر بەم چەشنە لەهانام دەهات . ئەمە نموونەیەکی باش بوو لەهاوکاری ویارمەتی جەنگاوەران لەمەیدانی شەردا.



سەرەرای ئەوەی چەک و قەڵغانی قورسمان بەدەستەوە بوو بەڵام دیسانیش لە شەری تەلانە وتەلان چیوا لە کوردەکان کەمترنەبووین،کەچی ئەوان لە تیروکەوان و قەڵماسک زیاتر چەکێکی تریان پێ نەبوو .بە تایبەت ئەو دەمەی کە پاشەکشەیان دەکرد وبۆی دەردەچوون ئێمە هەر تۆزیشمان نەدەشکاندن و تەنانەت کەواندارە (کرتی) ـ یەکانیشمان بەسەرکردایەتی " ستراتوکلس" (۱۰) هیچیان لە دەست نەدەهات.

سەرەنجام لە بولێلەی رۆژێکی پایزیدا پێدەشتەکانی قەراغ چۆمی "کنتریتس" (۱۱)ـمان لێ وەدیار کەوت و سوکنا ییمان کەوتە دڵ،چونکە ئازووقەیەکی زۆریشمان پێ بوو هەر لەوێ مەنزڵمان خست وئەوشەوە بەخۆشی وپێکەنین وگێڕانەوەی راز و ئەفسانەی کۆن دەربارەی ، کوردان رامان بوارد .تەواو حەوت رۆژ بوو کە بێ پشوو کوتابوومان وشەڕمان کردبوو. ئەم کوشتەو کوێرەوەری و دژوازی یەی کە لەم حەوتووەدا دیبوومان گەلێک پتر بوو لەو زەڕ و زیانانەی کە لە شەڕەکانی لە گەڵ ئەردشیر و تیسا فرنسدا لێمان کەوتبوو.

ئەوێ شەوێ خەوێکی خۆشمان کرد ،بەڵام سبەینێ کە چاومان

هەڵێنا بەلایەکی ترمان بۆ نازل بوو ،چونکە لەشکرێکی بچووک بەسوارەو پیادەوە لەوبەری چۆم لێمان دامەزرا- بوون ولێمانیان دەڕوانی .لە دووریشەوە رێگەیەک دیاربوو کە زۆرتروە کاروانەرێ دەچوو لەوەڕا کەزۆر بە رێک وپێکی کوچکە ریزکرابوو زانیمان کە ئەمجارێ دەنێینە ولاتێکی پێشکەوتوو وخاوەن شارستا- نیەت .

پیادەی ئەم لەشکرە سەت هەنگاو دوورتر لە بەستێنی چۆم جێگەی گرتبوو ،سەربازە- کانی ئەم لەشکرە زۆربەیان ئەم "کەلدانی" یانە بوون کە بەکرێ گیراوی کاربەدەستانی ئەرمەنستان بوون بیستبوومان کە ئەمانە نەتەوەیەکی ئازا و دلێرن . تەقالامان کرد کە لە بوارێک بدەین وبپەڕینەوە ، بەڵام ئەمە بۆ پۆلێک قورسە چەک بەهیچ جۆر نەدەلوا . چونکە ئاوەکەلە پشتێند بەرەژوور دەکشا وتەختی چەمەکەش سەرپاک بەردی خڕو لووس بوو . سەرەڕای ئەمانەش لەژێر تیرەبارانی دوژمنی رووبەڕوو ،پەڕینەوە زیاتر وەخەیاڵێکی خاو دەچوو .

لەلایەکی تریشەوە لە داوێن کێوەکانی دواوە کەئۆردوگای دوێ شەوێ خۆمان بوو ، کوردەکان کۆزیلکەیان بەستبوو و چاوەڕێی ئەوە بوون لە هەلێکی ئەستەمدا خۆ بە پاشەنگی لەشکر دادەن و دەماریان لە رۆژگاردەربێنن دەستێکمان کەوتبووە ئەو بەر و یەک ئەمبەر .



وەها پەشۆکابووین کە تەواو سی وشەش سەعاتلە جێی خۆمان چەقین وفکرمان بۆ هیچی بڕ نەدەکرد .

لەمنیگەرانی یەدا شەوێ خەونێکم دیت کە بێ شک ویستی خودایان بوو . لەمن وابوو پێم لە زنجیر دایە ،لە نەکاو قلفەکانی زنجیر هەڵوەرین وبە ئازادی هات و چۆم دەکرد . هەر رۆژ بۆوە خەونەکەم بۆ خێری سوفوس گێڕاوە ، ئەو زوولەمانای خەونەکە گەیشت ولە خۆشیان گەشاوە . ئەو دەم هەموو سەرکردەکان قوربانییان بەجێ هێنا وبەنەریتی یۆنانی یان نەخشی چاکیان لێ دایەوە .

پاشی سەربازەکان قاوە لتی یان کرد ومنیش لەسەرنان بووم کە دوو لاو بەهەڵەداو هاتنە لام .چونکە گشتیان دەیانزانی ئەگەر مەبەستێک بێتە پێش بە تایبەتکە پێوەندی بەکاری لەشکرەوە هەبێ و بەمنی بڵێن چ لەسەر خواردن بم یان خەوتبم هیچ رووم گرژناکەم وبەهێمنی گوێی لێ رادەگرم .

لاوەکان پێیان گوتم: "لە سەرووی چەم پووشکەمان کۆ دەکردەوە کە لە بەستێنی ئەوبەری ئاوەکە چاومان بە پیرەپیاوێک وچەند ژنومندالٚ کەوت کە بوخچەی جل وبەرگیان بە دەستەوە بوو وخەریک بوون لە قەڵشتی گاشەبەردەکانی دەمچۆمدا دەیانشاردەوە . وادیار بوو کە قووڵایی چۆمەکە لەوێ کەمتر بێ ئێمە هەردووکمان رووت بووینەوە و لە چۆمەکەمان داهەندێک رۆیشتین و وامان دەزانی هێشتا نەگەیشتووینە قووڵایی کەچی تاکوو پەڕینەوە ئەوبەر لەهیچ کوێ ئاو لە پشتێند بەرەژوورتر نەهات ."

درێژەی هەیە

چاوەڕوان

«ئەحمەد دەشتی»

چاوەڕوانم ،
چون دەزانم هەر دێینەوە .
بەم هەموو ناخۆشی وتاڵی ودەرد و خەم و ئازارەوە
هەر چاوەڕوانم چاوەڕوان .
تۆ دەزانی ، دووریش بم لێت
هەست وبیرم هەر لە دەورت دەخولێتەوە .
بەو دڵەی کە یادگاری ڕۆژانی ئازادی وخۆشی تیا نێژراوە و دەگەڵ هەر دڵە کوتەیەک
ئەو خۆشی و بیرەوەرییانەم وە جووڵە دێن ،
چاوەڕوانم
لە هەموو کاتێکی ساڵدا :
لە بەهار و لە هاویندا
لە پاییز و لە زستاندا
لە هەموو شوێن وجێگایەک
لە ژیانی دوورەوەتەنی
بۆ هەمیشە ،
بە دڵ وگیان خۆشم دەوێی،یادت دەکەم ،

ڕازی پیرۆز

«ج. تاشی»

لە بەرزایی چیا چاوی هەڵۆ پشکووت،
لە نێو بۆران بەخۆ داهات ،
بە سەرما و با و تووما ن و هەور راهات
بەڵام کاتێ هەتاو ئەنگووت چاو هات .
چیاکەی مشتی زیخ وخۆڵ وەبەر داگرت
لە قەدپاڵی چیا ، چنگی بەقەو وخۆر ،
هەڵێکێشێ بەرەو جێژوانی لووتکەی هەورەکان راچوو...
وەکوو تیرێ لە سینگی تەنیا بوو
مەخابن ، هێندە بۆرانێ تێدا چوو.....
لەنێو

* * * *

بناری کێو
سبەی، لالەی سرووەبا دەیگوت :
بە سرتەی هێندە پیرۆزە :
" چ رازێک بوون لەنێو بۆران
لە داێک بوون لەنێو بۆران" .
لەدنیاچوون لەنێو

لەگەڵ شیعری

پیری شەیدا ، مامۆستای عیشق و سووتان
خاوەن بەهرە ،جوانپەرستی میهرەبان
ڕێبوارێ بووی لە دورگەی عیشقی خاکدا
مۆمی دەیان شیعری بەرزت داگیرسان
"تاریک و روون" شاهیدی بێداریتە
کەوتیتە رێ لەگەڵ بوولێڵی بەیان
هاوارت کرد : هەر کەسێ شیری پاکە
با هەوڵ دات بۆ وڵاتی برک و ژان
" نالەی جودایی" سکاڵای هەڵفری
تا بارەگای خوداوەندی غەریبان
"مامەهێمن" دوندی"قەندیل"بووی ئەتۆ
بۆ مەرگ،خامەی ئەتۆی لێمان فران
کێ بە قەد تۆ سارد و گەرمی چێشتووە ؟
کێ غەمی کردۆتە هەمرازی ژیان؟

بەهۆنامە

تۆ ڕۆیشتی و بەرهەمت بە یادگار
دیارییە بۆ دڵدارانی نیشتمان
"مامەهێمن" خامەکەم لاڵ و سرە
وەختێ کەوتیتە هەناوی گۆڕستان
تۆ هەمیشە گۆڕەپانی هەڵگوردی
با تەرمت دەس کاتە مل مەرگ ونەمان
میری میران ! بنوو بۆخۆت تا وەکوو
ساتی ئاهەنگی نەمر و سەروەران
ئەودەمی هەڵسە و تەماشا کە گەلت
چۆن ئەتۆی خستۆتە نیو سۆمای چاوان !

«دوانا کاکە حەمە»

«عەلی لەبریز»

سوورەگوڵ بە پەپوولەی گوت :
جێم مەهێڵــە ،
بڕوانە ، ژینی من وتۆ
چەندە لە یەکتر جودا یە !
من لە جێگای خۆم دەمێنم ،
تۆ دەفڕی .
تەماشاکە :
چەند بە دڵ گیرۆدەی یەکین !
دوور لە خەڵک ،بۆ یەک دەژین
هیند وێک دەچین ، خەڵک دەڵێن
ئێمە هەردووک پەلکی گوڵین
بەڵام سەد داخ !
تۆ رزگار ، من بەندی زەویم
چ چارە نووسێکی تاڵە!
چەند حەز دەکەم
هەڵفڕینت لە ئاسمانان
بە پشووی خۆم عەتراوی کەم
بەڵام هەیهات دووری لە من !
نەک هەر لە من
لە سەر چڵی هەموو گوڵێک قۆناغ دەگری
زۆری پێ ناچێ هەڵدەفڕی
منیش دەبێ لە جێگای خۆم بمێنمەوە و
سووڕانی سێبەری بەرپێم تەماشا کەم
تۆ لە ناکاو دەفڕی ، دەڕۆی .....
پاشان بۆلای من دێیەوە ،
لە دواییدا بەرەو شوێنێکی‌تر دەفڕی
دەڕۆی و پەیمان دەشکێنی
ئەی باڵ زێڕین !
هەر لە بەروەش
بەیانانە
چاو بە گریانم دەبینی !
هیوام وایە ئەم ئەوینە
هەر بەردەوام هەر پتەوبێ .
میری گوڵان !
با هەر دووکمان رەگ داکوتین
یا بەیەکەوە هەڵفڕین .


شاعیرانی لاو

کەماڵ جودالی (عیراق) ١٧

پایز .... پایز !
گەڵا گەڵای زەردت
بباڕێنە بەسەرمانا
بێزار نابین لە بارانت
بێزارنابین لەم ژیانە
چونکە شوێنمان وەک قەرەجێک بێ نیشانە
پایز ....پایز !
گەڵای زەردت
بادروستکا ئەوپەیکەرەی ئاواتمانە
بەگەڵای زەردی وەریوت
بەفرمێسکی هەوری ماتت
لەگەڵ وەرزی هاتنی تۆ
خەم میوانی نێودڵمانە
پایز ....پایز !
دەزانی تۆ
گشت باراتت
پەلکە زێڕینەی ئاسمانت
زۆر لەمێژە هاوژیانمە
هاوڕێی خۆشی وئازارمانە
پایز ....پایز !
بادەست بگرین
بەهەردووک ئەسرین بڕێژین
بگرین بۆ رەشماڵی ونمان
بگرین .... بگرین
بۆشەوی رەشی بێ خەومان

یەکسم یاعەدالّ

ڕەسوول ڕەش ئەحمەد



لە کوردوستاندا.

کەم کەس هەیە خۆی ناسیبێ و جارێکی سواری یەکسمی نەبووبێ وغارێنی نەکردبێ یا بەلانی کەمەوە نەی دیبێ. شارەزایی ئەوتۆم بە زمانەکانی دیکەی دونیا نیە تایەکسم لە فەرهەنگ و زمانەکانی دیکەی جیهاندا هەلّسەنگێنم.

بەلاّم هەرچی هەیە لە فەرهەنگی کوردا خاوەنی فەرهەنگۆکێکی تایبەتی خۆیەتی،پاراستنی ئەو فەرهەنگۆکە بەتایبەتکە ئەوڕۆژیانی ماشینی پەرەی سەندووە ووردە،وردە ئەو گیاندارە وهەرچی پەیوەندی بەوەوە هەیە دەخرێتە گەرداوی فەرامۆشی،ئەرکی سەرشانی شارەزایان و لێزانانە.

بەپێویستم زانی ئێستاکە بەهیچ ناتوانین واز لە ژیانی ماشێنی بێنین ولێی بپرینگێینەوە،ئەوشتانەی لەبارەی یەکسم وگیانداری تر وکشت وکالّ وچادروهەوار و ئاش ونان وهەرچی پەیوەندی بەژیانی کوردێکی پەتی یەوە هەیە بیان نووسمەوە بە ناوی کشت وکالّ وئاژەلّداری لەکوردستان لەچاپی بدەم، بەش بەش ئەو نووسراوانە بۆگۆواری سروە دەنێرم تا زووتر بکەوێتە بەرسەرنجی هۆگران ومامۆستایان و لێزانان تاکەم وکووڕی وجێ هەلّەکانم بەرێنموونی بەجێ ووەخت بۆراست بکەنەوە.

دونیای ماشێنی ناخۆش وپردەردەسەرە.ئاخری بەرەکانی داهاتوو دەگەڕێنەوە داوێنی خۆڕسک وهەولّ دەدەن چیدی لەمە زیاتر خۆیان لەپێچ وخەمی ژیاندا بەخەمی دونیاوە نەخنکێنن.

یەکسم:

یەکسم گیاندارێکی بە هۆش وبە ئەمەگە و بە درێژایی مێژوو، کورد بۆ سواری وباری کەلکی لێ وەرگرتووە.یەکێک لە کایەکانی مەلّبەندی ئێمە سواری یە و **جلیتێن وکوتە ورمبازێن وتەرادودارتەقلّە وغارێن وشەرناخێوی** هەرکام بەشێکن لەسواری،وسوارچاکی بەهونەرێکی کۆن ورەسەن ناسراوە.پێغەمبەری مەزن (د خ) تیرهاوێژی و سواری ومەلەی فێری مندالاّنی کردووە وگرێوی لەمبارەدا بەرەوا زانیوە. لەم بابەتەوە قسە گەلێکە وتەنانەت بۆ ئەسپ و سواری مەتەلّ و قسەی خۆش زۆر کوتراوە وەک :

تاسوار نەکەوێ نابێ بە سوار....

ئەگەر سەرنج بدرێتە بەیتە کۆنەکانی وەک **لاس و خەزالّ** وبەتایبەت **ناسر و مالّمالّ** بۆمان دەردەکەوێ یەکسمی ڕەسەنیان لەنێو عەرەبانرا هێناوەتە کوردستان وئەسپی **حدوود** ماینی **کەحلان** لە تۆرەمەی ئەسپ ومایینی سەرسنووری

نێوان کورد وعەرەبانن وبە باشترین ورەسەن ترینی هەمووان ناسراون.چونکە ئەوجۆرە ئەسپومایینانە بە هۆی ئەوەی لەباری تۆرەمەوە دوورەن لە گەرماودەشتی بێروون وقاقری عەرەبستاندا خۆراگرن ودەروستی سەرمای کوێستانە سەخت و رژدەکانی کوردستان دێن ،ئەسپی حدوود ئێستا زۆرە بەڵام ماینی کەحلان زۆرتر خەڵکی تورکمان بەخێوی دەکەن .

یەکسم : لەباری جنسەوە بەدوودەستە بەش دەکرێن :

یەکسمی مێ :لە زمانی کورد یدا بەماین ناسراوە و ناوی خۆی بەسەرخۆیەوە.ئەو کارانەی لە ئەسپی دەوەشێنەوە ماینیش دەیانکا بەڵام ناسک وکەم تاپشت تەوە. پیاوی دەست نەرۆیو لە کوردستاندا بۆکاروباری ژیان کەلکی لێ وەردەگرێ و کاری قورس وسووکی خۆی پێ ئەنجام دەدا .بەڵام ئەوانەی دەست رۆیون ماینی تەنیا بۆ زەووزوو رادەگرن و ئەوەندەی بزانن ئاوس نییە کەلکی لێ وەردەگرن دەنا لەگەڵ رەوەو گارانی دەکەن تا بە ئیشتیای خۆی بلەوەرێ. ماین بەومەرجەی ئاوس نەبێ وەک ئەسپ ،غارێن وتەڕادی پێدەکرێ .

ئەگەر دووبارە سەرنج بدەینەوە سەربەیتە کۆنەکان دەبینین وبۆمان دەردەکەوێ کە هەرچی پیاوی گەورە و یەکەیەکە بووە بە تایبەت لەکاتی شەڕدا هەر سواری ماین بووە ئەگەر لێی بکۆڵینەوە ئەوهۆیانەی تێدا دەبینینەوە .

ئەلف : ماین سوار لەهەر شوێنێکی بەرهەڵدا بکا هەر لەوجێ دەمێنێتەوە وزۆر دوور ناکەوێتەوە وسەرەرۆیی ناکا ئەڵبەت یەک یەک ماینی تۆڕ هەڵدەکەوێ کە سوار پێی زەوت ناکرێ ومل پێوە دەنێ وسوار بەجێ دێڵێ

ب : ئەسپ زۆر دەحیلێنێ وبۆکاری نهێنی نابێ بەڵام بەپێچەوانە ماین بێدەنگ ـ ترە .

س :هەزار ماین لە رەوێکدا رەنگە بەیەکەوە بحاوێنەوە بەڵام دوو ئەسپ تا یەکیان نەبەزێنێ واز لە کوڕژن و شەڕو هەڵلا ناهێنن .

چ:ماین وەک ئەسپ سڵ نیە وکەمتر دەسڵەمێتەوە .

هـ :فێرکردن وگرتن و راهێنانی ماین لە ئەسپ هاسانترە .

پ :رۆینی ماین نەرمتر و سواری یەکەی خۆشترە .

گ : لەکۆنەوە تا باسی تیرئاوێژی وتفەنگ کراوە باسی سواریش هاتۆتە گۆڕێ . سوارچاکەکانی قەدیم نێوان دووگوێی ئەسپی سەرراگریان بەسێرەی تفەنگ لەقەڵەم داوە ولەوێ را نیشانەیان لەراو یادوژمن گرتووە ،چون ماین کەمتر بزۆزی دەکا و سەری رادەگرێ لەبەرتەقەکەی کەمتر دەسڵەمێتەوە ماین باشترە .

ئەورۆ تەنانەت عیلمیش باسی حەیای ماینی کردووە ماین وەختایەکی ژانی هاتێ ئەگەر ئازادبێ دەڕوا و لەجێ یەکی چۆل دەزێ،ئەگەر جێ چۆلی دەست نەکەوت دەتوانێ زانی خۆی ۲۴ سەعاتان وەپاشدا .هەموو ساڵێ ماین بۆماوەی دەرۆژان وەفاڵ دێ وئامادەی ئاوس بوون دەبێ ئەگەر ئەوماوەیە بەسەر بچێ،چ چابکرێ و چ چانەکرێ لەفاڵ دەکەوێتەوە ، لەنیشانەکانی وەفاڵ هاتنی ئەوانەن :

١ـ رواڵەتی زێی دەگۆڕێ.

٢ـ زۆر دەحیلێنێ وخۆ بۆنێو ئەسپان دەکوتێ .

لەوچەند رۆژەدا ماین لە رەوە دەگرنەوە و لە ئەسپێکی چاک ورەسەن وبەناو بانگی چادەکەن وهەوڵ دەدەن بەم کارە لە ئاوس بوونی **رەمەکی** بەرگری بکەن ، ناوچەی وایە چرو ئەستەمە و نیازیان بەیەکسمی بەتاقەت هەیە بۆ جێگای وا ئێستر کاری خەڵک مەیسەر دەکا . ئێستریش بۆ ژیانی ئابووری زۆربەکەلکە ولەجێی خۆی

باسی ئەویش دێنینە گۆڕێ
ماوەی ئاوسێنی ماین ساڵەوەختێکی تەواوە ،کاتێک زا ساڵەوەختێکیش شیر دەدا بەجانووەکەی ،**کاتێک ساڵێک لە تەمەنی جانوو تێپەڕی پێی دەڵێن یەک بڕ و** ماین سەرلەنوێ دێتەوە فاڵ وجانووەکەی لە شیر دەکاتەوە .بەگوێرەی تەمەن **ئەگەر دووساڵی تەواو لە تەمەنی رابرد دەبێتە دووبڕ وپاش سێ ساڵ سێ بڕی پێ دەڵێن .**

"جانووگرتن"

کاتێک سێ ساڵی تەواو لە تەمەنی جانوو تێپەڕی وردە وردە پشت دەگرێ ونۆرەی گرتنی دێ ،وردە ،وردە **رەشمە وهەوساری** دەکەن و ئەگەر تائەوکاتە لەگەڵ دایکی مابێ لێکیان هەڵدەبڕن ، ئەوجار پێویستە بە سوارچاکێکی باش وتایبەتی ئەوکارە هەیە سواری ببێ و رای بێنێ .

لەوکاتەدا زوربەی جانووەکان **سرک و رەوەک و بزۆزن** وچاری وایە بزۆزی - یەکەیان لە ئەنداز بەدەرە وهیچ سوارێک وەخۆ ناگرن **بۆمرزەم**کردنی ئەوجۆرە جانووانە ،تێرێکی پڕلە گڵیان داوێنە سەرپشت ولە دەشتێکی نەرمان بەگوریسێکی درێژ دەی بەستنەوە ،جانوو هەرچی **خۆهەڵاوێ وجیفرکان لە خۆبدا** جگەلە ماندووبوون چی دی بەنسیب نابێ ،ئەوکارە چەند رۆژان دووپات دەکەنەوەتا جانوو عادەت بەوشتە زیادی یەی سەرپشتی دەگرێ ولەتۆری دەکەوێ ئەوجار سوارچاکێکی دەوێ رایبێنێ ،ئەوسواری یە گەلێک گرینگە وکاری هەموو کەس نیە ،بێت وسوار ناشی بێ بۆهەمیشە ئەوجانووە بەدعەمەل دەبێ .

"**رۆین**"



جانوو زگماکی ئامادەی فێربوونی جۆرە رۆینێکە ، سوارچاک دەبێ لەکاتی گرتندا زۆر سەرنج بداتە رۆینی جانوو تابزانێ ئامادەی فێربوونی چ جۆرە رۆینێکە ،بێت وئەوکارەی نەکا سەرلە جانوو دەشێوێنێ ورۆینی خۆشی لەبیردەباتەوە

١- **قەدەمی ئێشکەرۆ** : ئەو شێوەرۆینە قورس وگرانە ولە قالبان ناخۆشە ،**ولاغی گوڵەکی زەلامی تەپڵۆس پترفێری ئەو رۆینە دەبن** ،بۆباری زۆر بەتاقەتن لەرکێف لێداننداا بەرلەوەی بکەونە**چوارناڵەی** دەکەونە قۆرتە .

٢- **قۆرتە** :ئەگەرسوارچاک لەکاتی راهێنانی یەکسم **قەدەمی وێشکەرۆدا** وشیار نەبێ رۆینی خۆی لەبیر دەباتەوە ودەی کاتە **قۆرتە یەکسمی قۆرتە** وەک تۆپی جیر هەڵدەبەزێتەوە وسواری نیوەعومر دەکا ،باشم لەبیرە مندال بووم یەکسمێکی وامان هەبوو لەبەر زەلامی و بەتاقەتی پێمان دەگوت بارگینەگێلە ، زۆر رۆژان ولاغەکانمان دەبردنە چۆم و دەمانشوشتن ئەگەر رۆژێکی یەکێک لەبراکان لەدەرسێکی نمرەی کەممان هێنا باوە دەبوو سواری بارگینەگێلە بووبا . نازانن یەکسم بردنە چۆم وبەسواری دەگۆم گەران چ کەیفێکی تێدابووو سواری بارگینەگێلە چ تەنبێ یەکی گەورە بوو ،بەوجۆرەیەکسمانە

دەڵێن ڕەگێکی کەرێتی یان هەیە .

قەدەمەری :ئەوجۆرە ڕۆینە گەلێک پەسەندە چونکە بۆباری وەک یەکسمی ویشکەڕۆ بەتاقەتن وبۆ سواری و ڕمبازین شتی وەک خۆیان کەمە دەرکێف لێدانیدا قەت وەقۆرتە ناکەون وسواری یەـ کەیان خۆش وەدەکرێن و فرۆشتنیدا لایەنگریان زورە، یەکسمی قەدەم لە جێی پلەوتەلان بەکارە وخۆلەخۆرا ناکوتێ .

هێندیک لەقەدەمەری ــ یەکان سواری یەکەیان تایبەتی وخۆشە ،لەزۆیندا یەکسم دەڵێی بەدەست وپێ سەما دەکا ،ئەو دەستـە یەکسمانە قەدەم هەڵەشەیان پێ دەڵێن .

یۆرغە :ئەوجۆرە ڕۆینە وەک ، مەلەبۆقەی نێوئاو وایە یەکسم هێند ڕێک و لووس بەرێدا دەڕوا کە سوار ناجوولێنێتەوە ،سواری یەکسمی یۆرغە مەری کە لە یۆرغەی توند نەرمترە .وەک سواری جۆلانە ولانکە وایە و سوارخەونووچکە دەیباتەوە بەعزە یۆرغەیەک هێندە توندە کە لە ـ ماشێنی نامێنێتەوە بۆجێی دەشت ئەوجۆرە ڕۆینە زۆرباشە وتەواو دەوام دێنێ،بەلام لە جێی پلەوتەلان بە پێچەوانەی یەکسمی قەدەم ناشیانە خۆدەکوتێ و زوو ماندوو دەبێ و تەنانەت جاری وایە دەوەستێ .

"شارەزایی بەتەمەن"

جانوو کاتێک دەبێ ماهی دەمەوددانی لەزار دانیە ، وردە ،وردە ددانی دێن کە بووبە دووساڵە ددانەکانی جگەلە شیلە هەموودێن .

لەسێ ساڵی شیلەکە لە ئاخری ددانەکانی پێشەوەن سەروەدەر دەنێن .لەپێنج ساڵی شیلەکانی دەکەون و تۆزیک ئەولاتر بەرازە دەردەکا وجێگای **شیلەکان** هەروا بە بەتاڵی دەمێنێتەوە **یەکسم لە تەمەنی پێنج ساڵی بەهۆی کەوتنی شیلەو هاتنی بەرازەکانی زۆر کزوبێ تاقەت دەبێ و هەربۆیە یەکسم ناسان پێ یان وایە یەکسمی چوار ساڵە لەیەکسمی پێنج ساڵە بەتاقەتترە .کاتێک پێنج ساڵەی تەواو کرد ددانەکانی تەواو ورێک ودایمین .**

دیوی ژووری ددانی یەکسم کەتایی زۆرەودەتواـ نین بلێین هلۆڵە ،ساڵ بە ساڵ کەلە تەمەنی رادەبرێ قووڵایی وکەتایی یەکان پڕدەبنەوە ،قووڵایی تەختی ددانی یەکسم جۆدانەی پێ دەڵێن ،لەنۆ ساڵی ئارەشایی یەکەی زۆرکەم لەسەر ددانی دەمێنێ وهەرکە بووبە دەساڵە ئەورەشایی یە تەواو دەفەوتێ وددانەکانی تەواو لووس وسپی دەبنەوە ، لە دەوە بۆ یازدە سەری ددانەکانی رەش هەڵدەگەرێن ولەیازدەرا بۆدوازدەنێوقەدی ددانەکانی رەش دەبن و وردە وردە سپیایی لە ددانی نامێنێ .

بۆلێک کردنەوەی تەمەنی نۆ ویازدە کار ئاسانە ددانی نۆساڵە نێوقووڵ و سەرڕەشە بەلام ددانی یازدە ساڵە نێوپڕی سەرڕەشە و بەواتەی بەیتاڵەکان تەخت لووسە ،لە دوازدە بەرەو ژوور چون جۆدانەی نامێنێ ئیدی جۆی بۆناشکێ، هەر بۆیە بۆی لەئاو دەکەن تا بخووسی ،دەنا جۆ هەروا بە ساغی لەزگی یەکسمدا هەڵدەمسێ ودەبێتە پەڵخور وبە ساغی دێتەوەدەر و هیچ قازانجێکی بۆی نابێ ، یەکسمی پیر ئەگەر شارەزا ـ یانە خزمەتی نەکرێ زوو پەکی دەکەوێ ، **بەعزە بەیتاڵێکمان هەیە لە کلوی خۆیدا زۆر شارەزایە ، تەنانەت بێ چاولەددان کردن لە قووڵایی پشتچاوی یەکسمرا دەزانێ یەکسم چەند ساڵە ،**

یەکسم هەرچی بەتەمەندا بچێ پشتچاوی پتر لە قووڵەوە دەچێ .

درێژەی هەیە

شاعیری واقعی

وەرگێڕ: ماڵە



رۆژی لەرۆژان مەهاراجەی گەورە ،خۆشەویسترین مەهاراجەی هەتاوومانگ ،فەرمانی بەوەزیرەکەی دا کە شاعیری واقعی بۆ هەڵبژێرێ.

وەزیر فەرمانی مەهاراجەی بە هەمووان راگەیاند. رۆژی دوایی کۆمەڵێک خەڵک لە پێش کۆشک کۆبوونەوە.

هەزارویەک کەس لەوێ خڕ بوونەوەوهەموو یەک دەنگ گوتیان:"ئێمە شاعیری راستەقینەین ".

وەزیر بیست و یەک رۆژ گوێی لە شیعری ئەوان راگرت ،بەڵام نەیتوانی چاکترین شاعیر هەڵبژێرێ .

ئەو رۆژە بە تەواوی بیری کردەوە و رۆژی دووەم و سێ یەمیش لەم بارەیەوە فکری کردەوە.

رۆژی چوارەم ناوی هەزارو یەک شاعیری بە خەتێکی زێڕین نووسی وبردی یە خزمەت مەهاراجە .مەهاراجە بەسەر سوورمانەوە پرسی بە راستی ئەمانە هەموویان شاعیرن ؟

وەزیر سەری دانەواند و وڵامی دایەوە "گەورەم گوێم لە شیعری هەموان بووە بەڵام نەمتوانیوە باشترین شاعیریان لێ هەڵبژێرم ". بۆیە ناوی هەموویانم نووسیوە وهێناومەتە خزمەتت تاکوو خۆت هەڵیبژێری .

مەهاراجە تاوێک راما پاشان ئەوها فەرمانی دا "شاعیرەکان دەزیندان بکەن ، شکەنجەیان بدەن،هەر کەس شیعر بڵێ کای دەپێستی سەری داخنین وشاربەدەری دەکەین "

شەش مانگ پێ چوو رۆژێک مەهاراجە سەری لە زیندان دا وفەرمانی دا هەموو شاعیرەکان بپشکنن.لەوهەزارو یەک شاعیرە ،تەنیا سەدویەک شاعیر لە ئازارو سەختی زیندان نەترسابوون ودەستیان لەهونەری خۆیان هەڵنەگرتبوو

ئەوانە توورەیی وسزای مەهاراجەیان بەهیچ دا نابوو شەوان بە دزی پاسەوان شیعریان گوتبوو.

مەهاراجە بە وەزیری گوت :

ــ ئەوانە ئازادبکە با برۆن سەدویەک شاعیرەکەی دیکە بەرە کۆشکی تاووس و هەمووشتیان بۆ ئامادە بکە با لەخۆشی وشادیدا بژین وەزیر فەرمانی مەهاراجەی بەجێ هێنا .


شاعیرەکان جل وبەرگی تازەیان پۆشی وبە خواردن و خواردنەوەوکەیف ونەهەنگ رایان دەبوارد وکاریان قسەی هیچ وپوچ وجەفەنگ بوو.

ئەوانی ئەم قسانەیان دەبیستەوە بەزەیان بەحاڵی شاعیرەکان دەهات .شەش مانگیش بەمجۆرە بەسەرداچوو. رۆژێک مەهاراجە و وەزیر شاعیرەکانیان لە کۆشک کۆکردەوە و مەهاراجە گوتی:

ــ ئێوە شەش مانگی تەواوە بەخۆشی وشادی رای دەبوێرن ئێستا کامتان دەتوانێ بە شیعرێکی ئێمە وەجۆش و کوڵ بێنێ ویادی رابردوومان زیندووکاتەوە .شاعیری خۆلێگۆڕاو سەریان بەرداوەو متەقیان لێ بڕا . ئەنجا لاوێک چاوی لە چاوی مەهاراجە بڕی ئەوشاعیرە وەکوو شاعیرەکانی دیکە وەختی خۆی بەخواردنەوە وبەزم وئاهەنگ رانەبواردبوو دەچووە کونجێک و شیعری دادەنا ،شیعرەکانیشی پڕبوون لە سۆزوکوڵی دڵی شاعیرێکی شێواو.

بڕوانە لاپەڕەی ٧١

پەیامی سەرۆک وەزیر



بسم الله الرحمن الرحیم

بەشداری شەخسیەتەزانستیو ئەدیبەکانی کوردزمانی وڵاتی ئیسلامیمان لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا بە غەنیمەت دەزانم وهیوادارم، ئەم کۆنگرەیە بتوانێ لە ناساندنەوەی ئەدەبیات و فەرهەنگی هەراوی کوردیدا و هەروەها پێک هێنانی هەل و مەرجی هەموو چەشنە دەرفەتێک بۆ پەرەسەندنی ئەم فەرهەنگ وزمانە شیوایە هەنگاو هەڵگرێ ونەخشی کاریگەر وەستۆ بگرێ.

تائەو جێگایەی من بزانم زوربەی زمان ناسەکان لەسەر ئەم بڕوایەن کە زاراوەکانی زمانی کوردی رەسەن ترین زاراوەن کە لەکۆنەوە ماونەتەوە.کێ هەیە لایەنگری زمان وئەدەبی فارسی بێ و نەزانێ زاراوەی هەورامی کە لە لایەکەوە لە ڕیزی یەکێک لەزاراوە کۆنەکانی زمانی فارسی یە و لە لایەکیشەوە دایکی زوربەی زاراوەکانی زمانی کوردی یە وەک سۆرانی وکرمانجی،ماکەی ناسکترین هەستی عاریفانە بووە.فەهلەویاتی باباتاهیر کەلە بنەماڵەی عەشیرەتی چیاکانی زاگرۆس بووە ، نموونەیەکی ئاشکرایە بۆئەم ناسک خەیاڵی وجوانی یە .

کوردی بە شایەدی ئەوانەی کەئەم زمانەیان باش ناسیوە زمانی کۆنی عیرفان وزمانی هەستی پاک وبرایەتی وفکری قاڵ وبێ غەوروخەوشی بەرەی مرۆڤە.لە بەستێنی ناساندنەوەی ئەم زمانەکۆنە لەسەر زەوی ئێران وناسینەوەی، هەڵکەوتەکانی ئەدەبی کوردی وتا موچێژی ئاسەواری هەریەک لەوان یائەوکارانەی بۆ بەرقەراری وژیانی ئەم زمانە پێویستە جێ بەجێ بکرێن،ئێوەی بەرێز بەوردی مەسەلەکان دەخەنە بەرباس ووت ووێژ.

ئەوەی لەم هەلەکورتەدا جێگای باسە دەست نیشان کردنی دوو رواڵەتە لەمەر هونەر وئەدەب بەگشتی وەدەرکێشانی چەند نوکتەی سەرنج راکێش بۆپەرداغکردنی فۆرمی ئەدەبی وڵاتەکەمان ولە گەڵیدا ئەدەبی کوردی یە.

هونەر هەمیشە رواڵەتی خۆی بەدووباری تایبەتی یەوە نیشان داوە.یەکەم نەمری هونەرە.ئەوی دیکە لێهاتوویی هونەرە بۆبەیان وشی کردنەوەی راستی یە پڕگیر و گرفتەکان .هەرچەندی پلەی چۆنەتی کارێکی هونەری بەرزتربێ تەمەنی بابەتەکەی درێژ دەبێتەوە. ئەوەی هونەرمەند پێویستە وەبەر چاوی بگرێ هەتاهەتایی و راوەستاوی هونەرە.هەڵبەتلە رابردوودا هێندێک کەس لەم کارە غەفڵەتیان کردووە خوونکاری خوێن خۆریان بە مرواری شیعری دەری زێڕوەشان کردووە وکالای بەنرخی هونەری خۆیان بەفیرۆ لەدەستداوە . بەڵامهونەرمەندی دەروەست ئەوەیە کە تووشی ئەم کەمتەر خەمی یانە نەبێ . کەوابوو دەبێ ناسینی هەل ومەرجی زەمانی خۆی بە لاوە گرینگ بێ وبزانێ بەوئاوی ژیانە کە لەدەستدایە،تەمەنی ئەبەدی دەدا بەچ شتێک .

سەرقافڵەکانی شیعری کوردی وەک هەموو ناودارانی ئەدەبی وڵاتەکەمان، ئاوی ژیانی شیعری خۆیان بۆ پاراوکردنی داری عیرفان

دەكار هێناوە ئەوەی كە سەیری مێژووی ئەدەبی ئەو بەشەی وڵاتە ئیسلامی یەكەمانی كردبێ لەم راستی یە ئاگادارە. ئەورێبازە دەبێ درێژەپێ بدرێ .واباشە عیرفان هەر وەک جاران بابەتی بنەڕەتی شیعرمان بێ .بەڵام بەم سەرنجەوە كە عیرفانی ئەمڕۆ لە سایەی هەلێكی كەبۆی رەخساوە لەبەربەرەكانی دەگەڵ ئەو شەیتانانەی كە هەڕەشە لەهەبوونی مرۆڤایەتی دەكەن عیرفانێكی چەكدارە . عیرفان تادوێنێ لەزیندانی دەسەڵاتدارانی ستەمكاردا بوو هەر ئەم حەقدۆستی یە عاریفانەیە بێ . ئەم حەقدۆستی یە جوانترین راستی یە كە دەتوانین ئەمڕۆ پەسنی بدەین .لەم بارەیدا ، باس زۆرە ومەاوە كەم هیوادارین برایانی زانامان كەلەم كۆبوونەوە بەرێزەدا بەشدارن زۆر نوكتە وبابەت لەم كورتە باسە هەڵ بكرێنن

بارێكی تابیەتی دیكەی هونەر وئەدەب ، هێزی شی كردنەوەی راستی یەكانە وێژەوان زەمانێک بەجل و بەرگی "دەروەست"دەرازێتەوە ، كە زمانی خۆی بۆدەربڕینی كەزێووزیوەر لەرووی رووداـ وەكان وەلادا وئەوەی راستە بەخەڵكی خۆی بڵێ .

ئەمڕۆ كە كۆماری ئیسلامی لەهەموولاوە كەوتۆتە ژێر هێرشی تەبلیغاتی ژەهراوی دوژمنانی مرۆڤایەتی،ئەم ئەركە زیاتر لەهەمیشە قورسایی دەخاتە سەرشانی هونەرمەندەكان. ئەو راستی یانەی دەبێ بگوترێن زۆرن : ئەوشەڕە نەویستووەی كە دارودەستەی مڵهوری بەسەر گەلی ئێمە بەتایبەتی گەلی كوردیدا سەپاندبوو.باتیری ژەهراوی سەدرەنگی پیلان كە

دەوڵەت لەكوردستاندا بایەخی گرینگ بۆشەپۆلی پڕخرۆشی نەتەوەی كورد دادەنێ

واوێدەچی كەهاواری"حەق حەق" سالیكانی دوێكە برگەی ئەو رستانە بوون كە عاریفانی خودا ویستی ئەمڕۆ بەهاوار دەری دەبڕن ،مافی چەوساوەـ كان دەبێ لە ملهوڕان بستێندرێ .

ماف نادرێ دەستێندرێ حەق هەوێنی یەک بوونی هۆزی ئێمەیە .حەق بناغەی خزمایەتی وتۆرەمەی ئێمەیە .رەوا هات نارەوا رۆیشت .بەراستی نارەوا هەردەبوو بڕوا .قسەی حیسابی شیعری فارسی و زمانەكانی ناوچەیی دەبێ راستی تەرخان بكا . ئەگەر "راستی"رواڵەتێكی ئاشكرا و روناكی بوایە باسێک بە ناوی ئەركی هونەر" وەک ئەمڕۆ جێگای خۆی نەدەكردەوە بەڵام وانیە .لە ئەركی هونەرمەندندا كە هەمیشەقورس بووە وئێستاش هەر قورسە دڵ وچاوی روون وچێژی ماریفەت خواز وبەیانی ناسک وچاوی بەحوكم وسەلیقەی رەواویست وزمانی حەق وێژ پێویستن . ئەوانە ئامرازی كاری هونەرمەندی دەروەستن . "دەروەستی"هونەرمەند ئەوەیە هەموو رۆژێ بەرەو نێوەنەی بووژانەوەی ئیسلام داوێژرێن شۆفاری، كەدڵی پاكی گەلانی جۆراوجۆر لێک دەكا . یا سەمپاشی دەڵڕەقانە كە بارودۆخی واپێک دێنێ یارو نەیار لێک نەناسرێنەوە. ئەم بابەتانە دەبێ لە ئەدەبیاتی كوردیماندا جێگای تایبەتی خۆیان بكەنەوە .

ناوچە كوردنشینەكانی وڵات لە زەمانی رژیمی ستەمشاییدا لەژێر زوڵم و چەوسانەوەدا بوون.دوژمنانی



ئەم نەتەوەیە تێدەکۆشن ئەم بەشەی وڵاتی ئیسلامی مان لە نیعمەتەکانی کۆماری ئیسلامی بێ بەش بکەن وزوڵموزۆرەکانی شادرێژە پێ بدەن .ئەرکی خەباتی ئێمەلە گەڵ ئەو زوڵم وزۆرە بەستۆی ئێوەیە. ئێوە نوێنەرانی گەلی کورد ،ئێوە زانایانی بەرێز زۆربەجێ یە رێگای چارەوپێشنیاری خۆتان بۆپێشکەوتنی کاروبار بەئێمە نیشان بدەن .

دەوڵەت لەکوردستاندا بایەخی گرینگ بۆ شەپۆلی پڕخرۆشی نەتەوەی کورد و مێرخاسان وزانایانی دڵسۆزی دادەنێ وکاری بەهیچ دەستە و بەستەی دژی ئیسلام وخەڵک نیەو سەرەڕای گیروگرفتی زۆری خۆی ئەزمی جەزم کردووە کوردستان ئاوەدان بکاتەوە.

هیوادارم خوای گەورە گیانی شەهیدانی کورد و شەهیدانی تری شۆڕشی ئیسلامی لە ئێمە رازی بکا ولەبڕینی ئەورێگا پرسەعادەتەی گرتوومانەتە بەر یارمەتیمان بدا .

میر حسین موسوی
۶۵/۷/۲
نخست وزیر

پاشماوەی شاعیری ...

مەهاراجە بەوەزیری گوت

-"نەخێر ئەم سەد کەسەش شاعیر نین" ئەوانە نەکارە و تەوەزلن .کاتێک لە زیندان بوون ولەخۆشی وشادی بێ بەهرە بوون بۆکڵۆڵی ولێقەوماوی خۆیان شیعریان دەگوت، بەڵام لەوەتا بەسەر خۆشیدا کەوتوون سۆزوهەستیان بڕاوە و لە شیعر چوونەتەوە .تێیان هەڵدە و لە کۆشکیان وەدەر بنێ".

پاش ئەوەی تووڕەیی مەهاراجە دامرکاوە ،شاعیرە لاوەکەی نیشان دا و بە وەزیری گوت :

- "ئەم لاوە هەم لە دەردو مەینەت ئیلهام وەردەگرێ و هەم لە خۆشی و شادی تاریکایی شەو و رووناکایی بەیان و بەرەنگاری مەرگ و خۆشی و کامرانی بۆ ئەو سەرچاوەی ئیلهامی‌شیعرن.

هەموو شاعیرێکی واقیعی هەروایە و هەموو کاتێک لە ژیان ئیلهام وەردەگرێ. سەرچاوەی شیعری بەهیچ بەسەرهات و رووداوێک ، وشک نابێ.ئەم لاوە شاعیری واقیعیە .لەمرۆ بە دواوە شاعیری دەرباری ئێمەیە و ژیانێکی دڵخوازی بۆ دابین بکە ،تاکوو هەموو رۆژێ بێتە کۆشک و شیعرێکمان بۆ بخوێنێتەوە .

شاعیرە لاوەکە رۆژی دوایی هاتە کۆشک و شیعرێکی بۆ خوێندنەوە .رۆژی دووهەم و سێیەمیش شیعری بۆ مەهاراجە خوێندەوە .بەڵام رۆژی چوارەم نەهاتە کۆشک،نامەیەکی نووسی و بۆ مەهاراجەی نارد :

" نەمتوانی بە مەیل و ئارەزووی ئێوە شیعران هەڵبەستم .من شاعیری دڵ و ئیلهامی ئازادی خۆمم . من ناتوانم دیلی کەیفی کەسێکی - تر بم" .

وەزیر لەپاش خوێندنەوەی نامەکە تووڕە بوو و بە مەهاراجەی گوت:"نمەک بە حەرامە" مەهاراجە تێی خوڕی و گوتی:"نەخێر تۆ هەڵەی



ئێستا باوکی تۆ زیندووبوایە سووجدەی بۆ ئەم شاعیرە دەبرد .شاعیری راستەقینە ئازادە و بە دڵی خۆی شیعر دەڵێ.

شیعری کۆیلەکان تەنیا کۆیلەکان دەیخوێننەوە . ئەگەر ئەم شاعیرە نەیەتە کۆشکی ئێمەش ،دەبێ ژیانی دابین بکەین ،تاکوو شیعری دڵی خۆی بڵێ" .

وەزیری لاو بەسەرسووڕمانەوە بێدەنگ بوو و لە ئاستی ئەم رووداوە سەری خۆی دانەواندو کەوتە بیرکردنەوە ......

گوێزتەکاندن

«رەحیم لوقمانی»



هاوین دیمەن وروخساری زەرد هەڵگەڕاوە و گەردی پایزی گرتووە. تەبیعەت بەرگی گۆڕیوە و خۆی بۆ کزەی زریانی خەزان تەیار کردووە.

گەڵای داران لە گوێن پەرەنگی گوارە دەلەرێنەوە ئیتر زەوی بەردراون و شینکەی کەم تەمەن سەریان هەڵداوە.

ئاگری بێ دووکەڵ وتینی رەزبەر لەرەزبەر بووەو ناکووژێتەوە!

زریانی شێت لە کاوانەی شاخەوە داگەڕاوەتە دۆڵ و دەشت و کێڵگەوچەموباخان.

هەنارو هەرمێ ئاویان تێگەڕاوە وچاوەڕوانی دەستی باخەوانن ،زەردە بەهێ و سێوەلاسوورەی سفت و سۆڵ، بە لک وپۆپانەوە رادەهەژێن.

گوێز وبادامی باخ ولێڕو بنارو لاپاڵ هەڕەتیانە بۆ شەوچەرەی زستان هەڵگیرێن.

منداڵان چاوەڕوانن تا هەوری تاری، عەتری باران لە بووکی زەردوسووری گێوژ بپرژێنێ.

وامازوان چاوەروانی دەست و چەڵاگی کوڕ وکچانە و زمانی گەڵای بۆ بارینی **گەزۆ** راداشتووە.

لەم وەختەدا گوێز پێگەیشتووەوهەڕەتی تەکاندنیەتی .گوێز تەکاندن وەک زۆر کاری دی ،زاراوەی خۆی هەیە.

رەنگە زاراوەی هەر ناوچەیەش لەئی ناوچەیەکی‌تر جیاواز بێ .ئێمە لێرەدا باسی گوێزتەکاندنی ناوچەی سەرشیوی سەقز دەکەین.

دیارە وشە و زاراوەی، کارەکەش لە زمانی خەڵکی ئەم شوێنە وەرگیراون.

گوێزەڵان، باخە گوێزی چڕوپڕی دۆڵ ولاپاڵ وکوێستانی بەرزو باگرە. گوێز بەباڵای بەرزو دیمەنی تەرزی شای دارانەو پڕ لک وپۆپە و گەڵای گەش وبۆن خۆشە. سێبەریشی فێنک ونسرمە.

گوێزەڵان یا دەستنیا (دەستچەقێن) وباخی یەء،یا خۆڕسکە و کێوی.

بەرهەمی گوێزەڵان گوێزە.

کاتێ کە دەگرێ چڵمۆکەیە، پاشان فەریک دەبێ، ئەمجار وردە ،وردە، رەق دەبێ و تەشکی خۆی دەگرێ.

باشترین گوێز ئەوەیە کە پڕمەغزە وزوو دەشکێ و بە کاکڵەش دەردێ ، بەمەش دەڵێن کاغەزی. گوێزە کوێرەش خڕوسەختە وکاکڵەکەشی باش دەرنایە وپێویستی بە **کاردۆژەکردنە** ،هی تریش هەیە کە پووچەڵە ونێوەکەی هیچی تێدانیە.


کاکڵە گوێز رۆنێکی زەردی لێ دەگیرێ و بۆ وێنەکێشان ودروست کردنی سابوونیش بەکاردێ ،هەروەها شەوانی زستان لەگەڵ مێوژ و بادام وتۆومیوە و....دەبێتە شەوچەرەی کۆڕی شەونشینی.

• **کاردۆژە :** ئەگەرگوێزێک کاکڵەکەی بە هاسانی دەرنەیە ،کاردۆژەی دەکەن ، یانی بە دەمچەی چەقۆ یا نووکی دەرزی دەری دێنن.

کەمکۆڵ :توێکڵی گوێز کەمکۆڵی پێ دەگوترێ

کە رەنگێکی مەیلەوقاوەیی لێ دەکەوێتەوە و درەنگ دەچێتەوە جگەلەمە .کەمکۆڵ بۆ دەرمانیش کەڵکی لێ وەردەگیرێ .

پاییز کەمکۆڵ دەم دەداتەوە وگوێز دەردەکەوێ،ئیتر بە دارەوە خۆی ناگرێ و بارێزەی دەکەوێ کە نیشانەی پێ گەیشتن و



تەکاندنیەتی .

گوێزتەکاندن: ئەگەر گویزەڵان هی هەموو ئاوایی بێ خەڵک بە زبارەو هەرەوەز دەچنە تەکاندنی ، ئەگەر هی ماڵێک بێ،خاوەن گوێز پیاوی بۆ بەکرێ دەگرێ .

هەر کە بەیان ئەنگووت دەستەی گوێزتەکێن بە هەموو کەل وپەلی پێویستەوە لە دەرەوەی ئاوایی یەک دەگرن وسوارەوپیادە رێ دەکەون . لە نێو گوێزان لە سەر کانیاوێکی نزیک بارگە و بنەیان دەخەن ودەست بە کار دەکەن .

دەستەی یەکەم کە پێیان دەڵێن **رەوان** لە پیاوی دارەوان وبەکار پێک هاتووە کە بە دارەگوێزدا هەڵدەچن و هەموو لک وپۆپان دەگەڕێن. رەوان دارێکی باریک و درێژیان بە دەستەوەیە کە گوێزی پێ دەتەکێنن، بەم دارەش دەڵێن **رەوە** .

وێدەچێ ئەسڵی وشەی **رەوان ،رەوەوان** بووبێ .

کە دارێکیان تەکاند و لێ بوونەوە دەستەیەک کوڕ و کچ بە تەلیس ودایەنە (کۆش) بەری لێ دەگرن و گوێزەکە دەچننەوە. بەم دەستەش دەڵێن **چنان** . یەکێکیش لە دووی چنانەوە **پاشەرۆ ک** دەکا ،یانی بە لقەدارێک زێرگەلا وهەموو پەناو پەسیوو چاڵ و شیوێک دەپشکنێ تا هەرچی جێ مابێ کۆی بکاتەوە.

کە کوشیچنان پڕ یا قورس بوو دەتەلیسی دەکەن وکەسێک بە ناوی **کۆل کێش** دەیدا بە شانیدا ودەیباتە سەر **کەلار** (خەرمانی گوێز) و رۆی دەکا .

لە سەر کەلار یەک دووکەس بە ناوی **ئەمیندار** خەریکی پاک کردنەوە و کەمکۆڵ گرتنی گوێزەکە دەبن و پاشان بە پێوانە لە تەلیس و جەواڵی دەکەن وسەردرووی دەکەن.

لەو چەند رۆژەی گوێز تەکاندندا منداڵ و شوان و گاوانی گوند گاران ومێگەلیان دەبەنە دەوروبەری گوێزان وخۆیان دەچن بۆ **شارۆ** کردن . یانی لەو دارانەی تەکاون وچۆڵ کراون ئەگەر دەنکە دەنکەیەکی پێوە مابێ، بە بەرد و پلار دایدەخەن بۆخۆیان،بەمانەش دەڵێن دەستەی **شارۆکەر** .

زۆر جار منداڵان لە شارۆکردندا دەیکەن بە قڕە وهەرا یا بە دوان **شالاو** بۆگوێزێکی بەتاڵ **دەبەن**.

کە کاری گوێز تەکاندن دوایی پێ هات وگوێزیان راگوێستە گوند،خاوەن گوێز دەیباتە شار یاکڕیار **خۆیان** دەچن .

گوێزبە تەغار (سی دەنک) وپووت وهەزار پێوانە دەکرێ کە زیاتر بەم دوو پێوانەیە **معاملەی** دەکەن .


پاشماوەی ڕێبازی ...

غەریبایەتی دەکرد وبەرەوسەرزەمینی نامۆ و پڕلە تەلیسم ونهێنی دەڕۆیشتن .هەندێکی دیکەشیان یاخی بوون وناڕەزایی خۆیان لە شارستانەتی "پڕلەهاڕەهاڕودووکەڵ" دەردەبڕی ورووبان دەکردە "لادێ"، وایان بەباش دەزانی کە بچن لە لادێ ،لەئامێزی میهرەبانی تەبیعەتدا ،لەئامێزی جوان و هێمنی "جاڕەگوڵ"دا بژین .واتە وەکوو ئەو روانینەی کە لە شیعری "شار"ی"سوارە"دا دەیبینین .- بەرای من بەرزترین وناسکترین شیعری ڕۆمانتیکی کوردی ،ئەم شیعرەی"سوارە"یە کەلە ژمارە چواری گۆواری "سروە"دا چاپ کراوە .-

بە شێوەیەکی گشتی ڕۆمانتیکەکان یاخی بوون وغەم وپەژارەی خۆیان لەدەستواقیع و کۆمەڵ دەردەبڕی .بەڵام هێزی ئەوەیان نەبوو لەگەڵ ژیان وواقیع روو بەروو ببنەوەوناچار لێی دەپرینگانەوە .رەخنەگرێکی ئێرانی لە بارەی وەزعی ئەم ڕۆمانتیکانەوە دەڵێ : (ئەم ڕۆمانتیکانە شێوەی شۆڕشێکی بێ بەرنامە وئامانج پێشان دەدەن ،ئەمانە لەوکەسەی دەچن کەدەزانێ ئاوێنە ژەنگی گرتووە ، بەڵام لەباتی خاوێن کردنەوەی ئاوێنەکە حەزدەکا بیشکێنێ .

ژیانی پڕدەردوبەڵاو گێچەڵی ،ئەوسەردەمە وژیانی ئاڵۆزی شارستانەتی کەتازەداهاتبوو هەستی ناسکی ڕۆمانتیکەکانی ئازار دەدا .بۆیە هەمیشە لە شیعروچیرۆکیاندا دەگەڕانەوە سەردەمی منداڵی ورابردووی خۆیان ، یان پەنایان بۆخەون وخەیاڵ دەبرد .

رومانتیکەکان بە پێچەوانەی کلاسیکەکان جگە لە جوانی وچاکی ،باسی خراپی وکەم و کورتی کۆمەڵیشیان دەکرد ورەخنەیان دەگرت . تەنانەتهێندێکیان بیریان لە گۆڕان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان دەکردەوە .چونکە ئەوان دژی بیروباوەڕ وداب ونەریتی وشک و کۆن بوون .بەڵام ئەم هەڵوێستە لەسەر کەف و کوڵی هەستی دەروون رۆنرابوو، تەنیا بە دەوری محوەری فەرددا دەخولاوە ونەدەگەیشتە ئەوڕادەی کۆمەڵوشیار بکاتەوە ،رەخنەگرێکی بەناوبانگ لەوبارەوە دەڵێ :ڕێبازی ڕۆمانتیک نەیتوانی ناکۆکی کۆمەڵایەتی بەتەواوی بناسێ .تەنیا زۆری بە تاقە کەسانەدا هەڵگوت وبە بڵاوکردنەوەی دنیای دەروونی تاکەکەسی ،پێوەندی وانی لە دنیای بەرچاوی واقیعی هەڵبڕی .



ڕۆمانتیکەکان سەبک وڕێبازی هونەرەکەیان بەپێچەوانەی کلاسیکەکان ئاڵۆز و قورس نەبوو کە خەڵک (عەوام) تێیان نەگەن . شیعر ونووسراوەکانیان سادە و ساکارولەسەرزمان خۆش بوو ،هەموو خەڵک وهەموو کەسێکی سەربە هەرتاقم وتوێژێکی کۆمەڵ تێیان دەگەیشتن . بەم شێوە خاسیەتێکی سەرەکی ڕێبازی ڕۆمانتیک

ئەمە بوو کە بناغەی دارێژراوی زمانی کلاسیکی تێک شکاند ورچەیەکی تازەی بڕی بۆپێک هێنانی وشە ورستەی باو.

شایانی باسە کەبۆتێگەیشتن لەمکارەی ڕۆمانتیکەکان دەتوانین سەرنج بدەینە شیعرەکانی مامۆستا گۆران .مامۆستاگۆرانی خۆشمان هەرلە سەرەتای ژیانی هونەری یەوە بە سەبکی ڕۆمانتیکەکان شیعری دەگوت .هەر لەژیر تەئسیری شاعیرە ڕۆمانتیکەکانی ئینگلیس دا وەک (کیتس وشیلی و وردزورس) بوو کە ڕێبازی ڕۆمانتیکی هێنایە ناوشیعری کوردی یەوە .(بڕوانە سەرجەمی دیوانی گۆران، کۆکردنەوەی محەممەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد).


ڕۆمانتیکەکان لەباتی بیروباوەڕ،هەست وسۆزوتاسەوئارەزوو لە نووسراوەکانیاندا دەردەبڕن .بۆیە شاعیری ڕۆمانتیک هیچ دوور، نیە لەگەڵ گوڵێک ،بولبولێک لەگەڵ شنەی با، لەگەل چڵە گیایەکیش قسە بکا وسۆزی دڵی خۆی هەڵڕێژێ .

بەلای ڕۆمانتیکەکانەوە (جوانی) لەسەرووی هەموو حەقیقەتێکە .بۆنموونە (کیتس) کە ڕۆمانتیکێکی ئینگلیسی یە دەڵێ : (جوانی حەقیقەتە ... ئەمەیە کە تۆلەسەر زەویدا دەیزانی ودەبێ بیزانی . ئەو جوانی یەش ،لەواقیع وژیاندا دەست ناکەوێ . پێویستە لە دنیای خەیاڵدا لە شتی دووورە، دەست ونامۆژێرپێ کراودا بۆی بگەڕێی .

ئەڵبەت ڕێبازی ڕۆمانتیک ڕێبازێکی زۆر تێکچڕژاو وبەربڵاوە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم چەند دێرەی کەپێش چاومان خست دەتوانین بەنیشانە سەرەکی یەکانی ئەو ڕێبازە دابنێین .

لەئەدەبی خۆشماندا ،لەمێژە ئەم ڕێبازە هونەری یە لەنیو شیعروچیرۆکی نووسەرەکانما بۆتەباو .ڕەخنەگرانی کورد ،مامۆستاگۆران بە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە لە شیعری کوردیدا دادەنێن .دوای ئەویش مامۆستا **ئەحمەدهەردی** (بڕوانەرازی تەنیایی)ولەشاعیرانی هاوچەرخ لەکوردستانی ئێران ،(سوارەی ئێلخانی زادە).

شایانی باسە کە هەندێ مەسەلە ودیاردەلە ئەدەبی کوردیماندا هەن کە تائێستا یەکلا



نەکراونەتەوە .بۆنموونە ئایا هەندێک لە شاعیرەکانمان با بڵێین (نالی) کلاسیکە یا ڕۆمانتیک ؟ چونکە نالی شێوە ورێبازوزمانی شیعرەکانی کلاسیکی یە کەچی‌نێوەرۆکی ڕۆمانتیکانەیە .یان شاعیرێکی وەک وەلی دێوانە کە ئەگەر مەسەلەی زمانی شیعری و سۆزوکوڵی شاعیرانەی تاکەکەسی بکەینە محەکی ڕۆمانتیک بوون یا ڕۆمانتیک نەبوونی شاعیر ،ئەواپێویستە بێ سێ ودوو ،وەلی دێوانە بە یەکەمین دامەزرێنەری ڕێبازی ڕۆمانتیک لە شیعری کوردیدا دابنرێ . بۆیە ئێمەی کورد ومیللەتانی ڕۆژهەڵات پێویست نیە ئەدەب وهونەری خۆمان لەهەموو بارێکەوە بە تەرازووی ئورووپا هەڵسەنگێنین .

شتێکی دیکەش هەیە کە دەبێ لێی ئاگادار بین ئەویش ئەوەیە کە وەکوو (ئێرنست فیشەر) دەڵێ : ڕێبازی ڕۆمانتیک بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕێبازی ریالیست دژی یەکتر نین بەڵکوو ڕۆمانتیک بە قۆناغێکی سەرەتایی دادەنرێ بۆ ریالیستی ڕەخنەگرانە .



تاوانبار!؟

«رووتەڵە»





ته‌نزی کۆمه‌ڵایه‌تی

دوو دۆستم هەن ئێستا لێم لالووتن.من هیچ لە خۆمدا شک نابەم،ئەوان کێردم لێدەسوون. هەڵبەت لەوانە نین کە نەمناسن چون لەمێژە دۆستین و زۆرمان سارد و گەرمی رۆژگار چێشتووە. دەورەی رژیمی شایەتی هەر سێکمان ئەندامی دەستەیەکی دژی شا بووین،هەر لەوێ یەکترمان ناسی و خوومان بە یەگدی گرت.

هیچمان لێک نەدەشاردەوە و هەموو لەسەروسڕی یەکتر دەگەیشتین بەڵام رازی یەکدیمان ببڕای بیڕ لەلای کەس نەدەدرکاند و هەر ئەمەش بووە هۆی دۆستایەتییەکی قایم و پتەو لەنێوانماندا.

هەمیشە بەیەکەوە بووین. نانمان بێیەک نەدەخوارد.من دایکێکی پیرم بوو خوالێی خۆش بێ لەگەڵ مردووی ئێوە سەوادی نەبوو بەڵام بەقسەی خۆی تاڵی و سوێری زۆر چێشتبوو و سەری قسەت‌کردبا لەبنی حاڵی بوو.

دایکم هەمیشە دەیگوت:

- رۆڵە مەردی خودا بە کەست لە سیاسەت‌هەڵ بگرە ئاخر دەگەڵ ئەو دوو سێ دمڕووتە رۆژ هەتا ئێوارە لەم دیوە دادەنیشن و دەخوێنن و دەنووسنەوە، بۆ چی؟ کوڕم هەر ماران بە دەستی خەڵکی بگرە،من دەزانم هەر ئەوانەی ئەمڕۆ چەپڵەت بۆ لێدەدەن سبەینێ لێت لە "هەڵڵا دەدەن، کوڕم " کە گلۆڵەت کەوتە لێژی کەس چاکەت نائێژی".

دەمزانی ئەو خەمی منیەتی و پێی خۆش نیە لە هەل و مەرجێکدا کە کەڵ بە موو بەندە تووشی گێلمەگێلم بم،بەڵام من رێگەی خۆم هەڵبژاردبوو،سەریشم دانابا دەستم لێ هەڵنەدەگرت.

جابۆیە هەمیشە کێشەمان بوو،قسەی خۆمان بێ لەبەر ئەم هۆیانە دایکم ئەو دوو دۆستەمی خۆش نەدەویست. ئەوانیش ئەوەیان دەزانی بەڵام سیاسەت لە لایەک و دۆستایەتی لە لایەکی ترەوە ئەم کۆسپە بچووکەی لەنێو خۆیدا ون کردبوو.

رەنگ بێ کەم کەس بڕوا بکا کە چۆن ئەم دۆستایەتییە دەتوانێ بشێوێ چ شتێک دەتوانێ ئەم سێ دۆستە لێک بکا؟

وردە وردە کارەکەمان تەنەوەی دەکرد.ئەمجار دەوڵەت لێی وەخۆ کەوت.رۆژ نەبوو،یەک و دوومان لێنەگرن و بێسەروشوێنی نەکەن.منیش لەم نیعمەتە! بێبەش نەمام و بەشی خۆم پێ برا.

رۆژێک لە خیابانێ دەگەڕام.کاغەزێکم بەدەستەوە

بوو .دەبوو شت بکرم .لەوەتی وەدووی سیاسەت کەوتبووم کاروباری خۆم لەبیر چووبووە و ئەگەر لەماڵ پێویستمان بە ئیسووت و زەردەچێوە بووبا ، لای خۆم لێکم دەداوە بزانم لەکوێوە دێ و چۆن ساز دەکرێ و کێ دەیفرۆشێ. جا ئەگەر بە دڵم بایە دەمکڕی دەنا لەخۆم حەرام دەکرد و دایکی چارەڕەشم شۆربا و کفتەی بێ ئەدوا لێدەنا .

پاش سوور و خولێکی زۆر و لێکدانەوەیەکی سیاسی ! هێندێکم کەل وپەل کڕی وبەرەو ماڵ بوومەوە .لە ڕێگا لەندەوێرێکی بۆر لەبەر دەمم ڕاوەستا و دوو پیاوی فیلەنتەری لێ دابەزین و گوتیان :

ـ سواربە !

ـ بۆ کوێ ؟ ڕاوەستن بزانم ئێوە کێن ؟

ـ دوو پرسیارت لێدەکەین و ئازادت دەکەین.

هەرکە ئەم رستەم بیست زانیم ساواکە و جێی خۆ خافڵاندن نیە ئەگەر زۆری قەراغ لێ بکێشم کارەکە پووچەڵتر دەبێ.هەر بۆیە ملم دا . یەکیان نەقورچێکی تێ سریواندم و بە دەرگای پشتەوەدا دەماشێنەکەی هاویشتم .ماشێن ویرەیەکی لێهات و بە ناڵەناڵ وەڕێ کەوت .

کابرای تاین دەتگوت ماڵی ئێمە جێی ئێوارەوسبەینانیەتی سەربەخۆ بۆلای ئەوێ چوو . لەبەر دەرگا ڕای گرت.یەکیان دابەزی دەرگای پشتەوەی کردەوە منیان دابەزاند و وەپێش خۆیان دام .

دایکم هەرکە ئەوانەی دی لە دوورەوە بەرەو پیریان هات و بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕی کردن بەڵام متەق لە داروبەرد بێ لەوان نەهات. ئەگەر دەسەڵاتم بوایە لەوێ دەمخنکاندن.ئاخر ناتوانم بڵێم کە دایکی چارەڕەشم چەند بەخۆیدا شکاوە .

لەتاوان بۆخۆم وەقسەهاتم و گوتم :

ـ دایە گیان ئەوانە پیاوی دەوڵەتن .

دایکم وەک مار پێوەی دا بە بیستنی دەوڵەت پردی قیامەتی پسا و بۆخۆشی لە خۆی حاڵی نەبوو دەڵێ چی!. لێوە بێددانەکانی دەلەرزین و چاوی بە مۆلەق وەستابوو.

گەیشتینە بەردەرگای دیوەکەی من و ئەوان وەپێش خۆیان دام .

دایکمدیسان وەقسە هاتەوە و گوتی:

ـ سەدجار بە قەبری ئەو جوانەمەرگەی برام! کوڕی من هیند ساویلکە و گێل و ماڵ وێرانە بە کەچکە ئاوێکی وەمەلە دەکەوێ و بە بارەقەڵایەکی ئەستۆی خۆی دەشکێنێ! ئاغای ڕەئیس دەبەرت مرم....

دەستی کرد بە گریان و خۆی پێرانەوەستا . وادەکرووزاوە بەردی دەتواندەوە .

ـ ئاغا نازانی چەند بە کوێرەوەری کوڕم گەیاندۆتێ!

ـ خانم خۆ نایخۆین.چمان لێ نەکردووە .ئەوە نیە کوڕەکەت لەبەر چاوتە .

ـ دەباشە باشە بەقوربانتان بم! دەسەرتان گەڕێم....

دایکم هێندێک ئەهوەن بۆوە .لەپشت ئەو وەتاغەی لێی ڕاوەستابووین خەڵوەتی یەکمان بوو کتێب و شتی خۆم لێ شاردبۆوە .پەردەیەکیشم پێوەگرتبووە تا دیاری نەکا . زانیم تا ئێرە تەواو ڕزگاریم بووە و ئەوان فکری خەڵوەتیان نەکردووە کەچی لەپڕ یەکیان پەردەکەی لادا و سەنەدی جینایەت !وەدەرکەوت

پێتان وانەبێ ریس و گوریسی دنیام لەلابوو .تەنیا تاوانم ڕاگرتنی کتێبی کوردی بوو ،بەڵام ئەگەر ڕاستیت دەوی لەتۆپ و تانکیش قەدەغە ـ تر بوو .کتێبی کوردیان کە لە کەسێک دەگرت هیچ پێویست نەبوو کەس بپرسێ بۆ گیراوە ،جا نەخوازە لە هەندەرانیش هاتبا !

بەڵێ من ئەوەی لێی دەترسام وەڕێم هات و ئەو کتێبانە بەس بوون بۆ جزیادانم . کابرا کە چاوی بە

کتێبان کەوتە سەرێکی ڕاوەشاند و مۆرەیەکی لێکردم پەردەکەی بە بزمار داکرد و دەستی کرد بە پشکنین. هەر کتێبێکیان وەلادەنا هەردووک وێکڕا دەیانگوت!

ـ بەهـ بەهـ! ئەوەتا ... ئەوەی دەڵێم.

دایکیشم لەسەرەخۆ دەیگوت:

ـ ئەوانە خۆخراپ نین!

ـ نەخێرخانم بۆ خراپن؟

ـ بەڵێ کوڕی منیش وادەڵێ! ئاخر تائێستا هیچ درۆم پێوە نەدیوە. سەری بچێ نوێژی ناچێ! بەخوادای ئەوەندە بەحەیا و بەئەدەبە خەڵک ئاواتی بۆ دەخوازێ.

ـ بەڵێ دیارە! لەوانەیە دەوڵەت جایزەشی بداتێ.

ـ نۆکەرتانە! بەسەری تۆ ئاغای رەئیس زۆر لەمە وشیارتر بوو بەڵام هەتیو مەتیو هێندیان لە گوێی سریواند و چوونە بن پیلی ئەوەی دەشی زانی لەبیری چۆوە.

چاوێکم لە دایکم کرد کە بێدەنگ بێ بەلام ئەو هاوڕازی وای وەگیرنەدەکەوت دەردی دڵی بۆ بکا وەسەری کردبوو نەیدەمالێیەوە.

ـ بەڵێ ئەری وەڵڵا! کوڕم دەتگوت منارەیە ئەوە باڵۆڵەی باسکی بوو. چاوی لێ بکە ئێستا دەڵێی چەڵەکەیە، بێ عەینی دەڵێی ماران مشتوویانە. ئێسک و پێستەکە نەبێ نەیماوە. سۆمایی چاویشی ڕۆرژاوە هێندەی وردکە کاغەزان بخوێنێتەوە.....



ئیدی نەمدەزانی چ بکەم دەردی خۆم کەم بوو، دڵسۆزی دایکیشم سەعات بە سەعات دەردی لەسەر گران دەکردم. ئەو پێی وابوو ئێستا دوو ساواکی دەسرەیەک بە دەستەوە دەگرن و وێڕای دایکم دەگرین. ئاخر زۆرجار بە پاڕانەوە منی پەرڕاندبۆوە. لە مەدرەسە لەسەر مەشق نەنووسینەوە زۆریان وەدەردەنام بەڵام دەهات و دەستی دەکرد بە گریان جارجارەش رووی لە من دەکردولێم توورە دەبوو. شەڕە گورگانەیەکی لەگەڵ دەکردم و هەر لە خۆڕا دەیگوت:

ـ باشە ئیدی! ئەگەر حەیات بێ بەستە. ئەوە ئاغای مدیر ئەو جاریش لێت خۆشبوو.

ئیدی ئاغای مدیر کە دەیزانی تازە چارە نیە و دایکم هەم لەباتی من و هەم لەباتی ئاغای مدیر قسە دەکا بزەیەکی دەهاتێ و لێم خۆش دەبوو.

بەڵام ئەوجار لەگەڵ ئەو دەم جیاوازی بوو. هەرکە زاری هەڵدەبڕی و قسەی دەکرد تاوانی قورستر دەکردم و ئەوانی لە گرتنم سوورتر دەکرد.

تازە زانیم کە چەڵەیەکی گەورەم کردووە. دەبوولە پێشدا من لەگەڵ دایکم قسە بکەم. زەینی ئامادە بکەم تا بزانێ من چ دەکەم؟ یا هیچ نەبێ لەماڵی خۆمان لەلای کۆبوونەوەم نەبێ بەڵام تازە کار لەکارترازابوو ودەرفەتی ڕێنوێنی سیاسی نەمابوو.

مۆرەیەکم کرد بەڵام دایکم وەک نە بای هاتبێ و نە بۆران لەوانە نەبوو دەست لە ئاغای ساواک هەڵگرێ.

ـ کوڕم بابەکەم ئەوەتا ئاغای دەوڵەت خودا دەست بە عومری بگرێ دەڵێ کوڕەکەت کوڕی چاکە ئەتۆش ئیدی بە قسەیان بکە رۆڵە ئاغا لە خۆمانن خراپەی تۆیان ناوێ.

ـ بەڵێ بەڵێ لە خۆتانین! دەی باسی وردکە کاغەزت دەکرد.

ـ ئا...ئا... برالە پیری و هەزار عەیب. وەخت بوو لەبیرم بچێتەوە، ئەو هەموو وردکە کاغەزەی بۆ دێنن. هەر چەند جارێ دەیانخوێنێتەوە چەپ و چیر دەبێ، دەست دەکا بە جنێودان و لەخۆدان و چای پێشی دەبێتە دمی مردوو بەڵام نایخواتەوە و هەتا دە شەوان وادەغەزرێ کەس ناوێرێ بیدوێنێ. کوڕە بەقوربانت بم ئاغای رەئیس ددانم لە زاری کەوت بەڵام شەیتان چووە دە کەلێژەیەوە. بۆخۆت نسحەتی بکە.

ـ بەڵێ وای نسحەت دەکەین بەکەیفی تۆ راوەستە.

ـ ئای بەقوربانت بم. دابێنە لاقت ماچ بکەم.

ئەوجار بەخۆم نەبوو گوراندم. ئەو دایکەی لەماوەی ژیانمدا لە گوڵ کاڵترم پێ نەگوتبوو، لێ برام بەسەریدا بگورێنم. ئاخر وەکی وەسەری کردبوو مەترسی سەروماڵم بوو

ـ دایە بەسە! بەدبەختت کردم. دەزارت وێک نێ.

دایکم وەک تازە شتێکی لێ حاڵی بووبێ دەستی کرد بە گریان. پاش ئەوە کتێبە ـ کانیان هەڵگرت منیان دیسان وەپێشە خۆ داوە. داد و بێدادی دایکم بێ سەمەربوو تازە لێی حاڵی ببوو چ بە چیە؟

من لەتلەتیان کردبام خوێنم لێ نەدەهات. ئاورم داوە تا بۆ دوامین جار دایکم ببینم، بەم حاڵەوە زگم پێی دەسووتا، بریا هەر ئاورم نەدابا وە. چون هەرکە چاوی پێم کەوتەوە گوتی:

ـ رۆڵە بابەکەی بابم بۆ کوێت دەبەن؟ دەستی کردەوە بە گریان.

ـ یارەبی هەتیوی قالەسەر زلی قەت نانی بەدوێ خۆت نەخۆی. تیری نەبەدیت بۆ نازڵ بێ. ئاخر رۆڵە خودا غەزەبی لێ گرتبووی؟ نەمگوت لەگەڵ هەتیوی قالەسەرزل و جوانە مەرگە چاوزیتەکەی برایمە سووری مەگەڕێ! دە ئەوەتا هەڵی بگرەوە دەی!.

کابرای ساواکی لەسەرەخۆ ئەم دوو ناوەی لە کاغەزێک نووسی و منیان وەپێش خۆ دا.

نامەوێ باسی ئەوە بکەم کە چم بەسەرهات و لە کوێیان کردم تەنیا ئەوە دەتوانم بڵێم کەپاش حەوتوویەک شوانە و رەزاشیان گرت. هەر سێک دۆست کەوتینە جێگایەک. دەمزانی چون منیان پێش ئەوان گرتووە پێیان وایە من ناوم بردوون. هەر بۆیە پاش بەخێرهاتنیان گوتم:

ـ دایکم....

بەڵام نەیانهێشت چیدی بڵێم. تفێکیان لێکردم و بێدەنگ بوون، زانیم ئەگەر قەراغی لێ بکێشم لەوانەیە لێشم بدەن.

قەراریان بۆ هەر سێکمان بڕیوە و هەر یەکەی بۆ لایەکیان هەڵداشتین ۴ ساڵ و ۶ ساڵ و ۷ ساڵ زیندانیمان کێشا و ئازاد بووین.

ئێستا کە لە خیابان و کۆڵانان تێک هەڵدەنگووین خۆ دەبوێرن هەردووک لێم لالووتن و کێردم لێ دەسوون.

ئەوان ئێستاش پێیان وایە من ناوم بردوون و پێوەم کردوون بەڵام ئەوەی راست بێ هەر ئەمە بوو.

جا ئەوە پاش چەند ساڵ سەر لە نوێ دەبێ بچم و بۆیان روون بکەمەوە کە من ناوم هەڵنەداون بەڵکوو دایکم سیاسەت نازانێ. جا نازانم بڕوام پێدەکەن یا نا؟



جوغرافیای شارستانی


سەقز



نووسینی
عبدالخالق محمد خوی قرنێ

شایـــی :

شایی بەگشتی لە هەمـــوو شوێنێکی کوردستان داب و دەستوورێکی دوور و درێــژی هەیە. بەلام داب و دەستووری هەر شوێنەی لەگەڵ ئی شوێنێکی تر جیاوازی هەیە، لە سەقز پێش مارەکردن خوازبێنـی و دیاری کردن باوە، ماڵی زاوا دەبێ پێشەکی پوولێکی زۆر بەناوی شیربایی بدەن بە ماڵە بووک، بووکیش دەبێ ڕۆژی گواستنەوەی جیاز دەگەڵ خۆی بەرێتە ماڵـــە زاوا، دوای تەشریفاتێکی سەرەتایی شایی دەست پێ دەکرێ، شەوێک پێش گواستنەوە لە ماڵـــی زاوا دابی شەوگەڕ، لەماڵی بووکیش دابی خەنەبەندان ئەنجـــام دەدرێ و شەو تا بەیانناخەون و بەکەیف و ئەهەنگ و ساز و ئاوازەوە رایدەبوێرن. هەر ئەو شەوە ماڵی بووک لە کچی دەر و جیران و خزم و ئاشنایـــان دەگێڕنەوە و بـــە شـــادی و سرووڕەوە خەنەبەندان دەکرێ بۆ سبەی ئەو شەوە هەردووک لا (ماڵی بووک و ماڵـــی زاوا) شایی دەگێڕن، شایەری کورد هەوای چۆپی لێ دەدەن و گۆرانـی دەڵێن، میوانان بـــە تایبەتی ژنان هەرکە گوێیان لە ئاهەنگ و گۆرانی بوو، لە حەوشەی ماڵەکەدا دەس دەگرن و دەیکەن بە هەڵپەڕکێ، پاش نانی نیوەڕۆ سەرلەنوێ دەس دەکەنەوە بە هەڵپەڕین و بەزم و ئاهەنگ، لای سەعات سێ یا چواری پاشی نیوەڕۆ، خـزم و کەس و میوانەکانی مـاڵـی زاوا بۆ هێنانی بووک بـــە ساز و ئاواز و چەپڵەرێزانەوە وەرێ دەکەون، لە لایەکیـتـر ـ یشەوە بووک کە بە شێوەیەکی تایبەتی رازاوەتەوە و قوماشێکی تەنک و شاشی سوور (تارا)ی بە سەردادراوە، ئامادەی ڕۆیشتنە دوو برا یا دوو خزمی نزیکی بووک باسکی دەگرن و تا بەر دەرگای حەوشەی دێنن، ژنێکیش ئاوێنە گەورە بەپێش بووکەوە رادەگرێ، بووک زۆر بـــــە ئەسپایی دەڕوا و ژن و کچان دەورەیان داوە و بە گۆرانـــی گوتن و تەپڵ کوتانی شایـــە ـ رانەوە بەرەوماڵی زاوا دەچن زاوا دەبێ تانیوەی رێ بەپیر بووکەوە بچێ و عەتری لەسـەر و رووی بپرژێنێ، ئەگەر ئـەم کارە نەکا کەس و کاری بـووک ناڕازی دەبن و لە جێـــی خۆیان رادەوەستن و ئەوەنـدە پێ دادەگرن تا زاوا بەناچار مل بدا و بچێتە پێشواز، پاش ئەوەی بووک گەیشتە ماڵـــی زاوا دایک وکەس و کاری زاوا زێڕوەشێنی دەکەن یانی هەرکـە بووک هاتە نێو حەوشەهێندێک نوقڵ و وردە پـــووڵ و ئەسکیناسی بەسەردا هەڵداوێن پاشان بووکەکە دەبـــەنـــە ژوورێکی دیاری کراو، لـــەم کاتەدا برێک هەڵواکە لـــە پێشدا کراوەبە حەوت بەش و هەر بەشەی دە لەتە نانێـک نراوە، لەبەر پێی دادەنێـــن. ئەمەش بڵێین کە دوو ژنـــی نیزیک و دەسنیشان کراو ئەو




کارەیان بەستۆیە، هەرکە یەکیان بەشێکی هەڵواکەی دانایەزەوی و بووک بەسەریدا رەدبوو،ئەوی دی هەڵیدەگرێتەوە بەم جۆرە بەسەر هەر حەوت بەشە هەڵواکەدا دەڕوا و ژنان بە تایبەتی کچەکان گورجێکی هەڵواکە دەقۆزنەوەو لەنێو خۆیانیدا بەش دەکەن و دەیخۆن، بەڕای ئەوان خواردنی ئەم هەڵوایە تەبەڕوکێکی تایبەتی هەیە و مەقسوودیان حاسڵ دەکا،لەم کاتەدا لە ژووری بووک،دەبێ بە قریوەقریو و هەرا و هوریایەکی سەیر،زاوا دەبێ بچێتە کن بووک و وەختێک هەر دووک بەرەورووی یەکتر راوەستان،زاوا دەستی بووک کە لەپێشدا بە دەسرەیەکی تایبەتی لە پێشەوە لێک بەستراون و دەستی راستیشی نەختێکی نەبات تێدایە، دەکاتەوە، لەو دەمەدا هەر دوولا حەول دەدەن پێی خۆیان بخەنە سەرپێی ئەویتر دەڵێن هەرکامیان سەرکەوت دەبێتە هۆی زاڵ بوونی یەکجاری بەسەر ئەویدیدا. دوای بەجێهێنانی ئەم دابە بووک و زاوا بەتەنیشت یەکترەوە دادەنیشن و یەکێک لە ژنەکانی ماڵی بووک،کەڵلە قەندێک بە دەستەوە دەگرێ و چەند سانتیمیترێک لەسەری بووک و زاوا بەرزتر، رایدەگرێ و دەیشکێنێ و هێندێکی بەسەر ژناندا دابەش دەکا، دەردەکەوێ و مەراسیمەکە پاشان زاوا لە ژووری بووک تەواو دەبێ.

رێگاکان	کیلۆمیتر	شۆسە	ئیسفالت
رێگەی سەقز و مەریوان	١٦٠ کیلۆمیتر	=	=
= = بۆکان	٣٦ = =	=	=
= = بانە	٦٤ = =		
= = دیواندەرە	١٠٠ =		=

رێگەی گوندەکان	کیلۆمیتر	شۆسە	ئیسفالت
سەقز و ئێرانخوا	٥٤ کیلۆمیتر		=
= سوننەتە	٣٣ =	=	=
= ساحێب	١٧ =		=
= ئایەنان	١٥ =		=
= سەرا	١٨ =		=
= میرەدێ	٣٢ =	=	=
= دووڕێ یانی تیکاب	٥٦ =		=
= دووڕێ یانی تیکاب بۆ تیکاب	٦٤ =	=	=

کارخانە و کارگا : ١ـ دوخانیات ٢ـ کارخانەی ئارد

رەخنە



«مەنسوور حامیدی»

ئەگەر رەخنە گرتن لە مەبەستێکی ئەدەبی پێویستی بە زانستێکی بنەڕەتی سەبارەت بە دەستوور و قانوونی چیرۆک نووسین و پەخشان و شانۆ و شیعرهەیە کە دە خۆمیدا شک نابەم ،بەڵام هەرچی کردم و کراندم خۆم پێ رانەگیرا و ناچار بووم ئەو چەند رەخنەیە بنووسم ،تا بەڵکوو لەو بوارەدا مامۆستایانی زانا وبێدەنگ وەخۆ بێنەوە و بەنەقد و رەخنە گرتن لە چیرۆک و بابەتی تر بۆ رێنوێنی نووسەر و شاعیرە لاوەکانمان هەنگاو هەڵێنن تاکوو لە داهاتوودا بەرهەم و دیاری باشتر بەدی بێنن،با زۆر لە مەبەستەکە دوور نەکەوین.

ئەوەی لە خوارەوە وەبەر چاوتان دەکەوێ چەند رەخنە -یەکی کورتە لەسەر سێ چیرۆکی سروەی ژمارە پێنج بەناونیشانی (بیرەوەری) (خەجیلێ)و (مامحەسەن) کە ئەگەر بەکەڵک بوو پێشکێشتان ، ئەگینا ماڵی قەڵب سەروەساحێبی .

یەکەم بابەت کە زۆر بە کورتی وەبەر چاوی دەخەین چیرۆکی "بیرەوەری"یە کە دووسێ جارم خوێندەوە پێویستە لەپێشدا رابگەیەنم کە هەر نووسراوەیەک دەبێ مەبەستێک رابگەیەنێ،بە تایبەتی چیرۆک ،چوون نووسینی بیرەوەری بەشێکە لە چیرۆک نووسی، پێویستە پەیامێک کە بتوانێ شوێن بخاتە سەر بیروڕای خوێنەر بەیان بکا ،واتا ئاڵ وگۆڕێک لە بیروهەست و رەوشتی مرۆڤ دا بەدی بێنێ،بەڵام زۆر بەداخەوە نووسەری ئەو بیرەوەرییە ئەگەر لە هەڵەکانی‌تری چاوپۆشی بکەین هیچ قسەیەکی نەبوو کەبیڵێ .

من زۆر کەسم پێ شک دێ کە بیرەوەری بەس جوانتر و خۆشتریان لەلا هەیە ،ئەگەرچی نەشتوانن کراسێکی جوانیان لەبەربکەن و بە وشە و رستەی جوان بیان رازێننەوە بەڵام هیچ نەبێ دەتوانن ماوەیەک خوێنەر سەرگەرم بکەن، با لە رێگامان لانەدەین،ئەگەر "بیرەوەری" بەرهەمی هەوەڵی نووسەرە دیسان جێی دەمێنێتەوە بەومەرجەی کە نووسەر پتر کار بکاوباشتر و وردتر سرنج بدا .

نموونەی هەڵەکانی نووسەر ئەوەیە :

لە پێشەکی نووسراوەکەیدا بەهار و دیمەنی سروشت و چیای بەرز و بەتایبەتی دیمەنی سەیرانگەی" کانی شێخان" لە کاتی بەهاردا تاریف دەکا و لە ناکاو دەبینین کە خۆی بەیانیی‌یەکی هاوین دەچێتە "کانی شێخان " ئەویش بە داشقەی ئەسپ، من کە لە منداڵییەوە زۆرجار بەهار و هاوین تەنانەت پاییزیش چوومە ئەو شوێنە تاکوو ئێستا نەمدیوە داشقەیەک گەیشتبێتە ئەو جێیە ، تازە لەوێش دەست هەڵگرین من بۆم روون نەبووە نووسەر کام مانگی هاوین چۆتە ئەو شوێنە کە کێوەکانی دەوروبەری پەڵە پەڵەی بەفری لێ ماوە و داوێنیان بە بەرگی سەوز وەک بووک رازاوەتەوە ،پێم وایە لە بەهاردا چۆتە ئەوێ و خۆی ئاگای لێ نەبووە ، ئێوە باوەڕ ناکەن وەرن بزانن خۆی چۆن دەنووسێ :(ئایا هەموو کەس وەک من بە هاتنی بەهار شەیدا دەبن ؟ هەموو بەهاران جارێک یان دووجار دەچم بۆ کانی‌شێخان و بەچاوی ئەو سەردەمەی منداڵییەوە دەڕوانمە سەر دیمەنی جوانی کە وەک.....)

ئێستا ئێوەش باوەڕتان کرد کە نووسەر بە بەهار چۆتە کانی شێخان بەڵام لەبیری چۆتەوە .من لێرەدا بەو برایە پێشنیار دەکەم بەر لە نووسین خۆی ماندوو بکا و شتێک بدۆزێتەوە کە شیاوی باسکردن بێت چونکوو بە راستی " بیرەوەری" هیچ شوێنێکی نەختە سەرمن تا ئێوە دەڵێن چی !

من ئاگادارم کە خەجیلێ بەرهەمی هەوەڵی نووسەرە،بەڵام دیسان وا باش بوو کە بەر لە چاپکردنی بۆ چارەسەرکردنی هێندێک لەو هەڵانەی لە نووسینەکەی دایە هەنگاوی هەڵێنابا ،لێرەدا بە پێویست دەزانم کە بڵێم چیرۆکنووسین لەگەڵ وێنەگرتن جیاوازە ، وێنەگرتن بریتییە لە پیشاندانی شتێک یان رووداوێک یان دیمەنێک لە کاتێکی ، راوەستاوی زەماندا بەڵام نووسەر هەر ئەو شتانە لە درێژایی و تێپەربوونی زەماندا پێشان دەدا .جوانتر بڵێم لە وێنەدا هیچ شتێک ناگۆڕدرێ،بەڵام لە چیرۆکدا تێپەربوونی زەمان ئاڵ وگۆڕ دەخاتە سەر رەوشتی مرۆڤ و تەبیعەت.جابۆیە نووسەر دەبێ بڕوای بەوە بێ کە مەبەستێکی کە دەینووسێ نابێ تەنیا وێنەیەکی جوان و راوەستاو لە سرۆشت و مرۆڤ یان جیهان بێ.هیچ پێویست بەوە نیە کە دیسان بڵێم نووسەر ئەرکێکی گەورەی وەئەستۆی خۆی گرتووە و ئەویش هاندانی مرۆڤە بەرەو پێشکەوتن و هەراش بوون.دەبێ دیاردەی ئەدەبی و هونەری مەبەستێکی نوێ بگەینی.چیرۆکی خەجیلێ لەو بابەتەوە تەنیا وێنەیەکە و هیچیتر .کاکڵی چیرۆکەکە ئەوە بوو کچێک بەنیوی خەجیلێ نەخۆش دەبێ و لەکاتی چوون بۆ سەردوکتۆر لە رێگادا دەمرێ.ئێوە بە من بڵێن پەیامی نووسەر چ بوو؟ با زۆر دوور نەرۆین چیرۆکی خەجیلێ لەباری ئەدەبیش چەند هەڵەی تێدا بوو ،بۆوێنە لە سەرەتادا دەڵێ(کۆتری شەو لە شەقەی شاباڵی دابوو) من تائێستا پێموابوو کۆتر نیشانەی هێمنی و ئاشتییە . بەڵام چابوو زانیم کۆتر دەتوانێ نیشانەی شەڕومەترسی و تاریکی و شتی بەسامی وەک مۆتەش بێ ! لەحاڵێکدا کە شەو بە کۆتر شپاوە ،چەند دێڕ خوارتر دەنووسێ:"دەنگی مەلێک لەنێو پۆلەچنارەکەی خوارووی ئاوایی پەردەی شەوی دەبزاوت" کە بەس روون و ئاشکرایە شپاندنی یک شت لەکاتێکدا بە دووشتی جیاواز لەباری ئەدەبیەوە دروست نیە

ئێستاش بۆم دەرنەکەوت کە نووسەر هۆی کەمتەرخەمی مام هەمزەی لە بردنی خەجیلێ بۆسەر دوکتۆر بۆ نەنووسیوە؟ خەجیلێ بەستەزمان سێ رۆژ بە جێ وبان دەکەوێ ومامهەمزە و خات بەسێی دڵ رەق هەتا رۆژی سێهەم کە حاڵی زۆر تێکدەچێ، وەخۆ نایەنەوە(شەوێ دیش هەر بەمجۆرە تا بەیانی لەسەر خەجیلێ دانیشتبووین بەڵام ئەمشۆ زۆر نارەحەت ترە) من لێرەدا دەڵێم کە تەواوی ئەو کارانەی کە لە دواییدا مام هەمزە بۆ رزگاربوونی خەجیلێ لە چەنگ نەخۆشی دەیکا بێسوود و بێکەلکن . واتا هەر نەخۆشێکی دیکەش ئەگەر سێ رۆژان بەحاڵی خۆی بمێنێتەوە و لە ئاکامدا بە شێنەیی بیبەنە دوکتۆر عومری خۆش بۆ ئێوە بەجێ دێڵێ ! قوربەسەر خەجیلێ بۆ دایک و بابێکی کە هەیەتی، جا با مام هەمزەش دەستی دڵۆی دەر ـ کردبێ یان پشتی چەمابێتەوە و یان هەژار و بێپارە بێ.

دیمەنی مام هەمزە و خات بەسێ زۆر ناحەزە . بەتایبەتی خات بەسێ کە دەبینێ خەجیلێ لە رێگادا مردووە بەڵام نازانێ کێ بە کێیە .ئێستا بۆی روون نەبۆتەوە بۆچی وەرێکەوتوون و دەڵێ(جادوکتۆر چی پێ دەکرێ ئەوە مقەدەری خودایەو مام هەمزە کە چەندکراسێکی زۆرتر خەسار کردووە دەڵێ : (راستە ئافرەت بەڵام کول و سەبەبیش هەیە) من دەپرسم بریا مامهەمزە سەبەبەکەی

دەست نیشان دەکرد و لە ئاکامدا چاویان لێکدەبڕن و سەرلەنوێ لە قولپەی گریان دەدەن ئەڵبەت ئەمجار بۆ من و تۆ دەگرین کە دەبێ ئەو چیرۆکە بخوێنینەوە و پەندی لێ وەربگرین !

ئێمە ئەگەر ئەو کەم و کووڕیانە نەبینین دەتوانین داهاتوویەکی روون و باش بۆ نووسەرەکەی پێش بینی بکەین چونکوو سەرەرای ئەو مەبەستانەی باسمان کرد نیشانەی ئینسان دۆستی و مرۆڤایەتی، بەر لە هەر مەبەستێکیتر وەبەرچاو دەکەوت کە خۆی دەتوانێ ئامانجی نووسین بێ.وێڕای ئەوەش ئەگەر هیندێک لەو قاعیدە و دەستوورانەی چیرۆک نووسین دەکار بێنێ و لە چیرۆک و چیرۆک نووسانی جیهان و بەرهەمباشەکانیان زۆرتر وردبێتەوە و لاسایان بکاتەوە دەتوانێ هۆی پشت ـ ئەستووری ئێمە لە داهاتوو دا بێ. خودا بیپارێزێ.

چیرۆکی مامحەسەن ئەگەر بۆ نووسەرەکەی تاقیکردنەوە ـ یەکی نوێیە بۆ فێربوونی چیرۆک نووسین بۆ منی تامەزرۆ خوێندنەوەی چیرۆکی پتەو و رەسەن ئەوەی هێشتەوە کە بڕوا بکەم لە داهاتوودا چیرۆک نووسین لەنێو ئێمەشدا لە ئامانجی بنەڕەتی خۆی کە بریتییە لە پێشاندانی زام و ئێش و ئۆفی مرۆڤ بەزمانێکی پاراو و رەسەن نیزیک دەبێتەوە .من ئەو مەبەستەم لەدوای خوێندنەوەیمامحەسەن هەست کرد بەڵام لەو برایە تکا دەکەم کە سەرنجێکیزۆرتر بداتە سەر رێزمان و هەر رستەیەک کە دەینووسێ لە ماناکەشی وردبێتەوە .دیسان پێشنیار دەکەم کە قارەمانەکانی چیرۆکەکەی باشتر بناسێ و خووخدە و ئاکاریان زۆر نەگۆڕێ.ئەگەر ویستی رەوشتی یەکێک لە قارەمانەکانی بگۆڕێ دەبێ رووداوێک کە بۆ خوێنەر روون و ئاشکرایە ئەو ئاڵ و گۆڕە بەدی بێنێ.بەکورتی بڵێم چیرۆکی مامحەسەن چەند هەڵەی تێدابوو کە دەبێ نووسەر لە داهاتوودا لەو چەشنە هەڵانە خۆ بپارێزێ. بۆ وێنە نووسەر لە جێیەکدا دەنووسێ (لەژوور سەری دادەنیشێ و کەمێکی دەشێلێ) کەمن هەرچەند بیرم کردەوە کەسێکم پێشک نەهات کە بتوانێ لەژوور سەری کەسێک دانیشێ و لەوێڕا نەخۆشێکی راکشاو بشێلێ (ئێوە ئەگەر دیوتانە خەنی لە خۆتان) یان لە شوێنێکیتر سۆفی پیرۆت بۆ حەسەن دەگێڕێتەوە کە (رۆژێکی قاوەڵتوونێ چوومە لای.ئەتۆ لە ماڵ نەبووی...) . من لە ئاکامدا بۆم دەرنەکەوت ئایا سۆفی پیرۆت لەبن دەرگا خۆی گرتبوو یان لەلا دایک وبابی دانیشتبوو کە بەش بەحاڵی خۆم بڕوا ناکەم دایک وبابی حەسەنلەلای سۆفی پیرۆت بەو شێوە وتەو وێژ بکەن و باشتر ئەوە بوو کە نووسەر ئەو شوێنەی کە سۆفی پیرۆت قسەکانی وا بەجوانی گوێ لێ بووە دیاری کردبا.هەر وەها لە هەموان لەبەرچاوتر ئەوەیە کە نووسەر ژیانیتاڵ ونالەبار و پڕ لە مەینەتی مامحەسەن دەخاتە ژێر زەڕەبین و دەنووسێ: (رۆژگار وەک ئەسپێکی سەرکێش لغاویان لێ داوێتە سەر کەڵپان و ئیختیاریان لە دەست دەستێنێ و هەردەم بە لایەکیاندا دەدا .خێر و سەدەقەسەری خەڵکی نەبوایە زۆر لەمێژ بوو لە برسان دەمردن) بەڵام هەر ئەو مام حەسەنە هەژار و لێقەوماوە بەدوای مردنی خێزانی لەپڕ دەوڵەمەند دەبێ و شوانەی وەبیر دێتەوە و دەڵێ : (دەیهێنمە لای خۆم و لەبەر خوێندنی دەنێم و من دەڵێم ئەڵبەت بەخێروسەدەقە سەری خەڵکی!) .

نووسەر دەبێئەو مەبەستانە زۆرتر وەبەر چاو بخات تا لە نووسراوەکەیدا هیچچەشنە جیاوازییەک لەباری مانا پێک نەیە .خودا ئاگای لە هەمووتان بێ.

کایەی کوردی

چەختی

کایەی کۆمەڵی کوردی
ئەوانەنە بە وردی
زستانان بگرە مزرەق
لەسەر سەهۆڵ وجێی رەق
لەسەربانان شێلاقێن
لە هۆڵ مەنجەڵ باباقێن
یا دانوو دەرچەی دەکەن
یا بانگی شەمچەی دەکەن
دەنا مێشێن و جگێن....
لە نەوروزێ هێلکە شکێن
بە چێشتانان هەلووکێن
دەنا هەددار و گۆێێن
جارجارە خوززە و تۆپێن
لای ئێواران فودباڵێن
لەنێو دێی خۆشارۆکێن
جەغز و ئەلیاس،بن پووشکێن
هینگڵە شەلە و خەستەکێن
لەبن کورسی باوباوێن
یا نەقڵی بزنەو مەرەی
دەنا تەرکی بن بەرەی
لەبەر بەرخان بازەڵێن
ئەی سێ و قیزە پشتەکێن
بەشەو کەڵەکە برین
جارجار هەیجۆ هەیجۆێێن
هێندێک کۆسەی دەگێرن
بەعزێک قەڵسەی دەگێرن
یا قۆچەقانی لوێ بێ
جا دەستی دەهەر کوێ بێ
بۆ جحێڵان جۆرابێن
بۆپیردامە و نۆرسکێن
قۆرغ و شاو وەزیرێن
لە گەلێک مالان دەکرێن
بۆ باریتێ کێل بەردێن
ئەگەر باری خلیسکێن
مووسا و فیرعەونیش هەیە
شۆخێکی بێ بەهرەیە

خۆشە گورجی بەفیتوان
ئەگەر لێی حاڵی بێ جوان
حیندرحۆ و پوورە گوڵێ
بارەمێوژ و بارە خوێ
گورجە کوێرە و غارەکەر

هەرکەس نەیبی زەلیلە
هەرکەس خۆی بۆ خۆی
نێوت چیە و چ دەخۆی
گەرە لاوێژە و مینجێن
گارگارە کڵاو سوورێن



لەجێی نەرم و بێخەتەر
مانگا بەکەڵ و مووروێن
حەجج و ئیعدام ئیعدامێن
گەزی جۆلای سێ کوچکە
بە تۆپی جیر نەک کوچکە
بلێند کردنی نستوو
بە چوار قامک و بەفیتوو
راوە جووشک و دەڵەتوو
تا وەکوو یەک بین هەموو
تەڵە رێوی و کۆنەئاش
پیس دەبێتە هاشەهاش
سینگەسەیە و ساپساپێن
گەنم گەنمێن،دایەڵێن
هەڵوای شەپان،ئاشەوان
تاقمانە جووت، گوێلکەوان
دایە مەمدە بە گورگی
شەرِی مەرِ دەگەڵ گورگی
سێجگە و گوێ پروسکێن
شێر و خەت و میرمیرێن
تەقیلە لەسەر تەقیلە

نوختەبازی بە دەفتەر
یا پالەوانی سێسەر
خوو گەملە و زۆرەوانی
عوورووسی یا کوردانی
بووکەبارانە و مەلە
لە جۆمالێ هەمزەڵە
گاگۆزەڵ پەندەر پەنیر
لێ دروونی بەرەو حەسیر
زنجیر منت گرێ دا
بۆ پشت کێوت فرێ دا
سێباز و گورجی بن لاق
تۆپی جەغزی و تۆتفەراق
هەی دادی بە چەپۆکان
شەرە کەڵ لەسەر چۆکان
لێدە و کەپری بە کەشکان
جۆلانە لەجێی مەشکان
مامە سوورە و شالیاوە
دەرزی بە قۆیتاس ماوە
جۆرابێنی بە کەوشان
لە مەجلیسی دلخۆشان

هونەر و هونەرمەندانی کوردستان

حەمەدی ئاغای

"ئەحمەد بەحری"

سەرەتای مانگی خاکەلێوە لەگەڵ هاورێ-
یەکم بۆچاوپێکەوتنی هونەرمەندێک بەرەو
گوندی "بەرکەمران"ی پیرانشار وەڕێ کەوتین
هەتا "کەندەقوولان" بە ماشێن وئەنجا بە
پێیان لابرێ لێمان دا .سەرەڕای ئەوەی هەوەڵی
بەهار بوو ،چیا بەرزوگەردن کەشەکان خەملا
بوون وهەتا چاو هەتەری دەکرد هەرشین
دەچوون .لەپەڵە هەورێکی بەهاری وردەبارا-
نێکی بەڕەحمەت نمنم دەباری، کۆلکە
زێڕینە لە دوورەوە وەک پەڕی تاوسێکی
بەناز خۆی بەحەوت ڕەنگان دەنواند .بەرامەی
گیاوگوڵ وبۆنی گڵی تەڕ تێکەل بوون و
بیروهۆشی لەسەری هەموو ڕێبوارێک دەڕفاند.
ئێمەی گیرۆدەی دووکەڵ وقیلەتاو نەماندە -
زانی بڕوانینە کێهە لا ! هەوڵمان دەدا زۆر
وشیارانە هەنگاو هەڵێنینەوە نەوەک پێ
لەگوڵە گەزیزان بنێین وجوانی خۆڕسک پێ
شێل بکەین .رووم لە هاورێیەکەم کردوگوتم:
- لەخۆڕا نەیانگوتووە "کوردستان بەهەشتی
سەر زەمینە ".

لەولامدا گوتی : "ئەو بولبولە خۆش
ئاوازە کە ئێمەی هەڵوەدا کردووە ،لە
داوێنی خۆڕسکی ئەوتۆدا پێ گەیشتووە و
چریکەی لەخرودۆڵی ئاوادا دەنگی داوەتەوە"
ئەو خۆڕسکە ڕازاوە ئاگای ڕێ بڕینی لێ
بڕین وهەر ئەوەندە خۆمان لەبەر کانی یە-
کەی نێودێ "بەرکەمران"دیتەوە .کوڕێکی
مێرمندال وەپێشمان کەوت ومالەکەی پیشان
داین .
دوای سلاوو چاک وخۆشی وحەسانەوە یەک هاتینە



سەرباس وگوتم :

ـ لە دوورەوە هاتووینە خزمەتت،ئارەزووی دیدارتمان هەبوو.

ـ پێلاوتان لەسەر چاوم ،مەمنوونم کە بە سەرتان کردووەمەوە.

تێمگەیاند کە هاتووین بەسەرهاتی بنووسینەـ وە زۆر بە رووخۆشی دەستی پێ کرد :

ـ ناوم "حەمەیە ،شۆرەتم "ئارمان"ە .بە حەمەدی ئاغای" مەنشوورم .ئێمە جافین لە مێژساڵە پەراگەندەی ئەو مەملەکەتەی بووینە بابم لە "سونجاغ"ی محاڵی ئاختاچی مەهاباد- دا،گیرساوەتەوە . لەوێ راماڵمان هاتۆتە "زگ دڕاو"ێ ."عورووس"وگرانی کە بە سەرداهات چووینە "سارەوانان"و"حەوتەوانان ٤٠ ساڵ دەبێ کە پەڕیوەی سندووس ولاجانێ بوومە وهێندێک لە نەغەدە وخانێ ژیاوم . ئەوە ماوەی چەند ساڵە لەبەر کەمران" گیرساومەتەوە ولەماڵە خەڵکدام ١٠٣٠ ساڵم تەمەنە ،ساڵی گرانی(٣٦ـ ١٣٣٥ هجری قمری) پیاوبووم .ساڵی ئەرکانی لەشەڕی عورووساندا بەشداریم کردووە ،عورووس وتورکەمان لە ئێواندا شەڕیان سازکرد مەلایان جەهادیان- دا .عاشیرەتی کورد کەوتنە گەڵ تورکان وبە دژی عورووسەکان شەڕیان کرد. لە شەڕی سۆفیانێ کە کەریم ئاغای دایماوێ گوژرا دەگەڵ بووم .

ـ چۆن بوو کە مەیلت بۆلای بەیتان راکشا

-دەنگ وسەدایەکی خۆشم هەبوو ،بە جحێڵی داوەتم دەگێڕا .بەڵام دوایە مەیلم پتر چووە سەربەیتان .کابرایەک بوو"کەریم خاڵ خاس"یان پێ دەگوت ،کەسی وانەبوو،لە هیچ دانەدەما ،زۆر بەیت بێژێکی چاک بوو . جاری واهەبوو ٢٠ شەوی لەگەڵ خەریک دەبووم هەتا بەیتێکی فێردەکردم. کاکە میووکاکە شێخ ،خەج وسیامەند ،سوارۆ ،لەشکری ،گەلۆ سەیدەوان ،کانەبی خوازێ پایزە .... هەمووی لەوێ فێر بووم .

ـ لە بەیت بێژانی قەدیم کەست لەبیرماوە؟

ـ زۆرکەس بەیتیان دەکوت،ئەوەدەمی قەدریان زۆربوو.پایزان کە خەڵک لەخۆدە- بوونەوە دێ بە دێ لەدوایان دەناردن .




مەجلیسێکی بەیتی تێدانەگوترابا ساردو سڕبوو "حەمەشێت"ی قەرەداغی بەناوبانگ بوو. خودا دابوویە هەرچی گوتبای بۆی دەهات ! گوتن هەر ئەو دەیگوت! "حەمەچەکاڵە"ی ، ترشەکانیش بەیت بێژی چاک بوو ،ساڵی گرانی بە پیری لە "سونجاغ" دیومە .نێوی "ئەحمەد حەڵوا"شم بیستووە دەڵێن بەیتی "کەڵ و شێری داناوە " .

ـ چ ئارەزوویەکت هەیە ؟

ـ پیری دەرمانی نیە وپیر مەشمووڵی مردنێ یە ،ئارەزووم ئەوەیە ئیمان و قالبێکی ساغم بە نسیب بێ .هەروەها هیوادارم هونەردۆستان هەرچی زووتر قوڵ هەڵماڵن و ئەو گەنجینانە (ئەوبەیتانە) کە بەیت بێژان سینە بە سینە هیناویانن لە فەوتان نەجات بدەن،نەیەڵن لەگەڵ ئەوان بخرێنە ژێرگڵی ساردوسڕەوە وگەلەکەمان لە داهاتوودا لەو خەزینەیە بێ بەش بێ .

بڕیارنامەی یەکەمین کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی



بەناوی خوای میری مەزن

سپاس بۆ دەرگای یەزدانی پاک کە ئەندامانی هەوەڵین کۆنگرەی گەورەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی یارمەتی دا تا وێڕای هەستی بەرپرسی وبە تێ بینی و زانستێکی تەواوەوە رەگەز پەرەستی وتەبعیزی نیژادی لە هەموو دونیادا مەحکووم بکەن و ئایەتی پیرۆزی "انا خلقناکم من ذکروانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عنداللە اتقیکم" رەچاو بکەن پاش باس وراوێژ لە ماوەی کۆنگرەدا بە تایبەتی وت و وێژی پێویست لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە ودیاری کردنی ئەوبڕیارە پەسندکرا – وانەی کە جێ بەجێ کردنیان پێویستە ،ئەم مەبەستانەی ژێروولە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە بەناوی بڕیارنامە رادەگەیەنین .

١– ئێمەی بەشداری یەکە – مین کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بەرلە هەموو شت ئەو پەڕی رێزو سپاسی خۆمان سەبارەت بە بەرپرسانی بەڕێزی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی برای خۆشەویستمان جەنابی موهەندیس مووسەوی سەرۆک وەزیر کە پەیامی مێژوویی ودڵگری ئەو هەتوانێک بوو بۆ دڵی زامداری ئەم خەڵکە دەردەبڕین .

٢– هەروەک لە پەیامی سەرۆک وەزیری بەڕێزدا هاتووە ئەم کۆنگرە دان بەوەدا دێنی عیرفان هەروەک جاران لە شیعروئەدەبی کوردیدا وەبەر چاو بگیرێ.مامۆستایان و بنکەفەرهەنگی یەکانی فەرهەنگی وئەدەبی پێ سپێراوی شۆڕشگێڕانە وئیسلامی خۆیان بۆچارەسەری گیروگرفتەکان بەتایبەتی ئەوانی ناوچە بە سەرنجەوبناسن وبۆلەنێو بردنیان هەوڵ بدەن .

٣– کۆنگرە هەست بە هەل ومەرجی حەساسی وڵات و گیروگرفتی زۆری شۆڕش بە تایبەتی شەڕێکی نەویستوو کە لە لایەن رژیمی دژی ئیسلامی وئینسانی بەعسی عێراق بەسەر گەلی ئێمەدا داسپاوە دەکا . لەم هەل ومەرجەی تا ئێستا دەوڵەتی مەکتەبی بۆ بووژانەوە وپەرەگرتنی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی پێکی هێناوە رێز دەگرین و چاوەڕوانی ئەوەین ئەگەر بلوێ بۆپێک هێنانی هەل و مەرجی باشتر ئەمربفەرموون .

٤– ئێمە باوەڕی پتەومان بەوە هەیە کە ژیانی پڕشکۆ و شەرەف بۆ هەموو لایەک لەژێر سێبەری ئیسلام وکۆماری ئیسلامیدا دەگونجێ وبەراستی ئازادی تێکۆشانی فەرهەنگ و ئەدەبی هەموو نەتەوەیەک

(نەک شێوەی سیاسی ورفۆرمی ئەوکە لە هێندێک ولاتان باوە) وەختێک پێک دێ کە نێوەرۆکەکەی بیرورای نیزامێک بێ کە لە گەڵ خووخدە وسروشتی بەشەری یەک دەگرێتەوە.

ئەسڵی پازدەی قانووسی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئازادی دەرس گوتنەوەی زمان وئەدەبی ناوچەی لە تەنیشت زمانی فارسی تەسریح کردووە لەرێبازی ئەم مەبەستە دایە هەر بۆیە کۆنگرە وێڕای ئەوە کە داوا دەکا ئەم ئەسڵە لەلایەن رێکخراووسازمانەکانی پەیوەندیدار بەم مەسەلەوە رەچاو بکرێ .کۆنگرە ئامادە بوونی خۆی بۆدانان ونووسینی هەرچەشنە کتێب وجزوەیەکی ئامووزشی لەم بارەوە رادەگەیەنێ .

٥ـ کۆنگرە بۆ ژیاندنەوەی هەرچی پتری فەرهەنگ وئەدەبی کوردی بڕیار دەدا وێڕای ناساندنی هەموو خاوەن رایانی ئەم فەرهەنگە بناخە بۆ هەموو بابەتەکانی مێژوویی وجوغرافیایی و وشەناسی وبەیت وباو .... دابڕێژێ ووێڕای رێکخستنی ئەم ئەنجومەنانە فەرهەنگستانی کوردی لە هەموو ناوچە کوردنشینەکان چاوەدێری بکا وچاوەڕوانی ئەوەیە کە ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی(ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی) بەرپرسی ئەم کارە وەستۆ بگرێ وسەبارەت بە جێ بەجێ کردنی حەولی پێویست بدا .

ئەندامانی کۆنگرە لە دەولەتی ئیسلام داوادەکەن تا سەبارەت بە پێک هێنانی هەل ومەرجەکان فەرمانی پێویست دەربڕێ .


٦ـ وێڕای رێزگرتن لە یادی خوالێ خۆشبوو مامۆستا سەید موحەممەد ئەمینی شێخەل ئیسلامی (هێمن) و قەدر زانینی خزمەتی شایان وبەرچاوی ئەو بە فەرهەنگ وئەدەبی کوردی و سپاس لە نووسەران وبەڕێوە ـ بەرانی وکاربەدەستانی گۆواری بەنرخی "سروە" لە هەموو خاوەن رایانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و هەموو خوشک وبرایانی کورد داوا دەکەین بە هەر شێوەیەک بۆیان دەلوێ نووسراوە وشیعر وسەنەد وبەڵگەی مێژوویی مان بۆبنێرن وبەرەخنە و پێشنیار سەبارەت بە بردنە سەری چەندەتی وچۆنەتی باری گۆوارەکە وپڕنێوەرۆکترکردنی یارمەتیمان بدەن ولە هیچ حەولێک بۆئەم مەبەستە خۆ نەبوێرن .

٧ـ هەروەک کۆنگرەدان بە پێویستی زمانێکی یەکگرتووی (عیلمی)کوردی دادێنێ بۆ وەدی هێنانی ئەم مەبەستە لە رێزمان ووشەی بەجێ لە هەموو زاراوەکان کەلک وەربگرێ وبۆلێ کۆڵینەوە و تەحقیق لەسەر زاراوەکان وبەگشتی هەموو زمانی کوردی شوورایەک لە موحەقیق و پسپۆڕانی خاوەنرا پێک بێ تا لە هەموو بارێکەوە مەبەستەکان شی بکەنەوە .بانگ کردن ولێ گێڕانەوەی خاوەن رایان وپێک هێنانی ئەم شوورایە بەستۆی ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی یە .

٨ـ چاپی کتێبی دەستنووسی کۆن ونوێ ،تەئلیف وتەسنیف شیعر و فۆلکلۆ و وتار ..... بەهەموو زاراوەکان وهەروەها کەڵک وەرگرتن لە لەهجەکانی جۆراوجۆر لەگۆوارە کوردی ـ یەکان گرینگە ولە پەنای زمانی یەکگرتوو پەرەگرتنی لەهجەکانی جۆراوجۆری تریش لەبەر چاوبێ .

٩ـ کۆنگرە رێنووسی ئێستای گۆواری سروە بەرەسمی دەزانێ ولەسەرچاپی کتێب و گۆوارەکانی کوردی بەم رێنووسە پێ دادەگرێ .

١٠ـ پێویستە پەیامی سەرۆک وەزیری بەڕێز و عینایەتی تایبەتی ئەوان سەبارەت بەم جووڵانەوە فەرهەنگی یەبەزامنی بەڕێوە بردنی ئەسڵەکانی پەسندکراوی ئەم کۆنگرە دابنێین.




مریشکه قوڵه‌یه‌ک بوو ،مریشکه قوڵه .رۆژێک،
توێکڵه پیوازێکی بەشانیدادا و دوو توێکڵه
گوێزی دەلاقی کرد وەوەڕێ کەوت .
گوتی : دەچمە شاری شووکردن.
زۆر رۆیی،کەم رۆیی، تووشی گاوانێ بوو .
گاوان کوتی :
مریشکه قوڵه بۆکوێ دەچی ؟
مریشکه قوڵه کوتی :
مریشکه قوڵه ودەردو سندان .
گاوان کوتی :
ئەدی بلێم چی ؟
کوتی : بلێ .
تەق تەقی کەوشان
پۆلی وەنەوشان
چارۆکە پیوازی
بە قەبز ونازی
بۆ کوێ دەچی؟
گاوان کوتی :
تەق تەقی کەوشان
پۆلی وەنەوشان
چارۆکە پیوازی
بە قەبز و نازی
بۆ کوێ دەچی؟
مریشکه قوڵه کوتی :
دەچمە شاری شوو کردن
گاوان کوتی :
شوو بە من ناکەی ؟




مریشکه قوڵه کوتی :
بە چم بەخێو دەکەی ؟
گاوان کوتی :
بە نانی گاوانی.
کوتی :
بە چم لێدەدەی ؟
کوتی :
بەو گۆپاڵەی .
مریشکه قوڵه کوتی :
نا! دەمرم شووت پێ ناکەم.
دیسان رۆیی . تووشی شوانێک بوو .
شوان کوتی :
مریشکه قوڵه بۆکوێ دەچی ؟
کوتی :
مریشکه قوڵه ودەردو سندان.
شوان کوتی :
ئەدی بلێم چی ؟
کوتی بلێ :
تەق تەقی کەوشان
پۆلی وەنەوشان
چارۆکە پیوازی
بە قەبز و نازی
بۆ کوێ دەچی؟
شوان کوتی :
تەق تەقی کەوشان
پۆلی وەنەوشان
چارۆکە پیوازی

بۆ کوێ دەچی؟
مریشکە قولە کوتی :



دەچمە شاری شووکردن .
شوانکوتی :
شوو بە من ناکەی ؟
کوتی :
بە چم بەخێو دەکەی ؟
کوتی :
بە نانی شوانی .
کوتی :
بەچم لێدەدەی ؟
کوتی :
بەوقولە گوچانەی .
مریشکە قولەزۆر ترسا کوتی :
دەمکوژی شووت پێ ناکەم .
دیسان وەڕێ بۆوە .تووشی مشکێک بوو. مشک کوتی،
مریشکە قولە بۆکوێ دەچی ؟
کوتی :مریشکە قولەودەردو سندان .
گوتی : ئەدی بلێم چی ؟
کوتی بلێ :
تەق تەقی کەوشان

پۆلی وەنەوشان
چارۆکە پیوازی
بە قەبزو نازی
بۆ کوێ دەچی ؟
مشکە کوتی :
تەق تەقی کەوشان
پۆلی وەنەوشان
چارۆکە پیوازی
بە قەبز ونازی
بۆ کوێ دەچی ؟
مریشکە قولە کوتی :
دەچمە شاری شوو کردن.
کوتی :شوو بەمن ناکەی ؟
کوتی : بە چم بەخێو دەکەی ؟
مشک کوتی :
هەرچی خۆشە بە زاران
کوتی :
بە چم لێدەدەی ؟
کوتی :
بەو کلکە قولە .



کوتی :
شووت پێ دەکەم.

مشک مریشکی بردە ژێرخانی ماڵە میری .
ژیانیان دەست پێکرد .مریشکە قوڵە مەگیرانی
بە دانوولەی گوڵەگەنمان دەکرد . دانووی
دە دیزەی کرد و دەتەندووری نا . دانوو
دەکوڵی .مریشک چوو سەری بدا ،سەری دیزەی



هەڵگرت تێی کەوت ودا پلۆخا .مشک هاتەوە
زۆری هەرا کرد کەس وڵامی نەداوە . هاتە سەر
تەندووریٚ دیتی مریشک لە تەندووریٚ کەوتووە
دەستی کرد بە گریانیٚ .دوایە دیزەی هەڵگرت
وبردی یە سەر گوێلکیٚ وهەڵی رشت .

سەر گوێلک کوتی :ئەوە چیە ؟

مشک کوتی :

مریشکە قوڵەی خانکی یە
کەوتە دیزەی پانکی یە
نەیماوە ئێسقانکی یە

سەر گوێلک لە تاوان نیوەی سووتا .

قەلە رەشە بە قارە قار هاتە سەر گوێلکیٚ
دیتی نیوەی سووتاوە .

کوتی :ئەوە بۆواتلێهاتووە؟

سەر گوێلک کوتی :

مریشکە قوڵەی خانکی یە
کەوتە دیزەی پانکی یە
نەیماوە ئێسقانکی یە

قەل لە تاوان هەموو پەڕوپۆی وەری.دوایە
لە شەقەی باڵیدا چووە سەرتاقدارەکەی
مەزرایە .

دار دیتی قەل پەڕوپۆی وەریوە کوتی :

ئەوە بۆواتلێهاتووە؟

کوتی :

مریشکە قوڵەی پانکی یە
کەوتە دیزەی خانکی یە
نەیماوە ئێسقانکی یە



دار تەواوی لک وپۆپی وەراند . ئاو بە
لارولەنجەوتروسکە تروسک هاتەبن دارەکەی .
گۆرانێکی خۆشی لەبن لێوی دەکوت .دیتی دار
هەمووگەڵای وەراندووە .

کوتی :

دارەکە ئەوە بۆگەڵات وەراندووە ؟

دار کوتی :

مریشکە قوڵەی پانکی یە
کەوتە دیزەی خانکی یە
نەیماوە ئێسقانکی یە



ئاو لە تاوان قوراو بوو .هاتەبن گەنمەکان
چڵەگەنم بەدم باوە دەشنانەوەو گۆرانێکی

خۆشیا . دەکوت .گەنم دیتیان ئاو قوڕا بووە .
کوتیان :
ئاو ئەوە بۆ قوڕاو بووی ؟



کوتی :

مریشکە قوڵەی خانکی یە
کەوتە دیزەی پانکی یە
نەیماوە ئێسقانکی یە

گەنمەکان لە تاوان سەروخوون بوون و رەگ و ریشەیان لە ئاسمانێ کرد . وەرزێر هات ودیتی گەنم سەراوبن بوون .

کوتی :
ئەوە بۆ واو لێهاتووە؟
کوتیان :

مریشکە قوڵەی خانکی یە
کەوتە دیزەی پانکی یە
نەیماوە ئێسقانکی یە

وەرزێر پێمەڕەکەی لە لاقی خۆی داو لاقی شکا . کچەکەی دیزەیەکی دۆکڵێو لە سەر سەری دانابوو بۆ بابی هێنابووە مەزرایە . دیتی بابی لاقی شکاوە .

کوتی :
ئەیەڕۆ بابە ئەوە بۆوات لێهاتووە؟
بابی کوتی :

مریشکە قوڵەی خانکی یە
کەوتە دیزەی پانکی یە
نەیماوە ئێسقانکی یە

کچ دیزە دۆکڵێوی لە سەررا بە گیانی خۆی داکرد .هاتەوە ماڵێ دایکی لەبەر نانی بوو . دیتی کچەکەی هەموو گیانی دۆکڵێوە .

کوتی :
هەک بابانت خرا نەبێ بۆوات لێهاتووە؟
کچ کوتی :

مریشکە قوڵەی خانکی یە
کەوتە دیزەی پانکی یە
نەیماوە ئێسقانکی یە

دایک لە تاوان مەمکی خۆی بە تەندوورەوەدا .



بەم جۆرە هەرکەس بەسەرهاتی مریشکە قوڵەی بیست بەڵایەکی بەسەر خۆی هێنا .ئەمیش هاتمەوە لەولارا . کاڵەم درا ،چم پێ نەبرا .

ڕێنوێنی

کاک فەرهاد

نامەکەت گەیشت سپاست دەکەین.وێڕای جواب، ئەوە گۆواری سروەمان بۆ بەرێ کردی بەم هیوایە تۆش لە گۆوار و ڕۆژنامەتازەکانی دەوروبەری خۆت بێ بەشمان نەکەی و هاوکارێکی وەفاداری سروە بی.

کاک شێرکۆعادڵ

مەتڵەبەکەت گەیشت ،هیوا ـ دارین لە داهاتوودا بتوانین کەلکی لێوەرگرین.

خوشکەنەشمیل

ئەم شیعرەی بۆت ناردووین زۆر بەناوبانگە و پێمان وایە کەم کوردهەیە کە نەی بیسبێ و یانەیخوێندبێتەوە تکایە شیعری تازەترمان بۆ بنێرە.

کاک تەها کەریمی

دەستەیەک دەڵێن سەید جەماڵەدینی ئەسەدئابادی خەڵکی ئەسەدئابادی هەمەدانە ودەستەیەک پێیان وایە خەڵکی ئەسەدئابادی ئەفغانستانە بەڵام بەبڕوای ئێمەش خەڵکی ئەسەدئابادی هەمەدانە.

٢ـ وڵامی پرسیاری دووهەمت لەژمارەکانی پێشووی سروە دایە.

کاک ئەحمەدی ڕەحمانی

ئاسەواری ماموستا هێمن ئەمانەن:

تاریک وروون ـ ناڵەی جودایی ـ هەواری خاڵی ـ پاشەرۆک ـ وەرگێڕانی قەڵای دمدم وشازادە وگەدا ،توحفەی موزەففەرییە.

کاک مستەفا سۆفی عەلی ڕەواندووزی

سپاسی هەستی گەرم وگوڕت دەکەین،هیوادارین پەیوەندیمان لەگەڵ نەپسێنی.

کاک عەلی بەهرامی

نووسراوەکانت لەبەر دەستی دەستەی نووسەرانە، ئەگەر پەسندکرا خوا یار بێ لە ژمارەکانی داهاتوودا چاپی دەکەین.

کاک عەلی سمایل زادە

دەتوانی نووسراوەکانت بۆ سروە بنێری.لەسەر چاومانی دادەنێین،چاویان پێدا دەخشێنین و ئەگەر کەم و کووڕیەکی بوو ڕێنوێنیت دەکەین.

شیعری ئەم ئازیزانەمان پێگەیشتووە .لە ژمارەکانی پێشووی "سروە"دا ڕامانگەیاندووە شیعرمان زۆر بۆ هاتووە لەبەر ئەمە پێمان نەکراوە جوابی هەموو شاعیرە لاوەکان بدەینەوە.وا لێرەدا ناوی هێندێکیان دەنووسین.

شیعری ئەم خۆشەویستانە یا لەباری وەزن وقافیەوە عەیبدارە ،یالەباری زمانەوە پتەونیە ،یالەباری مەزموونەوە لەسەر ڕێبازی فەرهەنگی و ئەدەبی سروە نیە.

ئەگەر نەمانتوانیوە جوابی یەک یەکی ئەم ئازیزانە بدەینەوە ،دەبێ لێمان خۆش بن ،بەڵام خودا یاربێ هەوڵ دەدەین ، لە ژمارەکانی تری "سروە"دا لە سەرشیعر وتاربڵاو بکەینەوە بەو هیوایە کە بتوانێ جوابی هێندێک پرسیاری ئێوەی شیعردۆست بداتەوە.

سەردەشت : عومەر بێورانی محەممەد شیوەن.

بانە : عەبدوڵڵەدانیش ـ جەلال ڕەحیمی ـ ئازار ـ سامالّ ئەدەبی.

ماسیەری بانە : باقی ڕەحمانی محەممەدی عەبدوڵڵایی. تەموغە.

سەبەتڵووی بانە : ک.ع

سەقز : ئەحمەد ئەحمەدیان عەبدوڕەحمان فەهیمی جەمیل کەریمی ـ وەیلان ـ مەحموود حاجی ڕەحیمی مەحموود خالیدی ـ سەید محیەدین سەید قادری ـ عەباس عەبدوڵڵا وەکیلی ـ ئازادە


ئەدەبی

فەرزانە ـ مستەفا حوسێن پوور
ناسر ئاغا برا ـ عەزیز
کەیخوسرەوی .
تورجانی سەقز : خالیدئەحمەدی ـ
لەگزی سەقز : مەلا مەحموود
ئیبنولخەیات .
مەهاباد : دیاکۆ عەبدولکەریم
پاسبارە ـ بەختیار مەحموودزادە
مەحموود قەهوەیی ـ ئارێز
سەید ئیسماعیل عەلی پوور
ساکار ـ غەفوور ئابدانە
مەحموود حاجی رەحیمی
رەزا وەفا دووست ـ فەرهاد
جەهان میهەن ـ تاهیرکەریمی
عەلی رێبوار .
بۆکان : سەلاحەدین عەبدوڵڵازادە
سەلاحەدین عەزیزی ـ غەمخۆر ـ
رەحیم کەریمزادە ـ یاسین
رەحمانی ـ فەرهادشەریف زادە
مامخەلیل ـ مستەفا ئیسماعیل
پوور ـ ئەبووبەکر مەجیدی
حەسەن تووسی ـ لوقمان ئەمیر
عومەر ئەیبامی ـ حوسێن
سەلیمیان ـ ئەحمەد مەولانی
ئەمیر مەجدی ـ عەبدولکەریم
عەزیزنەژاد ـ جەلال عەشایری
ئیسکی بەغدای بۆکان: رەشید
حەبیبی فەر .
کولتەپەی بۆکان: ع . م .
داشبەندی بۆکان: جەعفەر
مەعرووف ـ سەید کەماڵ
لەتیفی .
یەنگیجەی بۆکان: محەممەد
کەریمزادە .
سەمبەی بۆکان: لوقمان چیا .
سنە : موزەفەر رەوشەن
جەلیل پوورشاد ـ توفیق
ئیبراهیمی ـ سالک ـ موختار
شیخ حەسەنی ـ خالیدئەحمەدی
فەرزین ئەردەڵان .
دۆڵاوی سنە : حیشمەت عەلی جانی
مەریوان: موسلیح ئەحمەدی
محەممەد سالح مەریوانی .
کرماشان: عەلی خوسرەوی
وەلی فەتاحی ـ سەیدمەسعوود
هاشمی بەرزنجی .
نەغەدە : شێواو ـ کاکەلاوپشدەری
شنۆ: ر . حەسەنی ـ حوسێن
وەلادەتی ـ مارف ئاغایی
ئیبراهیم لەعلی سانی
محەممەد چووکەڵی .
شێخانی شنۆ : حاسڵ قادری .
بابخالاوێ شنۆ : مستەفا شێخە .
گوندەوێڵەی شنۆ : مستەفا گووری
قەرەسەقەلی شنۆ : محەممەد
حوسێن پوور .
پیرانشار (خانێ) : عەلی
ئیسماعیل زادە ـ رەحیم
باشیرپوور ـ ئەبووبەکر
برایم پوور ـ عوسمان ئیسماعیل
پوور ـ رەسوول قەڵاتەرەش
سیامەخدلەیلان ـ سەلاحەدین
حەسەنپوور ـ سەیدئیسماعیل
سەیدشوکری .
دێلزێی پیرانشار : عەلی
بەزرکار .
ورمێ : بێ ماف .
بەندی ورمێ : قاسم خەیاتی .
پاوە : گزنگ سلێمانی .
خانەگای پاوە : مستەفا رەحیمی
تەورێز : عومەر حیسامی
سەعید محەممەدزادە ـ محەممەد
شەمسەدینی .
میاندواو : رەشیدئەحمەدی
ناسر مەعرووفی .
تاران : تاهیر فەتاحی
رەحیم مەعرووفی .
کەرەج : سولەیمان محەممەد
مستەفا .
ئەندیمشک : عەزیز ئازاد .
جەڵدیان: عوسمان کانی رەش .
زێوەی مەرگەوەر : فەرهەنگ
عەزیز .
دزەی مەرگەوەر : حەسەن
مستەفا پوور .
برووجرد : خالید رەسوولی .
سمنان: کاوان بەرزنجی
ئەمین مەلاشەریف محەممەد .
ساین قەڵا: وریا .
عومەر سولەیمانی
ئەنوەر عەزیزمراد


هوشیار کەریمی ـ
عەبدوللا بایەزیدی ـ عەلی
پەناهی ـ حوسین گورژی
شارام زکری ـ **عەبدوڵڵاعەتووف**
ج.ا .جوتیار ـ رزگار ئەمین

پەندی پێشینیان

● سەد جاری بگرە جارێکی ببڕە
● بارا ن بباڕێ ئاشی دەگەڕێ
● باران نەبارێ جووتی دەگەڕێ
● وشتر لە خەیالێکی
وشترەوان لە خەیالێکی
● سووری دی سەمای لە بیر چۆوە
● هەموو شت بە خوێ خوێش بە مەعنا
● گورگ نازانێ ئێستر بە قیمەتە
● ئەگەر شەڕدەکەی باوانت ژیربێ
بەشی ئاش بوونەوەت لە بیر بێ
● لە هەورازی مەلێ کوتنێ
لەبەر بایە مەکێشە تووتنێ
مەچۆوە سەر مالە بابی ژنێ
● لە زۆر ژیاوان مەپرسە
لە زۆر گەڕاوان بپرسە
● قەرزی بدەی بە دۆستی
هەر دووک لە دەستت دەچێ
● ئاش هەر ئەوەندەی دێنێ
ئاشەوان بیقەپێنێ
● ئاورە سوورە لە خۆم دوورە
● در و سێحەب مال ڕێک کەون
گای بە کولانەیدا دەردەکەن
● مانگا مردو دۆ بڕا
● ئەگەر بەمالی بەمام و خالی
ئەگەر بێ مالی هەر بێتەمالی .
● خالان خوارزا مەزن کرد
مامان برازا بزر کرد .



کابرایەک ماشینی بەکرێ دەگرت .رووی لە شۆفیرێک کرد و گوتی :
- کاکەدەربەست بمبە بۆ شار چەندت دەمێ ؟
- دووسەد تمەن!
- جا ئەگەر وایە بەسەد تمەن بمبەودەرگایەکی بکەوە



راوچی یەک چووەراوێ بەلام ماوەیەک گەڕاو هیچی وەدەست نەکەوت .
لە رووی هەلنەدەهات بچێتەوە مال ،لە رێگایە مندالێکی دی کەروێشکێکی پێ بوو .کەروێشکەی کڕی وبە گوریس بەستی یەوەهەلێواسی سێرەی لێگرت قامکی بە پەلاپیتکەدا هێنا بەلام لە گوریسیدا و کەروێشک بەربۆوە و هەلات .

دیاری

مەتەل

هەشتی دەڕەقە
هەشتی دەزەقە
هەشتی هەنگاوە
زگ دڕەی ناوە
" گاوجووت "

بە نیوەی پڕە
بە پڕی نیوەیە
" مانگ "

بە مندالی چوار لاقی هەیە
بە گەورەیی دوو لاقی هەیە
بە پیری سێ لاقی هەیە
"ئینسان "

سندووقی حەزرەتی سولەیمان
تێدایە هەم پیرو هەم جوان
" قەبر"

زەردە زەرنیق نیە
کلۆرە باسکە قەننە نیە
" گولی نێرگس"

لە وشتری بلێندترە
لە شەکری شیرینترە
لە هەرزنی وردترە
" توو"

لە قەوزەی شینترە
لە قەندی شیرینترە
لە کارەبای زەردترە
" قەیسی"

. لێرەدا .سپاسی کاک ئەحمە بەحری - خوشکە ئەختەر شێخەل ئیسلامی - کاک ئازاد عیسا - کاک سەید ئیسماعیل سەیدشوکری و باقی دۆستان دەکەین کە بۆ رازاندنەوەی ئەم بەشە یارمەتی یان داوین خودا ئاگاداریان بێ .

شیعر

"صبای"شاعر لە بارەگای "فتحعلی خان" بوو .خان شیعرێکی بۆ خوێندەوە "صبا" گوتی :ئەسڵەن شیعرنییە . دەستووری دا سێ مانگ لە زیندانی کەن .

دوای ئازادبوون دیسان هاتەوەو"فتحعلی خان"شیعرێکی دیکەی بۆ خوێندەوە "صبا" هەستاوەدەرکەوت .گوتی:

ئەوە بۆ کوێ دەچی ؟

صبا گوتی :

– قوربان دەچمەوە زیندان




ژنێک دەچووە بازاڕ بە کوڕەکەی گوت :

– رۆڵە وریا دەست لە شەمچە نەدەی مەترسی هەیە.

وریا لە وڵامدا دەڵی :

– نا دایە گیان خاتر جەم بە ، خۆم فەندەکم هەیە



پیرێژنێک سواری ماشێنێک بوو کە پڕ بوو لە حەشیمەت جێگاهەموو گیرابوو تەنیا جێگایەک لە پێشەوە بەتاڵ بوو چوو لە سەری دانیشت . شۆفیری ماشینەکە گوتی :

– دایە گیان ئەوە جێی منە .پیرێژن گوتی :

– دایک بە قوربانت بێ من پیرم ناتوتنم راوەستم . خۆ شوکر تۆ لاوی.



زەنگ

کابرایەک چووە لایسیمکێش و گوتی :

– برالە ئاخر دوێنێ نەهاتم ، نەمگوت زەنگەکەمان خراپ بووە . وەرەبۆمان چاک کەوە .


– بەسەری‌تۆهاتم بەڵام سەعاتێکم لەزەنگ دا کەس دەرکەی نەکردەوە.

ماسی

شێتێک چەکوچێکی بەدەستەوە بوولەدم چۆم دانیشتبوو . سەعاتەکەشی لەئاوها ویشتبوو . یەکێک لێی پرسی ئەوە چدەکەی؟

– خەریکم ماسی دەگرم .

ماسی دێ بزانێ سەعات چەندە منیش بەو چەکوچەی لەتەپڵی سەری دەدەم .



رۆژوو

دەگێڕنەوە شێخێکی بەناوبانگ لە گوندێکی کوردستان ،زۆر پابەندی نوێژ ورۆژوو بوو ،تائەو جێگایەی کە ئەگەر بیزانیایە یەکێک لە موریدەکانی بەرۆژوو نیە سزای دەدا .

رۆژێک شێخ لەخانەقا دانیشتبوو ،دیتی مجێور زاری دەبزوێ ،زۆر نارەحەت بوو ، گوتی : "کوڕە ئەوە بۆ بەرۆژوو نی ؟"

مجێور بەبزرکاوی وسەرلێ شێواوی گوتی :

"قوربان ...چۆن ... چۆن شتی وا دەفەرمووی ؟"

شێخ گوتی :


"ئەدی ئەگەر بەرۆژووی ، دەمت بۆدەجووڵێتەوە ؟"

مجێور جوابی دایەوە :

"قوربان ،ئەوە دوودەنکم قەیسی وشک بۆ بەربانگ دەخووسناوە ."!


جەدوەل

تێبینی لەپڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆڤارە ڕەچاو نراوە جگە لەوەی نیشانەی (ˇ) دانەنراوە . واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی (شڕ، کوڵ، زۆر، شێر و..) ی تێدا بێ بە شکڵی (شر، کول، زور ، شیر و..) دەنووسرێ .



◀ ١ـ دوایین پارچە شیعری خودا لێخۆشبوو ماموٚستا هێمن ـ شیوودۆڵ ـ ٢ـ زات وئیرادە ـ عێل و عەشیرە ـ ٣ـ کۆچەری ـ ئی"سێوەخان" بەناو بانگترە ـ کۆ ـ ٤ـ بنۆس و عیللەت تووندو موحکەم ـ بۆڵ ٥ـ کوێستانێکی سەرسنوور ـ کز و بەلەنگازی شیمالـ ئاوالی تەگبیر ٦ـ جێگای مێشک ـ غەوارە ونامۆ ـ گولێکی بۆن خۆش ٧ ـ یۆسف بەکوردی ـ دووجار پیتێک ـ کۆڕی شادی ـ مات وبێدەنگ ٨ـ جەنگەڵ ـ نێوەندی ئوستانێکی ئێران ـ ٩ـ بوونە ئاو ـلاـ نێرەی تەوارە ١٠ـ ئاژەڵێکی شیر بە بێچووەکەی نەدا ـ دووکیلۆ ـ ١١ـ ژمارەیەکە ـ بەرگی مردوو ـ پێی دەنووسین ١٢ـ زرینگە .....تا نەگلێ نابێتێ ـ بژیوی ئاژەڵ ـ ١٣ـ بە داس دەکرێ ـ پێداویستی رێگا ١٤ـ تازە ـ توندنیە ـ دلۆپ ١٥ـ هین و هەرامە ـ زێدەی نووسەری شەرەفنامە ـ دوژمنی خودایە .

▼ ١ـ سەرداڕێکی موکرییە و مەرقەدەکەی لە مەهابادە ـ شارێک و سروەی هەورامان ـ ٢ـ لە سنە "هەیە" ـ هۆزی بێسەر ـ بەم چەشنە ٣ـ نووسەری "ژان.کریستف" ـ ریش ـ ٤ـ بلێسەی ئاگر ـ خۆشەویستی عەرەب ـ نەققاش ٥ـ دەرفەت ـ نیوەعەیب ـ خودا ـ بێئاو ٦ـ چێشتێکی کوردەوارییە ـ رستەی شانی ئەفسەر ـ ٧ـ قانوونی چەنگیز ـ مێژوونووسێکی یۆنانی کە باسی کوردیشی کردووە ٨ـ بەقەدروقیمەت ـ زوهرەی فارس ٩ـ ئەبەو بەیت بێژەی بەیتی بۆ ئوسکارمان گوتووە ١٠ـ لە گرێوی منەتدا بەزمانی عەرەبی. میوەی پایز ـ ١١ـ دەنگی شێر ـ دزی سەروبن ـ لەم فەسڵەدا پڕ دەبێ لە دەغڵ ١٢ـ زیارەتگایەک لە جنووبی کوردستان ١٣ـ لووس ـ شارێکی هەمەدان ـ ١٤ـ گژوگیای کوێستان ـ پێشگری فیعلی موزاریع ـ کاس ١٥ـ باوەڕ ـ گەلەدەسپ ـ تاک نیە ـ




لەنێو ئەوکەسانەدا کە پڕکراوەی دروستی ئەم جەدوەلەمان بۆبنێرن بەپێی قورعە یەک کەس بە بەرندە دەناسرێ .جایزەی بەرندەی جەدوەل بریتی یەلە ساڵێک ئابوونمانی گۆڤاری سروە .

پڕکراوەی جەدوەلی (٦)

سروەی نازپەروەرد

مامۆستا سەیید تاهیری هاشمی

سروەی نازپەروەرد،
سروەی نازەنین شۆخ نازپەروەرد
بەربادەهەندەی کۆگای داخ و دەرد
هام هەناسەی سۆنگ هەناسان سەرد
جای راز ونیاز خاتر پڕ خاران
مەحرەم نە حەڵقەی زوڵف نازاران
تۆی جامەی نازک ئازیزان ماوا
بۆی شەمامە و بەی وەدەماخ یاوا
شەوبۆت چون‌شەوبۆی یەخەی لەیل دڵکەش
چون شەوبۆی شاهۆ بۆی هەناسە وەش
سروە! سەد ئامان دەخیل یەڕاستەن
دوروا مەر جە من بێزاریت واستەن
نەی گەرمای هامن شەرای دۆزەخ بێز
هوورە و میشوولە ومیش جە سەردا ریز
فێنکی شنەت ناما جە سەردا
تا بەخشۆ نەشئەی عەشقم وەبەردا
مەگەر نەشنەفتی کزەی ناڵەکەم
یام چزەی زامان قەدیم ساڵەکەم
گرەی هەردەی دڵ قەرقۆ کەردەکەم
جەهەفت ئاسمان دوو ویەردەکەم
سروە گیان تۆ تاوانم چێشەن
وەیتەوەر رەنگت رۆزگار پێشەن
بێ‌مەیلی یاران کارێ کەردەن پێت
بەردەنی جەوێر قەدیم یار وێت
جەوا هێر سورمەی خاکپای بێگەرد
کام دڵبەر ماری پەی شیفای چەمدەرد
بۆی بەهەشت ئاسای نامەی عەبیرین
جەکۆ ماوەری پەی خەستەی دیرین
دڵبەر ئەو کەس بی دڵ جە (تاهیر) بەرد
دڵدا ریش دەیری و شێت و شەیدام کەرد
ئیحیا کەرد دیسان فەسڵ جوانیم
کەردەش وە خەدەنگ بالای کەمانیم



ماتی و خامۆشی جە من گورێزا
عەشق و شۆروشەوق جە دەروون خێزا
مەست لایەشعەر وێڵ سەر بەرزان
ناڵەم لق وپۆی پیرەدار لەرزان
هەرچەند گۆش مەدام ئەو رێزەی رازش
دڵ خاستر مەبی ئەسیر نازش
دریغا دەوڵەت دیدار نامیش
بەهەشت مەحزەر بەرز گرامیش
جە شوومی بەختم پایدار نەبی
دل تێر جەو نیعمەت بەرخوردار نەبی

